# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

پۆلا سەعید

هێرمەنۆیتیک

ڕۆمانی مردووشۆر لە شیکردنەوە و تێگەیشتندا

10.02.2021

هەتا

18.02.2021

پێشکەش بە ڕاستیی، چونکە دواجار هەموو دەزانین، کە نەزانین زیان زیاتر دەخاتەوە وەک لە ڕاستیی.




## پێشەکیی:

"هەندێک چەمکی ئەورووپیی لەم شیکارییەدا بەکارهاتووە، لێ هیچ ئامانجێکم تێیدا نییە، تەنها ئەوە نەبێت، کە من لە هەمانکاتدا قسە بۆ نووسەری ڕۆمانی مردووشۆریش دەکەم، ئەگەر لە هەندێک شوێنەدا واتای چەمکەکەم ڕوون نەکردبێتەوە، ئەوا داوای لێبووردن لە خوێنەری ئازیز دەکەم"

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

سەرەتا دەستخۆشییەکی گەورە لە سارا عومەر دەکەم بۆ نووسیینی ئەم ڕۆمانە. دیارە من بەڕێزیان ناناسم و لە ژیانمدا یەک دێڕی بەڕێزیانم نەخوێندۆتەوە. ئەمە یەکەمجارمە تێکستێکی ئەم خاتوونە بخوێنمەوە. جێگای خۆشحاڵییە، کە تێکستەکە بە زمانێکی باڵا نووسراوە، ئەم زمانە باڵایە، دەمانجوڵێنێت بۆ بیرکردنەوە لە سەرچاوەی زمانەکە.

نزیکەی لە دوانزدە ساڵی ڕابردوودا هیچ ڕۆمانێکم نەخوێندۆتەوە، هیچ تێکستێکی ئەدەبیم نەخوێندۆتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی، کە خۆم لە دوو هەزار و هەژدەوە هەتا ئێستا سێ ڕۆمانم نووسیوە. لە دە ساڵی ڕابردوودا سەرقاڵی خوێندنەوەی کتێبی زانستیی بووم زیاتر. هۆکارەکانیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە نزیکەی چوار ساڵییان خەریکی خوێندن بووم، خوێندنەکەم هۆکار بوو بۆ زیاتر نزیکبوونەوەم لە تێکستی زانستیی وەک لە ئەدەبیی. پاشان لە میانەی خوێندنەکەمدا ئینتەرێسە و ویستێکی گەورەم بۆ تێکستی زانستیی بەدەستهێنا. لە سەرەتای مانگی شووباتدا، هەستم بە ماندووبوونێک دەکرد، بڕیارمدا کە ماندووبوونم بە تێکستێکی ئەدەبیی بحەوێنمەوە، کاتێک چوومە هۆدەی کتێبەکان، لە کتێبخانەکەدا، لە ڕیزی کتێبە دانمارکییەکاندا، ڕۆمانی مردووشۆرم بینیی. دەستم بۆ برد و دەرمهێنا، هەستێک تێمدا دروست بوو بۆ خوێندنەوەی. ڕۆمانەکە لە سەرەتای بڵاوبوونەوەیدا، لومە کڕیی بووی. دیارە، کە ڕۆمانەکەی هێنایەوە، گووتی ئەم نووسەرە کوردە و ڕۆمانەکەیم کڕیی وەک پشتگیرییکردنێک لێی. گووتم، باسی چیدەکات، گووتی، نازانم هێشتا نەمخوێندۆتەوە. پاش ماوەیەک ڕاوەستا لە خوێندنەوەی، گووتی ماندووبووم لێی. ئیدی قسەمان لەسەری نەکرد، کە بۆچی ماندوو بووە لێی. دیارە من و لومە دوو ئینتەرێسەی جیاوازمان هەیە، نزیکەی لە هەموو شتدا نەک بە تەنها لە خوێندنەوەدا. لە چەند ساڵی ڕابردوودا ئەو ئینتەرێسەی زیاتر بۆ کتێبی دەنگ جوڵا، منیش چەند جارێک تاقیمکردەوە، لێ دواجار دەستبەرداری بووم، چونکە نەمدەتوانی مامەڵەی لەگەڵدا بکەم، چونکە من پێویستم بە لاپەڕەیە بە دەستمەوە بێت و ڕەنگی بکەم و تێبینیی لەسەر بنووسم.

وتەیەکی ئەڵمانیی هەیە، دەڵێت، هیچ شتێک ڕێککەوت نییە و هەموو شتێک هۆکاری خۆی هەیە بۆ ڕوودان. ئەم هەڵبژاردنی ڕۆمانی مردووشۆرەش بۆ من ڕێککەوت نییە، من دەبوایە دەست بۆ ئەم ڕۆمانە درێژ بکەم، چونکە چارەنووس وەها بوو، کە لەسەری بنووسم. هۆکاری نووسیینیش لەسەری ئەوەیە، کە ئەم کتێبە بە خوێنەری کورد بناسێنم، چونکە ڕۆمانەکە بە کوردیی بوونی نییە. کاتێکیش بەدواداچوونم بۆ دیدارە ڕۆژنامەوانییەکانی نووسەری ڕۆمانەکە کرد، بینیم، کە لە میدیای دانمارکییدا جۆرێک دەدوێت و ڕۆمانەکە دەناسێنێت و لە میدیای کوردییشدا جۆرێکی تر دەدوێت و ڕۆمانەکە دەناسێنێت. جیاوازییش لەنێوانی میدیای دانمارکیی و کوردییدا ئەوەیە، کە هەموو ئەو بێژەرانەی، کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ نووسەری ڕۆمانەکەدا کردووە، ڕۆمانەکەیان خوێندۆتەوە، لێ هیچ بێژەرێکی کورد ڕۆمانەکەی نەخوێندۆتەوە، ناهەقیشیان ناگرم، چونکە ڕۆمانەکە بە کوردیی بوونی نییە و ئەوانیش کەسیان زمانی دانمارکیی نازانن.

سەیر لێرەدا ئەوەیە، کە چەندەها هاووڵاتیی تری کورد، بەبێئەوەی ڕۆمانەکەیان خوێندبێتەوە، دەستخۆشییان لە نووسەری ڕۆمانەکە کردووە. من خۆم گوومانێکی گەورەم هەیە، کە هاووڵاتیی کورد ئەم ڕۆمانەی خوێندبێتەوە، بە هاووڵاتییانی کوردی دانمارکیشەوە. هەر بۆیە من لێرەدا دەمەوێت ئەم ڕۆمانە بە خوێنەری کورد بناسێنم. لەم ڕۆمانەدا تەنها قسە لەسەر ناوەڕۆک دەکەم و خۆم لە بابەتی پاڵنەرە دەروونییەکان بەدوور دەگرم، چونکە دەکرێت ئەو باسە هەڵبگیرێت بۆ کتێبێکی تر و بۆ کاتێکی تر.

سەرەتا من بڕیار بوو تەنها وتارێک لەسەر ئەم ڕۆمانە بنووسم، پاشان بیرمکردەوە لەوەی، کە ئەم ڕۆمانە هی ئەوە نییە بە وتارێک وەڵامی بدەیتەوە. پاشان بیرمکردەوە بابەتێکی درێژی لە گۆڤارێکدا لەسەر بنووسم. دۆستێکم پێشنیاری گۆڤاری ڕامانی بۆ کردم، منیش بەڵێنمدا، کە لە چەند ڕۆژی ئایندەدا بابەتەکەیان بۆ بنێرم. دواجار سەبوورییم بەمەش نەهات و بڕیارمدا لە قەوارەی کتێبێکی بچکۆلانەدا شیکارییەکی ئەم ڕۆمانە بکەم. پەیوەندییم بە دەزگای موکریانەوە کرد و ڕێککەوتین لەسەر ئەوەی، کە لە دە ڕۆژی ئایندەدا کتێبەکەیان بۆ بنێرم. کتێبەکەم لە شەش ڕۆژدا نووسیی.

ماوەتەوە بڵێم، کە هەرگیز بابەت ئەوە نییە، کە مرۆڤ باشتر بێت لە خەڵکیی، بەڵکوو بابەت ئەوەیە، کە باشتربین لەوەی، کە پێشتر بووین، چونکە ناکرێت ئێمە هەتا مەرگ نەگۆڕدرێین.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

## "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

## چوونە ناو باسەکەوە:

### (تۆ پێویست بوو بەو هەموو قۆناغانەدا تێپەڕیت، هەتاوەکوو بگۆڕێیت و ببیت بە شتێکی تر، ببیت بەوەی، کە ئێستا هەیت)

ئانێتە ئێنگڵ (Annette Engell) ژنێکی دانمارکییە، ژنی (هانس ئێنگڵ)ی وەزیری بەرگریی دانمارک بووە، کە لە ساڵەکانی 1982-1987 وەزیری بەرگریی بووە. ئانێتە ژیاننامەی خۆی لەگەڵ ئەم پیاوەدا، لە ساڵی 2018دا لە کتێبێکدا بە ناوی (ناپاکیی، هیوا و خۆشەویستیی) دەنووسێتەوە. ئەگەر ئەم ژنە کورد بوایە و پیاوەکەشی کورد، ئەوا وەک پەڵەیەکی ڕەشی ناشیرین بە نێوچەوانی کوردەوە بە جیهان دەناسێنرا. لێ ئانێتە نەهاتووە کۆمەڵگای دانمارکیی لە مەنجەڵێکدا لەگەڵ پیاوەکەیدا بکوولێنێت. یەك وشەی ناشیرینیشی بە مێردەکەی نەگووتووە لە کتێبەکەیدا، بەڵکوو تەنها ژیانی نووسیوەتەوە. هەڵسوکەوتی پیاوەکەشی نەبەستۆتەوە بە ئایینی کریستەوە. لەگەڵ ئەوەشدا نە سیاسییەکانی دانمارک و نە میدیای دانمارکیی بەهیچ شێوەیەک گرنگییان بەم بەرهەمە نەداوە، دەشتوانم بڵێم، کە خەڵکێکی کەم ئەم کتێبە دەناسن.

زمانی نووسینی ڕۆمانی مردووشۆر، زمانێکی باڵای دانمارکییە. زمانێکە، کە لە قووتابخانەدا پێوانی (12A) پێدەدرێت. دارشتنێکی نایابی ئەدەبیی، پیاداهەڵدان، پێناسکردن. هەتا دڵ حەز بکات خۆشخوێن. ئەمەش هانمان دەدات، کە بیر لە سەرچاوەی زمانەکە بکەینەوە. بەشێکی گەورەی بیرکردنەوەکان، بیرکردنەوەیەکی دانمارکیین نەک کوردیی، ئەمە وێڕای ئەوەی نووسەر لە دیدارە دانمارکییەکاندا دەڵێ، کە ئەو بە دانمارکیی نووسیوویەتی و لێ بە کوردیی بیری کردۆتەوە. نووسەر خاوەنی دوو جۆری جیاوازیی دیدارە، لە دیدارە دانمارکیی و سوێدییەکانییدا، باس لە ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە دەکات و لە دیدارە کوردییەکاندا، باس لە ناساندنی ئازارەکانی کورد بە دەست دوژمنانی کوردەوە دەکات، کە نووسەر کوردستانی بە جیهان ناساندووە، کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالی بە جیهان ناساندووە. لێ هەرگیز باسێکی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکەی بۆ کەناڵێکی کوردیی بەوشێوەیە نەکردووە، کە بۆ دانمارکییەکانی دەکات. نووسەر بەئاگایە لەوەی، کە کەس ڕۆمانەکەی نەخوێندۆتەوە، هەربۆیە نەترسە لەوەی، کە چی دەڵێت. خۆیشی ئامادە نییە زانیاریی ڕاست بە میدیای کوردیی بدات. من خودی خۆم گوومانێکی گەورەم هەیە، کە کوردانی دانمارکیش ئەم ڕۆمانەیان خوێندبێتەوە.

**ترس لە نەخوێندنەوە و پەراوێزخستن، ترس لە بوون بە سێبەر، هەستی خۆبەکەمزانین و بیرکردنەوە لە خۆکووشتن، دەتوانێت بمانکات بە هەموو شت، بمانکات بە دڕندە، بە ماشینی هەڵسوڕاندنی ڕق. لێ ئەوەی بە ئاگامان دەکات لە ڕووداوەکانی دەوری خۆمان و ناو خۆیشمان، بریتییە لە ئارامییەکی قوڵ و گەڕانەوە بۆ خود، چونکە تەنها لە خوددا دەتوانین خۆمان بین نەک ئیگۆکانمان.**

نووسەر لە چاوپێکەوتنێکی کەناڵی تیلیڤیزیۆنیی ڕادیۆی دانمارک دوودا (DR2) لە وەڵامی پرسیارێکدا، کە چ کتێبێک پاڵنەری بووە بۆ نووسینی ڕۆمانی مردووشۆر، دەڵێ: شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیی. سارا کتێبێکی شەرەفنامە لەسەر مێزەکە دادەنێت و بە میوانەکان دەڵێ، کە دەتوانم ئەم کتێبە پێشنیار بکەم بۆ خوێندنەوە، کە کتێبێکی باشە. سارا زیرەکانە ئەم کارە دەکات. یەکەم، شەرەفنامە بە دانمارکیی دەستناکەوێت، دووهەم، تایتڵی کتێبەکە بە وشەی شەرەف دەستپێدەکات، کە دانمارکییەکان لە ڕێگای ئیسلامەوە دەیناسن، کە پیاوان لەسەر شەرەف ژن و کچەکانیان دەکووژن. هەربۆیە لەو چاوپێکەوتنەشدا چ میوانەکانی بەرنامە و

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

چ بینەرانیش وێنەیەکی ناشیرینی ناوەڕۆکی کتێبی شەرەفنامە دەکێشن و پێیانوایە، کە پڕە لە تاوان دژ بە ژنان، لەکاتێکدا شەرەفنامە مێژووی کورد و کوردستان دەگێڕێتەوە و جوگرافیایەکی سیاسیی کوردستانی کێشاوە.

هەر خێزانە و کولتوورێکی تایبەتی خۆی هەیە، هەر ئەندامێکی خێزانێک کە جیادەبێتەوە و دەچێتە ماڵی خۆی، خاوەنی کولتوورێکی تری خۆیەتی. هەر تاکێک خاوەنی کولتوورێکی تایبەتی خۆیەتی. هەر گەڕەکە و هەر شار و گووندێک خاوەنی کولتوورێکی خۆیەتی. تەنانەت لە ڕووی ئایین و باوەڕیشەوە فرە باوەڕ و کولتوور هەیە. دەگووترێت کۆمەڵگەی کوردیی، کۆمەڵگەیەکی ئیسلامە، لێ ئەمە خۆی لە خۆیدا غەدرە، چونکە هەموو کورد ئیسلام نییە، بەڵکوو بەشێک کریستە، بەشێک زەردەشتییە، بەشێک جولەکەیە، بەشێک ئێزیدییە، بەشێک ئاتەئیستە. من خودی خۆم تاکێکی کوردی ئاتەئیستم، لێ هەمانکاتیش کەسێکی سپیریتوێلم. لە ماڵی ئێمەدا ئایین بوونی نییە (ماڵی خۆم).

نووسەر هەر لە هەمان چاوپێکەوتنی DR2دا دەڵێ، کە ئەو وەکوو کورد بیریکردۆتەوە و بە زمانی دانمارکیی ڕۆمانەکەی نووسیوە. لێ بیرکردنەوە کوردییەکەی نووسەر تەنها لە ئەعوزوبیللا و ئینشاڵڵا و بیسم الله دا دەبینرێت، دەنا داڕشتن و پیادا هەڵهادانەکانی هەڵقوڵاوی بیرکردنەوەیەکی دانمارکییە. بۆ نموونە لە کاپیتڵی بیست و حەوتدا ئاسکۆڵی دایکی کانیی بە گەوهەری دایکی ڕووبار دەڵێ، کە خەڵکیی پێیانگووتووە، ڕەحمی کانیی دەربهێنێت، بۆ ئەوەی لە ئایندەدا منداڵی هاندیکاپ (خاوەن پێداویستی تایبەت) نەخاتەوە. ئەمە ناهەقییەکی گەورەیە بەرانبەر بە کولتووری کوردیی دەکرێت، چونکە هیچ کەسێک لە کۆمەڵگەی کوردییدا بیر لەوە ناکاتەوە، کە ڕەحمی منداڵێکی پێنج ساڵانە دەربهێنرێت. من دڵنیام ئەم بیرکردنەوەیە دانمارکییە، چونکە لە کولتووری دانمارکییدا ڕەحمی ئەو کچانە دەردەهێنرێت کە نەخۆشیی دەروونییان هەیە، کە هاندیکاپن بۆ ئەوەی منداڵ نەخەنەوە. ئەمەش لەبەرئەوەی، کە ئەرکی زیاتر نەکەوێتە سەر دایک و باوکان. هەتا ڕێگا لە خستنەوەی نەوەی زیاتری نەخۆش و هاندیکاپ بگیرێت. لێ هەتا ئێستا کەسێک لە کورددا بیری لەم کارە نەکردۆتەوە.

**"کێشەکە، کێشەی ئایینە نەک کورد، لێ وەک گۆزەیەک لەسەری کورددا شکێنراوە. ئەگەر ئەم ئایینە لە کورد بکەینەوە، بەشێکی گەورەگەورەی کێشەکانمان نامێنن"**

من نووسەرم، هاووڵاتییانی خۆم خۆشدەوێت، لێ نیشتیمانم لە هەموویان زیاتر خۆشدەوێت. هەر سیاسییەک، سەرۆکێک لە خزمەتی نیشتیماندا بێت خۆشمدەوێت، لێ نیشتیمانم لە سیاسییەکان زیاتر خۆشدەوێت. هەر نووسەرێک، بیرمەندێک لە خزمەتی نیشتیماندا بێت خۆشمدەوێت، لێ نیشتیمانم لە نووسەر و بیرمەندەکان زیاتر خۆشدەوێت. هەربۆیە نیشتیمان بۆ من لەسەرو هەموو شتێکەوەیە. برینەکانتم پیشانبدە، هەتا لە ڕێگایەوە بزانم، کە لە کوێدا خۆشمبوێیت، هەتا لەم ڕێگایەشەوە تۆش برینەکانی نیشتیمان ببینیت، هەتا تۆش بزانیت لە کوێدا نیشتیمانت خۆشبوێت. تووەکانی ڕابوورد هەمیشە دەبێت میوەی ئایندە بخەنەوە، بەختەوەریی ئایندە بگرن، لێبوردەیی و کرانەوە و تێگەیشتن بگرن، نەک ڕق و کینە.

ئامانج لەم ڕۆمانەدا دەرخستنی دیاردەیەکی ئایینیی بنەماڵەیەک و خێزانێک نییە، بەڵکوو بە نەتەوەییکردنی دیاردەکەیە. چەندەها نووسەری بوێری کورد دژ بە توندوتیژیی ئایینی ئیسلام نووسیوویانە و پشتگیریی مافەکانی ژنانیان کردووە، پێش ئەوەی هیچ فێمێنیستێکی کورد بوونی هەبووبێت. دیارترینیان عەبدولخالق مەعروفە، کە هەر بە فیتی ئیسلامییەکان تیرۆر کرا. عەبدولخالق کورد و نیشتیمانی خۆی خۆشدەویست، هەربۆیە ڕێگای لە ناشیرینکردنی دەگرت. لێ نووسەری مردووشۆر، کورد و ئیسلام هەردووکیان لەیەک مەنجەڵدا دەکوڵێنێت، چونکە پێیوایە، کە کورد و ئیسلام دوو دیووی یەک دراون. مەریوان هەڵەبجەیی هەمانشێوە زیاتر لە فێمێنیستە کوردەکان بەرگریی لە مافی ژنان کردووە و ڕەخنەی توندی لە ئایینی ئیسلام گرتووە. مەلا بەختیار هەمانشێوە. هیچ کام لەمانە ئامادە نەبوون یەکجار بە چاوی کەم تەماشای کورد و نیشتیمانەکەیان بکەن. لێ هەموو کات ڕەخنەیان لە دیاردە ئایینییەکان گرتووە. بابەت لێرەدا ئەوە نییە، کە کێ ڕاستدەکات و کێ هەڵەیە، بەڵکوو تێگەیشتنە. تێگەیشتنە لە یەکتریی. هەر یەکە و خاوەنی پێرسپێکتیڤێکی ئیندیڤیدووێلی خۆیەتی.

هێرمەنۆیتیک (Hermeneutik) لە خوێندنەوەدا پێ لەسەر تێگەیشتن و شیکردنەوە و نووسیین دادەگرێت. فریدریش شلایەرماخەر (Friedrich Schleiermacher)، فیلۆسۆف و تیۆلۆگیکەری ئەڵمان لە کتێبی هێرمەنۆیتیک و ڕەخنەدا دەڵێ، ئێمە پێویستە لە نووسەر باشتر تێبگەین، وەک لەوەی، کە خۆی لە خۆی تێدەگات. چونکە زۆر شت لەودا نائاگا دەمێنێتەوە، کە

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

پێویستە بۆ ئێمە ببێتە ئاگایی. ئاگایی لە تێکستی ڕۆمانی مردووشۆردا وەک ئاوتۆبانێکی گەورە وەهایە، کە چەندەها بیرکردنەوەی پێدا دێت و دەچێت، هاوشێوەی ئاوتۆمۆبیلەکان. هەندێک خێرا و تووندڕەو لێدەخوڕن، هەندێک تاریکن، هەندێکیش لێدان دەکەن، کە دواجار جەنجاڵییەکی گەورە دەنێنەوە، بەهۆی گرتنی ڕێگاوە.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچی هەندێک نووسەر تووشی خستنەوەی ئەم جەنجاڵییە دەبن؟ وەڵام، خۆدانە دەست بیرکردنەوە و لۆگیک دەبێتە هۆی سەرکووتکردنی خود، کە دواجار ماسکەیەکمان پێدەدات، کە تەنها و تەنها قسە لەسەر ئێگۆکانمان دەکات و هیچ پەیوەندیی بە خودی خۆمانەوە نییە. ڕق و کینە یەکێکە لە ماسکەکانی ئیگۆ، کە چڵ و دوو ماسولکەی دەمووچاومان سڕ دەکات و میمیکێکمان پێدەدات هاوشێوەی بەرد. ڕووخسارێکمان پێدەدات هاوشێوەی بەرد. زمانی جەستەی نووسەر وەها لەناو کەڕاکتەرەکانی تێکستەکەیدا، وەها لەناو گفتووگۆی تێکستەکەیدا.

هێرمەنۆیتیک بە تەنها کارێکی فەلسەفیی نییە، کە کار لە شیکردنەوەی تێکست و تێگەیشتنیدا بکات، بەڵکوو نۆیرۆلۆگییشە. چونکە هەموو بیرکدنەوەیەک خاوەنی ستراکتوورێکی تایبەتی خۆیەتی. هەموو تاکێکیش خاوەنی ئاگاییەکی ئیندیڤیدووێلە، لەم ئاگاییەدا تاک خاوەنی ئیگۆیە، کە وەها دەکات، تاک پێیوابێت، کە ئەوە، ئەوە. تاکیش بە گشتیی لە جیهاندا، لەژێر کاریگەرێتیی تێزێکدایە، کە قسە لەسەر بوون دەکات. ئەم تێزە بەرهەمی دێکارتە، کە دەڵێ، من بیردەکەمەوە، کەواتە منم. دەشێت ئێمەی کورد ئەم تێزە بەشێوەیەکی تر بناسین، کە دەڵێت، من بیردەکەمەوە، کە واتە هەم. ئەمە وەرگێڕانێکی هەڵەیە، چونکە بابەت لێرەدا بوون نییە، بەڵکوو "من"ە. لێ هیچ کەس بیرکردنەوەکەی نییە، بەڵکوو بیرکردنەوە میکانیزمێکە، کە دێت و دەڕوات، لێ خود جێگیرە. واتا ئێمە خودین نەک بیرکردنەوە. خود بەرهەمهێنەری ئێمەیە، نەک بیرکردنەوە. ئەگەر تەماشای بۆ نموونە ئاوتۆبانێک بکەیت، ئەوا دەبینیت، ئەم هەموو ئاوتۆمۆبیلەی پێدا لێدەخوڕدرێت، بچوک و گەورە، بە دوو ڕەوتی جیاوازدا بە باکوور و بە باشووردا، بە خۆرئاوا و بە خۆرهەڵاتدا. هەندێک خاو و هەندێک خێرا، هەندێک ڕەش و هەندێک سپیی، هەندێک قاوەیی و هەندێک زیلبەر. مێشکی ئێمەش نۆیرۆبانەکانی ئاوهایە، خاوەنی ئەم هەموو بیرکردنەوەیەین، لێ ئێمە بیرکردنەوەکانمان نین. ئەوەی پێیوایە، کە ئەو مرۆڤێکی ڕاسیۆناڵە و بیردەکاتەوە، بەبێئەوەی بۆ چەند خولەکێک چییە دەستبەرداری بیرکردنەوە بێت، ئەوا ئەو هیچ نییە، بێجگە لە دیلی بیرکردنەوەکانی، بێجگە لە زۆردارێک، کە خودی خۆی دیل کردووە و دەیچەوسێنێتەوە، کە بۆ چرکەساتێکیش چییە بۆ نەبێت دەربکەوێت. نموونەیەکی دی، بریتییە لەوەی، کە لەم سەردەمەدا، بەشێکی هەرە زۆری خەڵکیی، ناتوانن بۆ چەند خولەکێک چییە لەگەڵ خۆیاندا بن. واتا ناتوانن بەبێ سمارتفۆنەکانیان، بەبێ سەرقاڵبوون بە سۆسیال میدیاوە، بەبێ دەستبەرداربوون لە بیرکردنەوە ...هتد.

بیهێنە بەرچاوی خۆت، بە بەردەوامیی باران، هەور و بروسکە، بەفر و بۆران ...هتد. لێ هەموو ئەمانە قسە لەسەر خودێک ناکەن، بەڵکوو دەتوانرێت وەک ئیگۆ تەماشابکرێن، چونکە خودی ڕاستەقینە ئاسمانە. بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە دەریایەک، ئۆسیانێک بەردەوام خاوەنی شەپۆلی گەورە و تسونامییە، لێ هەموو ئەمانە قسە لەسەر خود ناکەن، بەڵکوو خودی ڕاستەقینە دەریاکە خۆیەتی. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە کەی نووسەر درک بە خودبوونی خۆی دەکات؟ وەڵام، ئەو کاتەی، کە دەستبەرداری ئیگۆی دەبێت. نیچە لەمبارەیەوە دەڵێ، بۆ هەرکوێیەک دەچم، سەگێک بەدوامەیەوە، ناوی ئیگۆیە. ئەم سەگە دەبێت ڕابگیرێت، چونکە ناکرێت هەموو کات بەدوای خۆمانی بخەین.

لە نۆیرۆلۆگییدا تالاموس، کە دەکەوێتە لیمبیشە سیستێمی مێشکەوە، بە دەرگای ئاگایی دەناسێنرێت. لێ داتاکانی ئێمە لە میلی چرکەدا بە چەند فلتەرێکدا تێدەپەڕێت هەتا دەگاتە تالاموس، ئەویش بۆ نموونە ئامیگدالایە. ئامیگدالا هەڵسەنگاندن لەسەر داتاکان دەکات، کە لە هیپۆکامپوسەوە پێیدەگات. بۆ نموونە سەگێکی گەورە دەبینین، هیپۆکامپوس ڕیالیزەی بوونی ئەم سەگە دەکات. زانیارییەکان دەگاتە ئامیگدالا، ئامیگدالا سیگناڵی مەترسیی دەنێرێت بۆ تالاموس. لێرەدا مەترسیی سەگێکی گەورە دەبێتە ئاگایی. ئەم ئاگاییە لە فرۆنتاڵ لاپندا کاری تێدا دەکرێت، بە هاوکاری سەنتەری زانیاریی و بیرکردنەوە لە پاریتاڵ لاپندا، سیگناڵ دەنێردرێت بۆ توێکڵەکانی مۆتۆریک و لەوێشەوە بۆ توێکڵەکانی زێنزۆریک. ئیدی بەپێی ئەو زانیارییانەی، کە کۆکراونەتەوە لە ماوەی کەمتر لە چرکەیەدا، تاک یان ئەوەتا ڕادەکات یان ئەوەتا دەمێنێتەوە و هەوڵدەدات سەگە گەورەکە ئارامبکاتەوە و ترس پیشان نەدات. خۆر ئا لێرەدا هەڵدێت، تاک وەک بەیانییەکی جوانی هاوێین پڕ ساماڵە. لەم ڕووناکییەوە دەڕوانێتە دەرەوەی خۆی. ئەمەش پێماندەڵێت، کە خۆر پێویستە سەرەتا لە خۆتدا هەڵبێت. لەم ڕێگایەوە ڕاستیی دەدۆزینەوە. لەسەر ئەم ڕێگایە لابچین، ڕق بەرهەمدێنین. ڕۆژانەمان پڕ هەورەبروسکە و بارانە، پڕی هەوری تەڵخە، پڕی ڕەشەبا و زریانە. دواجار دەڵێین، من بیردەکەمەوە، کەواتە منم.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کاپیتڵ 1:

ئەم کاپیتڵە وەک سەرەتای ڕۆمانەکە لە نەخۆشخانەی سکایبی، لە شاری ئارهوس لە دانمارک، دەستپێدەکات. (تێبینیی: وشەی (Skejby)، لە دەربڕییندا بەشێوەیەکی تر دەگووترێت، لێ من لە وەرگێڕانیدا بۆ زمانی کوردیی، ناتوانم ئەو دەربڕینەی پێبدەم، چونکە بە نووسینەکە هەڵە دەردەچێت و لە کاتی خوێندنەوەدا دەبێتە خاوەنی دەنگێکی تر. هەربۆیە سکایبیم هەڵبژارد).

ئەم ڕووداوە توندوتیژە، وەبیرهاتنەوەیەکی پاڵەوانی ڕۆمانەکەیە، کە نەخۆشە و لەسەر قەرەوێلەکەی ڕاکشاوە. نەخۆشیی پاڵەوانی ڕۆمانەکە، نەخۆشییەکی نەزانراوە، تەنانەت هەتا کۆتایی ڕۆمانەکەش نازانرێت، کە ئەم کەسە بۆ نەخۆشە، ئەم هەموو نەشتەرگەرییە چییە بۆی دەکرێت. ڕۆژێک دکتۆرێک نەهات قسەی لەگەڵ بکات، پێناسی نەخۆشییەکەی بکات، زانیاریی بدات، کە بۆچی ئەم هەموو نەشتەرگەرییە دەکرێت. بێجگە لە حەبی ئازار، هیچ پرێپەراتێکی تر، هیچ مێدیسینێکی تر بە نەخۆش نادرێت. ئەمەش لەبەرئەوەی نووسەر نەیتوانیوە قسە لەسەر نەخۆشییەک بکات. لەکاتێکدا نووسەر لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ، کە ڕۆمانی مردووشۆر، ڕۆمانێکی خۆ بیۆگرافییە. لێ کاتێک مرۆڤ نەخۆشییەکی دەبێت، پێویستە بزانێت، کە نەخۆشییەکەی چییە. سیمپتۆمەکانی چییە، کاتێک چارەسەری بۆ دەکرێت، دەبێت بزانێت، چ جۆرە چارەسەرێکی بۆ دەکرێت، چ جۆرە مێدیسینێکی بۆ بەکاردەهێنرێت ....هتد.

لێرەدا پاڵەوانی ڕۆمانەکە ناوی فرمێسکە بیری ڕووداوێکی توندوتیژیی دەکەوێتەوە، کە خۆی بینیوویەتی لە شاری سلێمانیی.

سەرەتا ڕۆمانەکە بە توندوتیژییەکی بێ وێنە دەستپێدەکات، کە مەگەر تەنها داعش کارێکی وەهای کردبێت. ڕۆمانەکە بە کاپیتڵی یەکەم لە ئاوگوستی ساڵی 2016 دا لە وڵاتی دانمارک دەستپێدەکات. دەستپێکردنەکە وەبیرهاتنەوەی فرمێسکە، کە لە نەخۆشخانە، لە ڕاکشانیدا لەسەر تەختەخەوی نەخۆش، بیری دێتەوە و نائارامی دەکات. دەستپێکردنەکە، دەستپێکردنێکی توندوتیژی خێزانییە. خێزانەکە کوردن. خەندە بە کراسێکی خوێناوییەوە ڕادەکاتە دەرەوەی ماڵ و باوکیشی بە جنێوپێدان بەدوایدا دێتەدەر. کێشەکە کێشەی ئابڕووە، کە باوکی پێ بریندداربووە. کەسێک لەدواوە دەڵێت، کە ئەو ویستوویەتی پاسکیل لێبخوڕێت و ئیدی هەر لە خۆیەوە خوێنی لەبەر ڕۆیشتووە. ئەو کەسەش دایکی کچەکەیە. (تێبینیی: دەشێت نەوەی ئەم سەردەمە، مەبەستم کچانە، کە پاسکیل لێبخوڕن، لێ لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی بیستدا بوونی نەبووە. مەگەر کچانی گەڕەکی عەقاریی، ئێواران پاسکیلی براکانیان

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

وەرگرتبێت و سوڕێک لێیانخوڕی بێت). نووسەر دەیەوێت بە خوێنەری دانمارکیی بڵێ، کە کچێک تەنها لەبەرئەوەی پەردەی کچێنیی بە لێخوڕینی پاسکیل بەربووە، ئیدی بۆ باوکێکی کورد نرخی نەماوە و کووشتنی حەڵاڵ کراوە.

نووسەر ئەم خوێنە ناودەنێت وەک میزێکی خەست. میز هەرگیز وەک خوێن خەست نابێت، تەنها ئەو کاتانە نەبێت، کە میز پڕی بەکتریایە. ئەمەش لەو کاتانەدا ڕوودەدات، کە بۆریی میز تووشی هەوکردن بووبێت. بەهۆی بەکتریایەکی زۆر لە میزدا، میزەکە خەست دەبێت، لە هەندێک کاتدا، میزەکە بەشێوەی دۆشاو خەست دەبێت. (ئەوەی ئەزموونی سێکسوالی لە پچڕاندنی پەردەی کچێنییدا هەبێت، دەزانێت، کە ئەو خوێنە، خوێنێکی کەمە، نەک وەک میز بە خوڕ بە ڕانەکانندا بێتەخوارەوە).

باوک پرچی کچەکەی ڕادەکێشێت و بەزۆر دەیدات بە زەوییدا و دەستدەکات بە لێدانی و دەڵێ، کە ناتوانێت، ناتوانێت لەگەڵ کچێکی ئابڕووبەردا بژیی. چەقۆیەک لە قایشەکەیدا دەردێنێت و هاوار دەکات ئەڵڵا و ئەکبر. نووسەر ئەڵلا و ئەکبر زۆر بەکاردەهێنێت. لێ کورد هاواری خودا دەکات، نەک ئەڵڵا و ئەکبر. مەگەر تەنها لە خێزانە توندڕەوە ئیسلامییەکاندا نەبێت. ئەمەش بەشێکی کەمی کۆمەڵگای کوردیین نەک کۆی گشتیی. لە تەنیشتیەوە دایکی خەندە ڕاوەستاوە، نووسەر لە بری عەبا، چادری بەکارهێناوە، کە داویەتی بە سەری خۆیدا و لەژێریدا لەتاو گەرما دەکوولێت. دایکی بە نووزەوە داوا دەکات، کە لە کچەکەی خۆشبێت. مێردەکەشی بە زشەیەکی توند دەیکێشێت بە زەوییدا و ژنەکەشی بە پەلەخشکانێ دەچێتەوە ژوورەوە. (تێبینیی: ژنانی عەبا بەسەر لە هاتنەدەرەوەیاندا بۆ گەڕەک، عەبایان نەداوە بەسەردا، بەڵکوو تەنها ئەو کاتانەی، کە چوون بۆ بازاڕ یان بۆ شوێنی دوور).

دواجار دایکی کچە ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات، وەک سیمبوڵێکی بێدەستەڵاتیی و تاکە چارەسەری دەربازبوون لە قەیران. دایک و کچ پێکەوە دەمرن و باوکیش لە هوریای خۆشییدا هاوار دەکات، سزای خودا بەسەر قەحبەکانەوە.

**دەریا** کەسایەتییەکی خوێندکاری مێدیسینە "پزیشکیی"، کە باوک بە بەردەوامیی تێلێفۆنی بۆ دەکات و ئەویش دەبێت وەڵامبداتەوە. ئەم کەڕاکتەرە لە ڕۆمانەکەدا، ئامڕازێکی دەستی نووسەرە، دەنا وەک خۆی هیچ ڕۆڵێکی لەو پیشەیەدا نییە، کە پێیدراوە. دەریا وەک پراکتیکانت لە نەخۆشخانەیە، نووسەر ئاماژەی پێنەداوە، کە لە چ سمستەرێکدایە. دەریا لە تێلێفۆنەکانیدا دەبێت باوکی دڵنیابکاتەوە لەوەی، کە شوێنی کارەکەی تەنها ژنانی پەرستیاری لێیە. دەریا سوێند بۆ باوکی دەخوات بە ئەڵڵا، کە تەنها پەرستیاری ژن لێرە کاردەکەن. ئەمە زیادەڕۆییەکی گەورەیە، چونکە مرۆڤ کورد بێت یان عەرەب، یان ئەفغانیی، یان هەر نەتەوەیەکی تری ئیسلام، دەزانێت کە لە نەخۆشخانەدا کارمەندانی ژن و پیاو پێکەوە کاردەکەن. بەتایبەت لەم سەردەمەدا، چەند پەرستیاری ژن هەیە، ئەوەندەش پیاو هەیە. لێ ئامانجی نووسەر کێشانی وێنەیەکی تری پیاوی کوردە، وێنەیەک کە بەرهەمی ئیگۆیە.

دەریا باوکی خوێندنەکەی بۆ هەڵبژاردووە، چونکە لە ئایندەدا، مرۆڤ وەک پزیشک پارەیەکی باشی دەستدەکەوێت. دەنا هیچ ئامانجێکی تر لە خوێندنەکەدا نییە، بەدەر لە خۆدەرخستن و پارە نەبێت. کورد دەڵێ، سوێند بە خودا نەک بە ئەڵڵا. نووسەر ئەڵڵا بەکاردەهێنێت و زیاتر سەرنجی خوێنەری دانمارکیی ڕادەکێشێت. چونکە وشەی ئەڵڵا لە تێگەیشتنی دانمارکییەکاندا چەمکێکی ترسێنەرە، لێ خودا ئەو کاریگەرییە دەروونییە لەسەر خوێنەری دانمارکیی دروستناکات. چونکە ئەگەر وەریشبیگێڕیت ئەوا وێنەیەکی ناشیرین نادات بە خوێنەری دانمارکیی. چونکە لە هیچ توندوتیژیی و کووشتن و سەربڕینێکدا کەس هاوارناکات خودا گەورەیە، بەڵکوو دەڵێن، ئەڵڵاوئەکبر.

کێشەی ئەڵڵا و ئەکبر لێرەدا ئەوەیە، کە هیچ کەس بیر لەوە ناکاتەوە، کە ئەڵڵا و ئەکبر چییە؟ هەروەکوو چلۆن نازییەکانی ئەڵمانیا سروودی گۆرانیی ئەڵمانەکانی هۆفمان فۆن فالەرسلێبنیان هەتکردووە، ئاوهاش ئیسلام ئەڵڵا و ئەکبریان هەتکردووە. کریستەکان لە هەموو کەس باشتر دەبوایە بیانزانیبا، کە ئەڵڵا و ئەکبر موڵکی خۆیانە نەک ئیسلام. ئیسلام ئەڵڵا و ئەکبریان لە کریستەکانەوە وەرگرتووە، لێ لە ناوەڕۆکدا وەک کریستەکان بەکاریان نەهێناوە.

پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی، کە ئەڵڵا و ئەکبر بەرهەمی ئەقڵی گەورەترین بیرمەندی کریستەکانە، کە ئەویش ئاوگوستینە، (Aurelius Augustinus). لەکاتێکدا بەشێکی گەورەی کریستەکان لە خەمی ئەوەدا بوون، کە خەڵکیی دوایان نەکەون و باوەڕ بە ئاییینی کریست نەهێنن، ئاوگوستین کاری لەوەدا دەکرد، کە خەڵکیی لە گەورەیی خودا تێبگەن. بۆ ئاوگوستین خودا گەورەیە، چونکە خاوەنی ئاگاییەکی گەورەی گەردوونییە. ئاگوستین دەڵێ، ئەگەر لێمبپرسن، کە ئاخۆ خودا چییە، ئەوا لە وەڵامدا دەڵێم، کە خودا گەورەیە (ئەڵڵا و ئەکبر). بۆچیی خودا گەورەیە؟ گەورەیە، چونکە زانین و تێگەیشتنی ئەو لەسەرو زانین و

تێگەیشتنی مرۆڤەوەیە. ئەوەی لەگەڵ فەلسەفەدا کاری کردبێت، دەزانێت کە لە سەلماندنی خودادا هەموو تیۆلۆگێک دەگەڕێتەوە بۆ ئاوگوستین.

دوای  نزیکەی هەزار و شەش سەد ساڵ، ئالبەرت ئاینشتاین و ماکس پلانک گەیشتنە ئەو باوەڕ و تێگەیشتنەی، کە گەردوون زیندووە و خاوەنی ئاگاییەکی گەورەیە، (خودا گەورەیە، ئاگوستین). ئەو زەوییەی، کە پاچی لێدەدەیت زیندووە، ئەو بۆشاییەی، کە پێتوایە بەتاڵە زیندووە، ئەو لە سەدا نەوەت و پێنجەی دی ئێن ئا، کە پێتوایە بەتاڵە زیندووە ...هتد.

ماکس پلانک لە ساڵی ١٩١٩ دا خەڵاتی نۆبێل لە فیزیکدا وەردەگرێت لە ساڵی ١٩٢٩ دا لە کۆڕێکیدا لە بەرلین دەڵێ: کە ماتەری یاخوود مادده لە خۆیدا بوونی نییە، بەڵکوو تەنێک لە ئەنەرگیی بوونی هەیە، کە بەهۆی ئاگاییەکی ڕۆشنبیرەوە فۆڕمێکی دەداتێ، ئەم ئاگاییە ڕۆشنبیرە بناغەی گشتیی و سەرەکیی هەموو ماددەکانە. ماکس پلانک لە ساڵی ١٩٤٤ دا لە فلۆرێنس لە کۆڕێکی تریدا دەڵێ، کە ئەو هەموو تەمەنی خۆی بە زانستی فیزیک بەخیشوە و لە تەمەنەیدا لێکۆڵینەوەی قوڵی لەسەر مادده کردووە و ئیمڕۆ بەبێ دوودڵیی گەیشتووەتە ئەو سەلماندنەی، کە گەردوون خاوەنی ئاگاییەکی ڕۆشنبیرە، لەسەر بنەمای لێکۆڵینەوەش لەسەر ئەتۆم دەڵێم، کە مادده لە خۆیدا بوونی نییە. هەموو ماددەکان لە ئەنجامی هێزێک بەرهەمهاتوون، هێزێک کە تۆیکڵی ئەتۆمەکان هەڵدەسووڕێنێت و دەیکات بە سیستێمێکی بچکۆلانەی خۆر کە پێکەوە ڕایاندەگرێت. لە گەردووندا هێزێکی هەمیشەیی و ڕۆشنبیر هەیە، بەمشێوەیە لە پشتی ئەم هێزەوە پێویستە گایستێکی بەئاگا و ڕۆشنبیر بهێنینە پێش چاوی خۆمان. ئەم ئاگاییە بناغەی بنچینەیی هەموو ماددەکانە. بەڵام ئاگایی بە تەنها بوونی نابێت، بەڵکوو ئاگایی پێویستە پابەندی بوونەوەرێک بێت، بەمشێوەیە پێویستە بوونەوەری ئاگایی بهێنینە پێشچاوی خۆمان، بەڵام بوونەوەی ئاگاییش هەر لە خۆیەوە بەرهەمنایەت، بەڵکوو پێویستە بەرهەمبهێنرێت. ئا لێرەدا ترسم لەوە نییە، کە بڵێم پێویستە ئەم بەرهەمهێنەرە پڕ نهێنییە ناوبنرێت، بەرهەمهێنەرێک، کە لە زۆرینەی کولتوور و ئاینەکاندا بە خودا ناودەبرێت. (خودا گەورەیە، ئەڵڵا و ئەکبر).

پەرستیارێک، کە چاودێریی دەریا دەکات، کە بەردەوام لەسەر کار مۆبایلی پێیە و قسە دەکات، داوا لە دەریا دەکات، کە دەستبەرداری تێلێفۆنکردن بێت، چونکە ئەمان کەسیان لەسەر کار تێلێفۆن بەکارناهێنن. دەریا دەڵێ، ئەگەر هەڵینەگرم تووشی کێشە دەبم. پەرستیارەکە دەڵێ، ئەگەر بەکاریشی بهێنیت هەمانشێوە تووشی کێشە دەبیت. دەریا وەک خوێندکارێکی مێدیسین لە ڕۆمانەکەی نووسەردا، کاری پەرستیار دەکات، نەک پزیشکیی. نووسەر لە ڕۆماندا پێویستە تەواووڕێک بزانێت، کە چلۆن کەڕاکتەرێک دەخاتە کار. ئەگەر کەسێک لەو بوارەدا کاری نەکردبێت، ئەوا نازانێت چی دەگووزەرێت لە نەخۆشخانە. نووسەری زانا دەگەڕێت بەدوای زانیارییدا، لەوانەیە چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند کارمەندێکدا بکات، هەتاوەکوو دەگات بە زانیاریی ڕاست. ئەگەر خۆیشی لەو بوارەدا کاری کردبێت، ئەوا ئەو ڕۆڵە پێرفێکت دەدات بە کەسەکە. خوێندکاری مێدیسین لەگەڵ پزیشک دێت و دەڕوات، کاری پزیشکیی دەکات لە پراکتیکەکەیدا و بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ پەرستیار نایەت و ناچێت. خوێندکارێکی مێدیسین ئەوەندە لەلای پاتێنت، لەلای نەخۆش نامێنێتەوە، جلک و جێگاخەوی نەخۆش ناگۆڕێت. خوێندکاری مێدیسین دەچێتە قوڵایی نەخۆشییەکەوە، نەک ژیانی تایبەتی نەخۆش، ناپرسێت لەوەی، نەخۆش سەردانی دەکرێت یان نا. ئەمانە کاری کارمەندانی بەتەنگەوەهاتنن، کاری پەرستیارە، نەک خوێندکارێکی مێدیسین. نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا دەڵێ، کە سەردانکەرانی نەخۆشی کورد، نایەن بۆ لای نەخۆش بۆ دڵنەوایی، بەڵکوو دێن بۆ ئەوەی بزانن کە کەسی خەوێنراو چ نەخۆشییەکی هەیە، ئەمەش وەک توانج بەکاردەهێنێت.  لێ لە کولتووری کوردییدا، سەردانکردنی نەخۆش کولتوورێکی جوانە و بۆ بەتەنگەوەهاتن و نیشاندانی هەست و سۆزە بۆ نەخۆش. هەواڵپرسینی نەخۆش کولتوورێکی کوردیی جوانە، چونکە خەڵک لە خەمی نەخۆشەکەدان.

دەریا لە ڕۆمانەکەدا کچێکی گەنجی کوردە، کە لە دانمارک دەژیی و خوێندکاری مێدیسینە. کچێکی گەنجی بەوشێوەیە لە زانستێکی وەها باڵادا بخوێنێت، خاوەنی زمانێکی باڵایە، بە بسم الله و ئینشاڵڵا و ئەڵڵاوئەکبر قسە ناکات. بەتایبەت لە شوێنی کار، کە نەخۆشخانەیەکە. بەڵام مەبەست و ئامانجی سارا لێرەدا پێدانی ڕوویەکی ناشیرینی ڕەقی ئایینییە، کە لە ڕێگایەوە کۆی گشتیی کورد لە مەنجەڵێکی ئیسلامییدا دەکوولێنێت. خودی خۆم لە دانمارکدا لەگەڵ پزیشکی لەچک بەسەردا کارمکردووە، لەگەڵ پەرستیاری لەچک بەسەردا کارم کردووە، لێ هەرگیز لەسەر کار بە بسم الله و بە ئەعوزوبیللا و بە ئینشاڵڵا گفتووگۆیان لەگەڵ هیچ کەس نەکردووە.

فرمێسک و دەریا خۆیان بە یەک دەناسێنن. فرمێسک بە دەریا دەڵێ، کە ناوەکەی بە واتای ئۆسیان "ئۆقیانووس" دێت. لێ دەریا ئۆسیان نییە، ئۆسیان گەورەترە لە دەریا. جیهان تەنها خاوەنی سێ ئۆسیانە (ئۆسیانی ئەتلانتیک، ئۆسیانی هیندیی، ئۆسیانی

مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

"لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

پاتسیفیک یاخوود ئۆسیانی ئارام). لەپاڵ ئەمانیشەوە جیهان خاوەنی چوار دەریای گەورەی ناوەڕاستە. وەک (دەریای نۆردپۆل، دەریای کاریبیک و گۆڵفی مەکسیک، ئاوسترالیا و دەریای ناوەڕاستی ئەورووپیی). بە زمانی دانمارکیی بە دەریا دەگووترێت هاو (Hav) نەک ئۆسیان.

سارا لە ڕۆمانەکەیدا ڕوویەکی دڵڕەق دەدات بە پەرستیاری دانمارکیی لەکاتی بەتەنگەوەهاتنی نەخۆشدا. کاتێک فرمێسک داوا لە پەرستیارێک دەکات، کە مێدیسینی ئازاری پێبدەن. کاتێک لینەی پەرستیار، کە پەرستیارێکی دانمارکییە، دوو حەب بۆ فرمێسک دێنێت و پێیدەڵێت، کە ئێمە ناتوانین تەواو بێ ئازارت بکەین. پەرستیارێکی دانمارکیی هەرگیز بەوشێوە ڕەقە لەگەڵ نەخۆش قسە ناکات، بەڵکوو خاوەنی گفتوگۆیەکی نۆیرۆپێداگۆگییانەیە. پەرستیارێک لە خۆیەوە دوو حەب نادات بە نەخۆشێک. نووسەر دەبوایە، قوڵبێتەوە لەوەدا، کە چ جۆرە مێدیسینێک دەدات بە نەخۆش، چونکە چەندەها جۆر پرێپەڕاتی ئازار هەیە، مێدیسینی ئازار هەیە و هەریەکەیان بەجۆرێکی تایبەت بەکاردێن. دیارتریینیان بۆ نموونە پەمۆل و پاراسیتەمۆڵە. لێرەدا دەشێت پەرستیارەکە دوو پەمۆل یان پاراسیتەمۆڵی پێنج سەد میلی گرامیی پێدابێت.

دەریا زانیاریی بە پەرستیارەکە دەدات، کە سکی فرمێسک خوێنی لێنایەت و سکیشی نەئاوساوە، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە، کە فرمێسک تووشی هەوکردن نەبووە. لە ژیانی ڕاستەقینەدا خوێندکارێکی مێدیسین زانیاریی نادات بە پەرستیار بەوشێوەیە، بەڵکوو بەپێچەوانەوە، هەمیشە کارمەندانی تەندروستیی، ئینجا ئەسیستێنتی تەندروستییە یان پەرستیار، زانیاریی لەسەر نەخۆش دەدەن بە پزیشک. ئەمە لەکاتێکدا نە خوێنبەربوون و نە ئاوسانی سک نیشانە نین بۆ هەوکردن. خوێندکاری مێدیسین دوای پزیشک دەکەوێت نەک پەرستیار.

کاپیتڵ 2:

کاپیتڵەکە ڕووداوێکە لە 21.08.1986دا ئەم مێژووە ڕۆژی لەدایکبوونی نووسەرەکەشە.

نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا شاری سلێمانیی ناودەنێت زاموا. سلێمانیی لە هیچ مێژوویەکدا ناوی زاموا نەبووە. پاشان سلێمانیی شارێکی هێندە دێرین نییە هەتاوەکوو خاوەنی مێژوویەکی هێندە کۆن بێت، کە بیرمان نەیەتەوە، یاخوود لە هیچ سەرچاوەیەکی مێژووییدا پێینەگەین. مێژووی شاری سلێمانیی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1784 کە ئیبراهیم پاشای بابان بە ناوی باوکییەوە شارەکە ناودەنێت سلێمانیی. هەردوو گەڕەکی کانیی ئاسکان و مەڵکەندیی کۆنتریین گەڕەکی ئەم شارەن. ئەم دوو شوێنە پێشتر وەک دوو گوندی بچووک بوونیان هەبووە و پاشان بوون بە گەڕەکی شارەکە. نووسەر دەیەوێت مێژوویەکی کۆنتر بدات بە سلێمانیی لە ڕێگای زامواوە، کە دەڤەرێکی گەورەی سەردەمی ماد بووە. هەربۆیە کاتێک دەڵێین بادینان، ناتوانین تەنها بیبەستن بە دهۆکەوە، یان هەورامان ببەستینەوە تەنها بە تەوێڵەوە.

نووسەر لەم کەپیتەڵەدا زۆر بە ئایەتەکانی قورئان قسە دەکات، وەکئەوەی ڕووداوەکان لە مزگەوتێکدابن یان لە بری مەڵکەندیی لە گەڕەکێکی شاری سعودی عەرەبییدا بێت یان لە ئەڤغانستانی سەردەمی ئەلقاعیدەدا. مەڵکەندیی خاتوو مەلەک، لەم ڕۆمانەدا بووە بە شوێنێکی دڵڕەقی ئایینیی.

ڕووبار لەم ڕۆمانەدا، لە کاپیتڵی دووهەمدا، کەڕاکتەرێکی تایبەتی پێدراوە. گەوهەری دایکی ڕووبار، کەڕاکتەرێکی ئایینیی هەیە، کە بە ئایەتەکانی قورئان دەدوێت و مامەڵە دەکات. گەوهەر نەخوێندەوارە، لێ ئایەتەکانی قورئانی لەبەرە. ئەو شەوەی، کە ڕووبار ژان دەیگرێت، چاوەڕوانی مامان دەکات. مامانەکە ناوی فاتیمەیە، لێ ئەو ئێوارەیە، ماڵی فاتیمە میوانیان هەیە و پیاوەکەی ناهێڵێت بچێتە دەرەوە هەتا خواردنی ئێوارە دروست نەکات و خواردن نەدات بە میوانەکان. لەولاش گەوهەری دایکی ڕووبار بە پەرۆشە بۆ ڕووباری کچی. لە هیچ مێژوویەکی کورددا کولتوور نەبووە، مرۆڤێکی نەخۆش پشتگوێبخەیت، کە پێویستی بە یارمەتیی تۆیە. لە هیچ مێژوویەکدا ژنێکی دووگیان پشتگوێ نەخراوە، کە پێویستی بە یارمەتیی تۆیە. لەم ساڵەدا، بەعس لەوپەڕی دەستەڵاتدا بوو، خەریکی جەنگی ئێران بوو، لێ هێشتا خاوەنی ئابوورییەکی بەهێز بوو. دینارێکی ئێراقیی شەش دۆلاری ئەمێریکیی دەکرد. بەعس بەو دڕندەییەی خۆی، کەچی هێشتا لە سلێمانییدا سیستێمی تەندروستیی سیستێمێکی باش بوو. ژنان منداڵیان لە نەخۆشخانە دەبوو، نەک لە ماڵەوە. کارەبا هەبوو نەک خەڵکیی بە چراوە بێن و بچن. کارەبا لە سەردەمی بەعسدا دەبڕا، لێ بۆ ماوەیەکی زۆر کەم. تەنها ئەو شوێنانەی، کە بەعس دوور بوو لێوەی و لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بوو، خاوەنی خزمەتگووزاریی نەبوون. مەڵکەندیی لە هەردوو نەخۆشخانەی فریاکەوتن و نەخۆشخانەی سلێمانییەوە نزیک بووە، هەربۆیە

دەستیان بە هەردووکیان دەگەیشت. ژنێک تەواوی ئێوارە و شەوێک هەتا بەیانیی بە ئازاری منداڵبوونەوە نەدەمایەوە، مەگەر لە گووندە دوورەدەستەکاندا نەبێت.

کولتووری کوردیی وەک هەر کولتوورێکی دی خاوەنی باشە و خراپەی خۆیەتی. یەکێک لە دیاردە جوانەکانی کورد، بەتەنگەوەچوونی یەکترییە لەکاتی تەنگانەدا. جێگای باوەڕ نییە، کە پیاوێک ڕێگا بە ژنەکەی نەدات، کە بچێت یارمەتیی ژنێک بدات، کە ژان گرتوویەتی و لەسەر منداڵبوونە. لێ نووسەر بەشێوەیەکی ناشیرین ئەمە وەک دیاردەیەک لە کولتووری کوردییدا بە کۆمەڵگەی دانمارک دەناسێنێت. وەک کۆمەڵگەیەکی ئایینیی درِ.

گەوهەر لە شەودا ناچار دەبێت، کە خۆی بچێت بەدوای فاتیمەی ماماندا. لە دەرگا دەدات و بە ترس و لەرز دەڵێ، کە هاتووە بەدوای فاتیمەدا، چونکە ڕووباری کچی پێویستی بە یارمەتییە. لێ عوسمان دڵڕەقانە و بە توانجەوە دەڵێ، کە فاتیمە تازە مەنجەڵێک دۆڵمەی لێناوە، ئەتەوێت بێیت لەگەڵمان بخۆیت؟

دواجار فاتیمە دوای پێدانی خواردن بە میوانەکان دێتە دەرەوە و ئامادەیە لەگەڵ گەوهەردا بڕوات. جێگای سەرنجە، کە فاتیمەش دیسان لەبری خودا ئەڵڵا بەکاردەهێنێت. لە تەواوی ئەورووپادا بەشێکی گەورەی کولتووری ئیسلامیی وەک خۆی دەگووترێت و دەنووسرێت، وەک شەریعە، نیقاب، بورکا، عەبا. تەنانەت لە ئێستادا، بەشێکی زۆری میدیاکانیش لەبری (ISIS) دەڵێن داعش. لێ نووسەر لەبری عەبا چادر بەکاردەهێنێت. ئەمەش وەک سووکایەتییپێکردنێک. چارد بۆ داپۆشینی شمەک بەکاردێت، نەک بۆ داپۆشینی ژنان. لێ نووسەر چادر بەکاردەهێنێت، هەتا لە ڕێگایەوە ژنانیش وەک شمەک تەماشا بکرێن. هەروەکوو چلۆن دانمارکییەک، کە گوێی لە ناوی ئەڵڵا دەبێت، کە وشەی ئەڵڵا دەخوێنێتەوە، بیر لە توندوتیژیی دەکاتەوە، ئاوهاش خوێنەری کورد، کە وشەی چادر دەخوێنێتەوە، ماتریاڵێکی بۆ داپۆشینی شمەک دێتەبەرچاو، کەپرێکی دێتەبەرچاو.

کاپیتڵ 3:

خەسووی ڕووبار، لێرەدا کەسایەتییەکی دڵڕەقی سادیستی ناشیرینە. دەشێت وەها بێت، چونکە ئێمە لە نزیکەوە ئاشنای ئەو ڕاستییە نین. لێ لە ڕۆمانەکەدا نووسەر لەبری کەسێکی تر لەسەر ئەم خەسووە دڵڕەقە دەدوێت. خەسوویەکی دەمخواری برۆ قەیتانیی. بەهرەی خەسوو بە نابەدڵی بە شەو بەپێ دەچێتە ماڵی ڕووبار و کچە چواردەساڵەکەشی، کە ناوی شنۆیە لەگەڵ خۆی دەبات. بەهرە بە بۆڵەبۆڵ بەرەو ماڵی ڕووبار دەچێت و لەبەرخۆیەوە دەڵێ، ئەگەر کوڕەکەی لە ماڵ بوایە، ئەوا ئەم پێویست نەبوو بچێت.

کاتێک دەگەنە ماڵی ڕووبار، ئاسکۆڵ دەرگایان لێدەکاتەوە و بەخێرهاتنیان دەکات. بەهرە بە تەوس و توانجەوە بە شنۆی کچی دەڵێ، ئێرە تەماشا بکە، ئێرەیە. بۆچی کوڕەکەم هەرگیز باسی ماڵەکەی و ژنەکەی ناکات بۆمان؟ هەردووکیان دەچنە ژوورەوە.

بابان کوڕە بچکۆلانەکەی ڕووبار، تەماشای بەهرە و شنۆ دەکات و دەپرسێت، کە ئاخۆ، شنۆ بەرۆژوو دەبێت؟ پاشان دەپرسێت، دەتەوێت یارییم لەگەڵدا بکەیت شنۆ؟ شنۆ بە پێکەنینەوە تەماشای دایکی دەکات و چاوەڕوانی ڕێگاپێدان دەکات. لێ دایکی شنۆ بە ڕەقیی و توونديی دەڵێ: شنۆ یاریی ناکات، تەنانەت تووتکەیەکی وەکوو تۆش دەبێت بزانێت، کە کچان لەگەڵ کوڕاندا یاریی ناکەن. پاشان تەماشای ئاسکۆڵ دەکات و دەڵێ، پەروەردە لەم ماڵەدا بوونی نییە.

ئەم دەربڕینە تووندە لە ساڵی 1986 دا جێگای سەرسوڕمانە بەتایبەت لەناو خزم و کەسوکاری یەکترییدا. من لەو ساڵەدا هەرزەیەک بووم و لەگەڵ کچانی نەک خزم و کەسوکار، بگرە کچانی دراوسێش مامەڵە و گاڵتەو گەپم هەبووە. گەڕەکی ئێمە و کانیی ئاسکان و مەڵکەندیی پێکەوەنووسابوون. من لە جادەی قەنات بووم و تەنانەت یەکێک لە دراوسێکانمان مەلا و مەلاژن بوون و هەرگیز دیاردەیەکی وەهام تێدا نەدیبوون. لە هیچ شوێنێکی جادەی قەناتدا کولتوورێکی بەوشێوە ڕەقە بوونی نەبووە. کچان هەبوون پێکەوە تۆپانێمان دەکرد، کچان هەبوون کاری فیتەرییان لەگەڵ براکانیاندا دەکرد و لەگەڵ کوڕانی گەڕەکیشدا تێکەڵ بوون. کچان هەبوون تۆرنەچیی بوون و لە ئەسحابەسپییدا لەگەڵ باوک و برادا لە دووکاندا کاریان دەکرد. مەڵکەندیی ئەفغانستانی سەردەمی ئالقاعیدە نەبوو.

دڵڕەقیی بەهرەی خەسوو لەم ڕۆمانەدا بێ وێنەیە. تەنانەت دۆشەکی کوڕەکەی لەلا گرنگترە وەک لە تەندروستیی ڕووباری بووکی، کە لەسەری ڕاکشاوە بۆ منداڵبوون. چونکە لە خەمی ئەوەدایە، کە بە خوێن و ئاوی لەشی ڕووباری بووکی، دۆشەکەکە پیس بێت.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کاپیتڵ 4:

کات تێدەپەڕێت و ڕووبار هێشتا هەر منداڵی نابێت. بەهرەی خەسوو بە تووڕەیی دەگەڕێتەوە ماڵی خۆیان، چونکە پێیوایە، کە نابێت پیاوەکەی تەواوی شەوەکە بە برسێتیی بەجێبهێڵێت.

لە بەرەبەیاندا ڕووبار چەندجارێک ژان دەیگرێت و فاتیمەی مامان هەر لە تێکۆشاندایە بۆ یارمەتییدانی ڕووبار و داوای لێدەکات، کە زیاتر هێز بداتە خۆی. گەوهەری دایکی ڕووباریش بە ئەڵڵا و بە دوعا لە خەمی کچەکەیدایە و لەناکاو ڕووبار دەنگ هەڵدەبڕێت و دەڵێ، هەستە سەر پێ لەگەڵ ئەڵڵاکەت، پاشان ڕووی وەردەگێڕێت. ئینجا گەوهەر بە سەرسووڕمانەوە تەماشای فاتیمە دەکات و دەڵێ، ئەو مەبەستی نەبوو وا بڵێ، بەڵام شەیتان چۆتە بیرکردنەوەیەوە. پاشان تەماشای خوارەوە دەکات، کە ڕووبار قاچەکانی بڵاوکردۆتەوە و پاڵدەنێت، ئینجا بیردەکاتەوە، کە دەبێت دابپۆشرێت.

فاتیمە کێشەی ڕووناکیی هەیە و بە چرا کار دەکەن، ئەویش پێویستی بە ڕووناکیی زیاترە. لە ساڵی 1986 دا، من وەک خوێنەرێکی کورد سلێمانییم وەک گووندێکی دوورەدەستی سەر سنوری ئێران و تورکیا دێتە بەرچاو، لێ دەشێت بۆ خوێنەرێکی دانمارکیی ڕیالیتێت بێت. نووسەر هەموو هەوڵێکی داوە، کە وێنەی نەک دیاردەیەک لە خێزانێکدا بە ناشیرینیی بداتە دەست کۆمەڵگەی دانمارکیی، بەڵکوو ویستوویەتی وێنەیەکی ناشیرینی کۆمەڵگەی کوردییش بداتە دەستی خوێنەری دانمارک. بەتایبەت لەکاتێکدا، کە ڕووبار تەندروستیی خراپە و کەچی ئەوان لە خەمی ئەوەدان، کە دکتۆرێکی ژن نییە بیهێننە لای ڕووبار. دواجار لەگەڵ هەڵهاتنی خۆردا ڕووبار منداڵەکەی دەبێت و کچە. لێرەدا تووشی کێشە دەبن، چونکە پیاوەکان پێیانخۆش نییە کچیان هەبێت. تۆفیقی باپیرەگەورە و محەممەدی مام و ئەنوەری باوک خۆشحاڵ نین بە کچ. ڕووبار دەیەوێت کچەکەی ناوبنێت فرمێسک، چونکە لەگەڵ خەم و ژان و ئازارێکی زۆردا لە سەرەتای ڕۆژێکی نوێدا لەدایکبووە.

کاپیتڵ 5:

سکایپی هۆسپیتاڵ 11.08.2016

فرمێسک نائارامە و خەریکی خۆڕنینەوەیە. دەریا دێت و بە فرمێسک دەڵێ، کە ئارەق زۆر دەکاتەوە و دەلەرزێت، پاشان پێیدەڵێ، کە ژۆرناڵەکەی فرمێسکی خوێندۆتەوە و دیاگنۆزەی پۆست تراوما شترێسی هەیە.

یەکەم. یاسای بێدەنگیی هەیە لە کار، هیچ کارمەندێک بۆی نییە بە ئارەزووی خۆی ژۆرناڵی نەخۆش بخوێنێتەوە و زانیارییەکان بڵاوبکاتەوە، تەنانەت بە خودی نەخۆشەکە خۆیشی. لێرەدا نووسەر ئارەقکردنەوە و لەرزینی وەک سیمپتۆمی، وەک نیشانەکانی نەخۆشیی پۆست تراوما شترێسی نیشانداوە. لێ لەرزین و ئارەقکردنەوە نیشانەی پۆست تراوما شترێش نین. ئەم نیشانانە، نیشانەی سۆماتیین، واتا فیزیکیین، کە دەشێت سیمپتۆمی چەند فاکتۆرێکی فیزیکیی بن، بۆنموونە هەوکردن بەهۆی بەکتریاوە، دەتوانێت تووشی تا و لەرزینمان بکات، لێ هەمانکات گرفتێکی دەروونیی وەک ترسیش دەتوانێت تووشی هەمان دۆخمان بکات. ترسیش یەکێکە لە سیمپتۆمەکانی نەخۆشیی پۆست تراوما شترێسە. سیمپتۆمە سەرەکییەکانی پۆست تراوما شترێس بریتییە لە بێ خەویی، ترس، دێپرێسیۆن، بیرکردنەوە لە سویسید ، واتا بیرکردنەوە لە خۆکووشتن. لە هەندێک بارووددۆخدا پارانۆید، بەشێوەیەکی وەها توونڕ، کە زۆرجار دەکرێت پسیشیاتەرێک بە هەڵەدا بچێت و دیاگنۆزەی شیزۆفرێنی پارانۆید بدات بە نەخۆشێک.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

## "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

نووسەر لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکانی خۆیدا، بە زمانی دانمارکیی لەگەڵ میدیای دانمارکییدا باس لە خۆکووشتنی خۆی دەکات، کە وەک دواهەمیین چارەسەر بۆ ژیانی خۆی. قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە نووسیینی ڕۆمانی مردووشۆر دواهەمیین کارتی دەستی بووە، بۆ خۆ دەربازکردنی لە خۆکووشتن، بەشێوەیەک کە ڕۆمانەکە ڕۆڵی پرۆسەیەکی تێراپییانەی گێڕاوە و نووسەری لە خۆکووشتن ڕزگارکردووە.

لەلای من کارێکی ئۆبلیگاتۆرە، هەم گرنگ و هەم پێویستە، کە سەرنج بدرێتە ئێمۆسیۆنی تاک، هەستەکانی تاک. بەتایبەت تاکێک کە بیر لە خۆکووشتن دەکاتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەم بە کلێشەیەک وێنای خۆکووشتن بکێشم.



# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

بناغەی زانینی هەموو تاکێک، خاوەنی سێ کۆڵەکەیە.

1 . هۆشیاریی

2 . ئاگایی و تێگەیشتن

3 . هەست و زین

لە ڕێگای هۆشیارییەوە دەبینە خاوەنی هونەرێک بۆ بیرکردنەوە و شیکردنەوەی جیهان، ژیان و کێشەکانمان. لە ڕێگای تێگەیشتنەوە دەبینە خاوەنی لۆگیک. لە ڕێگای هەست و زینەوە دەبینە خاوەنی جوانیی. وێنەی هەستەکانمان دەکێشین. کاتێک تەماشای تابلۆیەک دەکەین، بۆ نموونە کچێک ئاگر لە سکییدا کەوتۆتەوە، ئەم جوانییە لە ڕێگای هەستی نیگارکێشەکەوە ئێمە بە وێنە دەیبینین. کاتێکیش کەسێک قسەمان لەسەر هەستەکانی خۆی بۆ دەکات، ئەوا هەمانشێوە ئێمە دەبینە خاوەنی وێنەیەک بۆ هەستەکانی قسەکەر.

تاک لە باروودۆخێکدا بیر لە خۆکووشتن دەکاتەوە. تاک بۆ چارەسەرێک دەگەڕێت لە کێشەکانیدا، لێ هیچی دەستناکەوێت، هەربۆیە خۆکووشتن وەک چارەسەر هەڵدەبژێرێت، لێ لە ڕاستییدا تاک نایەوێت خۆی بکووژێت، بەڵکوو بەدوای چارەسەرێک بۆ کێشەکانیدا دەگەڕێت. تاک ڕیالیزەی باردووۆخی خۆی دەکات. لێ ڕیالیزەکردن دەکرێت:

یەکەم. بە هەستەوە بکرێت، بەبێ گوێپێدانە ئەوەی، کە قسە لەسەر چ هەستێک بکرێت، چونکە تاک بڕیاردەری ئەم هەستەیە. بۆ نموونە دوو کەس تەماشای جرجێک دەکەن. یەکەمیان دەڵێ، یەع، دووهەمیش دەڵێ، وەی کە شیرینە، وەی کە جوانە. ئەمەش بناغەی خۆی لەسەر هەست و زین لێداوە.

دووهەم. بە ترانسسێندێنت، لە دەرەوەی ئەزموونندا، بە سەرداسەرکەوتن، ئەویش لە ڕێگای دیالێکتیکەوە، هونەری شیکردنەوە و لۆگیکەوە. لۆگیک بناغەی خۆی لەسەر ئاگایی و تێگەیشتن لێداوە، دیالێکتیکیش بناغەی خۆی لەسەر هۆشیاریی لێداوە.

زۆرینەی نەخۆشەکانی پۆست تراوما شترێس، خاوەنی هالوسیناسیۆنێکی فیزوێلن، خاوەنی خەوشێک بە ڕاستوەرگرتنێکی وێنەیین. لەلای هەندێک نێگەتیڤن و لەلای هەندێکیش پۆزەتیڤ. لێ لەلای زۆرینەی ئەم نەخۆشانە، بەهۆی ترسەکەیانەوە، خاوەنی وێنەی نێگەتیڤن.

ئارۆن بێک (Aron Beck) ، دەستنیشانی دوو جۆر وێنەی بە ڕاست وەرگرتنێکی دڕوا و هەنجکراو دەکات.

یەکەم. ناوی دەنێت سکێماتا. ئەمەش بە واتای هەموو ئەو بیرکردنەوە ئاوتۆماتیکانەی، کە نائاگایانە ڕوودەوەن. بیرکردنەوەیەک کە بڕیار لەسەر خۆمان و ژیان و جیهان دەدات.

دووهەم. بە ڕاستوەرگرتنێکی دڕاو، کە ئەمەش کاریگەرێتیی لەسەر ڕاستیی دەبێت. بێک باس لە چەند نموونەیەکی بە ڕاست وەرگرتنی دڕاو دەکات وەک:

1 . پێوابوونە سێلێکتیڤەکان، وەک هیچ کەس حەز بە چارەی من ناکات.

2 . بە گەنەراڵکردن، وەک ئەگەر شتێک جارێک سەری نەگرت، ئەوا هەرگیز سەرناگرێت.

3 . بە کەسیی کردن، وەک هەمووی خەتای منە، چونکە من باش نیم.

4 . بیرکردنەوەی ڕەش و سپیی، وەک هەموو زانیارییەکان یان بە نێگەتیڤ یان بە پۆزەتیڤ لێکدەدرێتەوە.

5. بچووککردنەوە و گەورەکردن، وەک ڕۆژەکە بەهۆی نەهاتنی فڵان کەسەوە تێکچوو، ناخۆش بوو.

6. بە کاتاسترۆفەکردن، بە کارەساتکردن، وەک فڵان کەس پێیوایە، کە دەمرێت ئەگەر بێتو ڤاکسینی کۆرۆنا وەربگرێت.

نووسەر دیسان ڕۆڵی نەک پەرستیارێک، بەڵکوو ڕۆڵی ئەسیستێنتێکی بەتەنگەوەهاتنی داوە بە دەریا، لەکاتێکدا دەریا خوێندکاری مێدیسینە و لە سێمستەری چوارەمیدایە. لەم ئاستەدا خوێندکارێکی مێدیسن هێندەی لە هۆڵی نەشتەرگەریی و قوڵبوونەوەی دیاگنۆزەدایە، بە چارەکی ئەوە کاتی نییە لەگەڵ پاتێنتدا قسە بکات، نەخوازە گفتووگۆ و دیسکوسیۆنی ئایینیی و کۆمەڵایەتیی بکەن. کاتێک قسە لەسەر ڕۆح دەکرێت، دەریا دەڵێ، قسەکردن لەسەر ڕۆح بەشێک نییە لە خوێندنەکەی من. ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە، قسەکردن لەسەر ڕۆح بەشێکی خوێندنی مێدیسینە. بەتایبەت لەم سەردەمە مۆدێرنەدا، قسەکردن لەسەر ڕۆح قورساییەکی گەورەی هەیە.

نووسەر لە زاری دەریاوە قسە لەسەر مردن دەکات و دەڵێ، جەستەیەکی مردوو دەتوانرێت لەدوای ماوەیەکی کورت ژیانی تێبکرێتەوە، مەبەستی نووسەر لێرەدا چەند خولەکێکی کەمە. هەموو کەسێک کە دەمرێت، دەتوانرێت ژیانی پێدابێتەوە لەنێوانی چەند چرکەی یەکەمی مردنییدا هەتاوەکوو نۆ کاتژمێری دواتر. هەربۆیە لە کولتووری ئەورووپییدا کاتێک کەسێک دەمرێت، پێویستە لانیکەم نۆ کاتژمێر لەژێر چاودێرییدا بمێنێتەوە. من خودی خۆم لە ڕێککەوتی 10.01,.2010دا بۆ ماوەی شەش کاتژمێر مردم. ئەم مردنە پێیدەگووترێت مردنی سێبەر یاخوود بە زمانە زانستییەکەی، بە لاتینیی ڤیتامینیما (Vita minima). بە ئینگلیزیی سوسپێندت ئەمیناشیۆن (Suspended amination). ئەم دۆخە، دۆخێکە کە مرۆڤ تێیدا خاوەنی ئاگایی نییە و وادەردەکەوێت، کە مردووە. هەتا کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە پزیشکێکی ئەڵمانیی بە ناوی یۆهان گیۆرگ کروونیتس پشکنینی لەسەر ئەوە کرد، کە هەندێک مردوو، وا دەردەکەون کە مردوون، لێ ئەوان تەنها ئاگایی بەجێیهێشتوون. لە زانستی مۆدێرنی ئیمڕۆدا ڕۆح وەک ئاگایی دەبینرێت، لێ ئەم ئاگاییە دەتوانێت بگەڕێتەوە جەستە. هەتا پێش یۆهان گیۆرگ، ئەم مردووانە نێژراون. لە سەدەکانی ناوەڕاستدا هەندێک مردوو لە گۆڕ هاتوونەتە دەرەوە، پاشان خەڵکیی لێیان ترساون و وەک بوونەوەرێکی ترسناک و نەفرەتی خوالێکراو تەماشاکراون یان ئەوەتا دیسان کووژراون یان ئەوەتا خۆیان شاردۆتەوە لە ترسی کووشتنیان. کورت و پووخت قسەکردن لەسەر ڕۆح بەشێکە لە زانستی مێدیسین.

لە کاپیتاڵی پێنجدا دەریا پشتگیرییکەرێکی قورئانە و فرمێسکیش فێمێنیستێکی تووڕە و خەمبار. دەریا وەک خوێندکارێکی مێدیسن بە ئەستەغفیرەڵڵا و ئەعوزوبیللا قسە دەکات و فرمێسکیش وەک ئەکتیڤیستێک بە ئارگومێنت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کێ لە فرمێسکدا قسە دەکات؟ ئەم فێمێنیستە تووڕە و خەمبارە لە چاوپێکەوتنە تێلێڤیزیۆنییەکانی نووسەردا دەبینین.

کاپیتڵ 6:

ئەم کاپیتڵە بە سەلام و عەلەیک دەستپێدەکات. کچە کوردێکی بیستساڵەی گەنج لە ساڵی 2016دا لە ئەورووپادا ناڵێ، سەلام و عەلەیک، بەڵکوو یان دەڵێ سڵاو یان دەڵێ های، ئەگەر بێتو لەگەڵ کورددا قسە بکات. بە زۆرینە دەڵێن های. تەنانەت بەشێک لە هاووڵاتییانی کوردستانیش دەڵێن های، نەک تەنها لە ئەورووپا. ئینجا بیهێنە بەردەمی خۆت، کە کژێکی گەنج خاوەنی خوێندنێکی ئەکادێمیی بێت. ژنخوشکەکەی من مێدیسن دەخوێنێت و ڕۆژێک لە دەمی نەهاتۆتە دەرەوە بڵێ سەلام و عەلەیک. یان دەڵێ های یان دەڵێ، چۆنیت باشیت؟ لە ماڵی ئێمەدا هیچ منداڵێک بە دەمیدا نایەت بڵێ سەلام و عەلەیک، هەر ناشزانن واتای چیی.

دیسان نووسەر لەم کاپیتڵەشدا ڕۆڵی پەرستیاری داوە بە دەریا. دیسان گفتووگۆیەکی زۆری کۆمەڵایەتیی و سیاسیی. دەشێت کارمەندێکی تەندروستیی و بەتەنگەوەهاتن، کاتی بۆ ئەم قسەکردنانە کەمێک هەبێت، لێ ئەوە کاری پزیشکێک نییە، کاری خوێندکارێکی پزیشکیی نییە. دەریا دیسان بە ئەعزوبیللا قسە دەکات و فرمێسکیش وەک ئەکتیڤیستێکی تووڕە، کە ڕزگارکردنی مرۆڤایەتیی گرتۆتە ئەستۆی خۆی. نووسەر بیری چۆتەوە، کە دیاگنۆزەی پۆست تراوما شترێسی داوە بە فرمێسک. ئەوەشی خاوەنی ئەم دیاگنۆزەیەیە، بەتایبەت ئەوانەی لە نەخۆشخانە دەخەوێنرێن، لە قوڵترین دێپرێسیۆندان و بیرکردنەوە لە خۆکووشتن مەترسییەکی گەورەی سەر ژیانیانە. پاشان ئەم نەخۆشانە لە پسیشیاتریی دەخەوێنرێن نەک لە نەخۆشخانەیەکی سۆماتیی. نەبوونی

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

زانیاریی لەسەر نەخۆشیی و سیستێمی کارکردن لە بوونەوەری تەندروستییدا نووسەری تووشی ئەم هەڵانە کردووە. لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا فرمێسک نەشتەرگەریی دەکرێت، بەبێئەوەی خوێنەر بزانێت بۆچیی؟ لە کۆتایی ڕۆمانەکەدا، دەریا بە فرمێسک دەڵێ، هەموو جارێک کە نەشتەرگەریی دەکرێیت، بەبێئەوەی، کە خوێنەر بزانێت ئەم نەشتەرگییانە چین و بۆچیی؟ فرمێسک خوێن لە داوێنی دەڕوات، بەبێئەوەی خوێنەر بزانێت بۆچیی؟

کاپیتڵ 7:

دیسان سلێمانیی ناونراوە زاموا. ئەم زانیارییە هەڵەیە، خوێنەری دانمارکیی بە هەڵە فێری شتێک دەکات، کە دوورە لە ڕاستییەوە. ئەم کاپیتڵە کورتە تایبەتکراوە، بە جنۆکەوە، تایبەتکراوە بە پاراستنی ساوایەکەوە، کە مۆتەکە و جن نەیبات و نەیکووژن. گەوهەری دایک و ئاسکۆڵ و ژنێکی دراوسێ و ژنێکی هاوڕێ، شەو تا بەیانیی پاسەوانی ساواکە و دایکی دەکەن. پڕ چەککراون بە سورەتی قورئان. ئەم دیمەنە سلێمانیی دەکەن  بە ماقدیشی سۆمال و بە کابولی ئەفغانستان، نەک پایتەختی ڕۆشنبیریی. لە مردووشۆرەوە، ئەگەر خوێنەرێکی دانمارکیی ئەم ڕۆمانەی خوێندبێتەوە و تۆش وەک کوردێک خۆتی پێبناسێنیت، کە خەڵکیی سلێمانییت، ئیدی ئاوتۆماتیکانە وەک ئایینڕەوێکی ڕادیکاڵ تێتدەڕوانێت، کە لە شارێکەوە هاتوویت لێوانلێوە لە خەوشی ئایینیی. لێوانلێوە لە توندوتیژیی پیاوسالاریی، لێوانلێوە لە ژنکوژ. ئاخر لە کۆی چل و نۆ کاپیتڵی ئەم ڕۆمانە دەگمەنن ئەو کاپیتڵانەی، کە ژنێکی تێدا نەکووژرێت.

کاپیتڵ 8:

ئەم کاپیتڵە تەرخانکراوە بۆ نیشاندانی ڕووبار و دایک و باوکی و کەسوکاری وەک خێزانێکی خاوەن ڕێز و ستایش و مرۆڤدۆست، لێ ئەوانی تر بەر نەفرەتی ڕق کەوتوون. لە ڕێگای ئەم ڕقەوە، هەوڵدراوە، کە هەوڵی دێواندنی کۆمەڵگەی کوردییش بەتایبەت لە سلێمانییدا دەدرێت. ژنان بە ڕیز و بەپێر، کە وەک هەورێکی ڕەش دەجوڵێن و بەرەو ماڵی ڕووبار دێن. ژنانێک بە خۆیان و چادرەکانیانەوە نەک عەباکانیانەوە. ئیمڕۆ ڕۆژی ناولێنانی کچەکەی ڕووبارە، هەر لەبەرئەوەی ڕووبار کچی بووە، خەڵکێکی کەم هاتوون بۆ ئاهەنگی ناولێنانی کچەکە. تەنانەت مێردەکەی ڕووباریش نەهاتووە و چووە بۆ ڕاوە قەتێ، چونکە نابەختەوەرە بەوەی، کە ژنەکەی کچێکی بووە. دەشێت نووسەر مەبەستی لە ڕاوەکەویش بێت، لێ بە هەڵە ناوی قەتیی هێنابێت. بە زمانی دانمارکی بە کەو دەڵێن ستینهونس (Stenhøns) و قەتێش دەڵێن ئاگەرهونس (Agerhøns). نووسەر ئاگەرهونسی بەکارهێناوە.

 دایکی مێردەکەی ڕووباریش هەمانشێوە نابەختەوەرە و بە نابەدڵیی هاتووە بۆ ئاهەنگەکە. بەهرە کەراکتەرێکی ناحاڵیی و توونڕەوی پێدراوە، کە خۆی وەک ژن بە چاوێکی کەم تەماشای ژن دەکات. دایک و باوکی ڕووبار گفتووگۆ لەسەر بەهرەی خەسووی ڕووباردەکەن، کە چەند توونڕەوە. گەوهەری دایکی ڕووبار دەڵێ، من هەمیشە پێموابووە، کە بەردێکیان تێگرتیت، ئەوا هەڵییگرەوە و بیهاوێژەرەوە بۆیان. ئەم دەربڕینە هەڵقوڵاویی ڕقێکی شاردراوەی ناو نائاگاییی تاکە، کە لێرەدا دەردەکەوێت. بەهرە تەنانەت لە ڕۆژی ناولێنانیشدا گلەیی ئەوە دەکات، کە ڕووبار لەبری کوڕ کچی بووە. پێیوایە،کە کوڕ بوایە، ئێستا ئەم ماڵە جمەی دەهات بۆ ناولێنانی. ئاهەنگی ناولێنانەکە ناخۆشیی لێدەکەوێتەوە، چونکە بەهرە خوشکی مێردەکەی بە قاحبە دەچوێنێت، کە شیاوی کووشتن و بەردەبارانکردنە. لە ڕۆمانەکەدا، هەموو ئەمانە لە ساڵی 1986 دا لە شاری سلێمانیی ڕوویداوە.

ئەو لەچک و عەبا و خۆشاردنەوەیەی ئێستا لە کوردستاندا هەیە، کە بەرهەمی ئیخوانەکان و ئەنسارولئیسلامە، بە چارەکی ئەوە پێشتر لە سلێمانییدا بوونی نەبووە، بەتایبەت لە هەشتاکانی سەدەی ڕابووردا. لە هەشتاکاندا بە گشتیی ژنانی عەبا بەسەر لە سلێمانییدا ژنانی بە تەمەن و نەخوێندەوارەکان بوون، کە ڕێژەیەکی کەمبوون. من خودی خۆم بیرم نادێت لە هەشتاکاندا ژنێکی گەنجم بە عەباوە بینیبێت، ئەو ئیسلامییە توندوتیژییەم لە سلێمانییدا بینیبێت. بەپێچەوانەوە لە سلێمانییدا بیرۆکەی سێکۆلاریی زاڵ بوو بەسەر ئایینییدا. لە سەدا نەوەدی سلێمانیی خەڵکانی چەپ و مارکسیی بوون.

بەداخەوە بیرم نادێت، کە ئەم ژنە ناوی چییە، لێ باوەڕدەکەم شیرینی ناو بوو. دەزانم کە مێردەکەی ناوی ناسیح بوو. ئەم شیرین و ناسحە هەردووکیان کارمەندی تەندروستیی بوون. بە ڕۆژ لە نەخۆشخانە کاریان دەکرد و پاشنیوەڕوانیش کاری ئازادیان دەکرد.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

لێ هەر لە بوارەکەی خۆیاندا. شیرین مامان بوو و ناسحیش پەرستیار. شیرین و ناسح بە ئاوتۆمۆبیلی خۆیان هاتووچۆی ماڵە نەخۆشەکانیان دەکرد، ئینجا بۆ هەر یارمەتییەکی تەندروستیی بوایە. ئەم ژن و پیاوە کاتیان بۆ نەبوو. چ کاتێک لە ئێوارە و شەودا لە دەرگات بدانایە یان تێلێفۆنت بۆ بکردبانایە ئەوا ئامادەبوون و دەهاتن بۆ یارمەتییدان. من ئەم کولتووری یارمەتییدان و ڕێزە لە سلێمانییدا دەناسم، ئەمانەش وەها دەکات، کە خەڵک بیری شاری سلێمانیی بکات و بە سەردان بگەڕێتەوە بۆی. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، بۆچی سارا وێنەیەکی ناشیرینی ئەمساڵەی کێشاوە؟ هەر لەم ساڵەدا بەعس بە ئاشکرا و بە بەرچاوی خەڵکەوە گەنجە جوانەکانمانی لەسەر جادە و بەردەمی قووتابخانەکاندا ڕیز دەکرد و گووللەبارانی دەکردن. لێ هەموو ئەمانە دڵە جوانەکەی سلێمانیی لە لێدان نەخست و بگرە ئێواران کچان و کوڕانی سلێمانیی لە تووی مەلیکەوە هەتا بەردەمی سەهۆڵەکە و دوورتریش بە جوانترین جل و هەستی ئازادییەوە وەک نمایشێکی ئازادیی و کۆڵنەدان خۆیان پیشانی ڕژێمدەدا. ئەمە سلێمانیی هەشتاکانە.

بە پێویست و گرنگی دەزانم، کە لێرەدا چەند وێنەیەکی کۆنی کچان و کوڕانی سلێمانیی دابنێم، هەتا خەڵکیی چ بیری بێتەوە و چ ببینن، کە سلێمانیی لە شەستەکان و حەفتان و هەشتاکانی سەدەی بیستدا چلۆن بوون.



وێنەی کۆمەڵێک لە مامۆستایانی شاري سلیماني لە بە یتی فنون لە سابونکەران ساڵی 1968.

مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

"لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"



ساڵی ١٩٧٦ پۆلی سێ ئامادەیی ئەزمەڕ

مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

"لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"



خوێندکارانی ئامادەیی فریشتە ساڵی ١٩٧٦. ئەمانە جلی کوردییان پۆشیوە، جلی کوردییش هیچ پەیوەندیی بە کولتووری ئیسلامەوە نییە.

لەم وێنانەدا دەبینین، کە کچان نەک عەبایان بەسەرەوە نییە، بەڵکوو لەچکیشیان نەبەستووە،

کاپیتڵ 9:

ئەم کاپیتڵە کورتە، دوو لاپەڕەیە، لێرەدا نووسەر فرمێسک وەک هیوایەک بۆ ئایندە بە خوێنەر دەناسێنێت، لە ئەتمۆسفێرەیەکی میهرەباندا، کە دەروێشی باوکی ڕووبار بەرهەمیهێناوە. باوکی ڕووبار ساواکە ناودەنێت فرمێسک. فرمێسک بە دڵۆپێک فرمێسکی بەختەوەر دەناسێنێت. دەشێت ڕۆژێک بتەوێت بە فرمێسکی فریشتە بگریت، لێ دەشێت ئەو باڵانەش بدۆزیتەوە، کە خەڵکی بڵندبکاتەوە، هەتا بتوانن بە چاوی دڵ ببینن.

سەرەتای کاپیتڵەکە بە سورەتی ژنان دەستپێدەکات، بە سورەتی النیساء دەستپێدەکات. ئەم سورەتە لەسەر داوای ژنانی ماڵەکە خراوەتە سەری. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئامانجی نووسەر چییە لێرەدا؟ ڕوودانی ئەم شتە، لە بۆنەیەکی وەهادا، دوورە لە ڕیالیتێتەوە، لێ نووسەر مەبەستیەتی، کە ئەم دیمەنە بەوشێوەیە بگەیەنێت بە خوێنەری دانمارکیی و لە ڕێگاشیەوە سورەتی نیساء بە خوێنەری دانمارکیی بناسێنێت. نووسەر ڕەچەڵەکی بنەماڵەی ماڵی ڕووبار دەگەڕێنێتەوە بۆ زەردەشتییەکان و جیایان دەکاتەوە لەوانی تر، هەربۆیە لە کۆتاییدا زمانێکی زۆر نایاب و میهرەبان دەدات بە دەروێشی باوکی ڕووبار.

کاپیتڵ 10:

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

هاتنەوەی ئەنوەری مێردی ڕووبار بۆ ماڵەوە. لە ئێوارەیەکی درەنگ وەختدا، ئەنوەر بە لۆرییەکەوە لەبەردەمی ماڵەوەدا ڕادەوستێت. بە دەستێک جلی پۆخڵ و دەست و پل و دەمووچاوێکی پۆخڵەوە. بە سەلام عەلیکمێکی ڕەق و تەقەوە دێتە لای ڕووباری ژنی و گەوهەری خەسووی. کەش و هەوایەکی نێگەتیڤ و خاڵیی لە خۆشەویستیی دروستدەبێت.

ئەم کاپیتڵە دوورە لە کێشانی وێنەی کۆی گشتیی کۆمەڵگەیەک، بەڵکوو وێنەی پیاوێکی سادیست و بەد دەکێشێت. ئەم دیمەنە بۆیە بەوشێوەیە دەبینرێت، چونکە ئەنوەر تاکە مرۆڤی خراپە لەم ئێپیسۆدەیەدا. ئەگەر سارا هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە بیتوانیایە وێنەکان بەمشێوەیە بکێشێت، ئەوا هەرگیز خوێنەری تووشی ئەم نیگەرانییە نەدەکرد. ئەگەر بهاتبا و ڕاستییەکانی کولتووری نەتەوەیەک و شارێکی وەک خۆی بگوێزایەتەوە، ئەوا خوێنەری تووشی نیگەرانیی نەدەکرد.

لێ لەم ئێپیسۆدەیەدا، خوێنەر درک بە ڕاستیی ڕووداوەکانی ئەم ئێوارەیەی ئەنوەر و ڕووبار دەکات، چونکە خوێنەر جارێک لەمجۆرە دیمەنانەی بینیووە. یان لە ژیانێکی ڕیالدا یان لە هەواڵەکانی ڕۆژنامە و تێلێڤیزیۆندا. ئەمجۆرە دیمەنانە پێناس لە کەڕاکتەری تاکێکی سایکۆپات و سایدست دەکات، نەک ستیگماتیسیرەی کۆی گشتیی بکات. ئەم ئێوارەیە ئەنوەر دەستدرێژیی سێکسیی دەکاتە سەر ژنەکەی و بەوپەڕی بێڕێزیانە مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. باوەڕم نییە هیچ خوێنەرێکی کورد، چ ژن بێت و چ پیاو بێت نەهیی لەم ڕاستییە بکات و چاوی لێبنووقێنێت. هەروەکوو چلۆن باوەڕم نییە، کە ئەم ئێپیسۆدەیە هیچ خوێنەرێکی کورد تووڕە بکات. ئەمجۆرە پیاوانە لە هەموو جیهاندا بوونیان هەیە، بەبێ گوێپێدانە ئەوەی، کە سەر بە چ ئایین و نەتەوەیەکن. لێ دواجار ئەم دیمەنانە هەموو لەبەرچاوی خوێنەر ناشیرین دەبن، لانیکەم لەبەرچاوی خوێنەری کورد، چونکە لە کاپیتڵەکانی ئایندەدا، نووسەر ئەنوەر وەک پێشمەرگە دەناسێنێت. ئەمەش نیگەرانییەکی زۆری لێدەکەوێتەوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە، ئەوەیە نووسەر ساواکەی لە جۆلانەدا داناوە نەک لە بێشکەدا. من پێموایە، کە کولتووری بێشکە لەو ساڵەدا هێشتا بەربڵاو بوو. لە ئێستادا من ناتوانم بڵێم هەیە یان نییە، چونکە من هیچ زانیارییم دەربارەی گەشە کۆمەڵایەتییەکانی ئێستا لە زۆر بواردا نییە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچی نووسەر فرمێسکی نەخستۆتە بێشکەوە؟ وەڵام، چونکە نووسەر بەوشێوەیە مامەڵە لەگەڵ فیگورەکاندا دەکات، کە خۆی دەیەوێت، نەک وەک ئەوەی، کە هەن.

نووسەر ئیمپاتیی لەگەڵ بەشێکی خێزانێکدا هەیە و وەک دیوێکی جوانی ڕاستییەک پیشانی خوێنەری دەدات. نووسەر لێرەدا ڕۆڵی پارێزەری ئەم خێزانە دەبینێت، بەبێ گوێپێدانەوەی، کە لەوە بکۆڵینەوە، ئاخۆ ئەم خێزانە کێن. نووسەر وێنەیەکی گشتگیری ڕووداوەکان دەکات و وەک کولتووری کوردیی دەیانناسێنێت، لێ بەدەر لە ئەنوەری مێردی ڕووبار، تەواوی خێزانەکە بە دایک و باوک و خوشک و براکانی ڕووباریشەوە خاوەنی پریڤیلێگێکن، خاوەنی مافێکی تایبەتن.

من پیاوی کورد دەناسم لە ئەوروپادا لەم کاتەدا، کە ساڵی 2021ە، ئێواران کە دێتەوە، دەبێت ژنەکەی قاچەکانی لە تەشتێک ئاوی گەرمدا بشوات. دەبێت، کە خۆی شووشت، ژنەکەی لەبەردەمی حەمامەکەدا ڕابوەستێت و خاولیی بۆ ڕابگرێت. دەبێت سەرەتا ئەم خواردن بخوات، ئینجا ژن و منداڵەکانی دەست بە خواردن بکەن. هیچ کەس بۆی نییە پێش ئەم دەست بە خواردن بکات. پیاوی دانمارکییشم دیوە، مەقەستی کاغەز بڕینی داوەتە دەست ژنەکەی، کە چیمەنی باخەکەیان ببڕێت، چونکە ئامادە نەبووە مەکینەی چیمەنبڕین بکڕێت، خۆیشی ئامادە نەبووە چیمەن ببڕێت. پیاوی خراپ هەڵگری پێناسی نەتەوەیەک نییە، بەڵکوو لە هەموو شوێنێک بوونی هەیە.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"



بێشکە

کاپیتڵ 11:

ئەم کاپیتڵە دەگەڕێتەوە بۆ دانمارک بۆ نەخۆشخانەی سکایبی لە شاری ئارهوس. دەریا پێش ڕۆیشتنەوەی بۆ ماڵەوە، بە خۆی و پاکەتێ ترێی بێ ناوک و چاوە، دێتە هۆدەکەی فرمێسکەوە بۆ سەردانی. ئەم ڕووداوانە ناڕیاڵن، چونکە لە نەخۆشخانەدا ڕێگا و جێگای ئەم شتانە نابێتەوە. وەک یاسا کارمەندی تەندروستیی و پاتێنت نابێت ئەوەندە نزیکببنەوە لەیەکترییەوە، لێ نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا ئەم ڕێگایەی داوە. ئامانج تێیدا دروستکردنی دیالۆگە.

سەر مێزەکەی فرمێسک پڕە لە کتێبی جیاواز لەنێویاندا قورئان و بیبل. دەریا دەپرسێت بۆچی قورئان و بیبل؟ فرمێسک دەڵێ، چونکە ئەو هەموو شتێک دەخوێنێتەوە. ئەمە جۆرێکە لە زیادەڕەویی. هەتا ئێرە نازانرێت بۆچی فرمێسک لە نەخۆشخانە کەوتووە، تەنانەت لە کۆتایی ڕۆمانەکەشدا، هێشتا دیار نییە، بۆچیی فرمێسک لە نەخۆشخانە خەوێنراوە، بۆچی نەشتەرگەریی دەکرێت. بەدەر لەو زانیارییەی، کە دەریا لە سەرەتادا دەیدات بە دەستەوە، ئەویش پۆست تراوما شترێسە. نەخۆشێکی وەها، نەخۆشێکی پۆست تراوما شترێس لە توانای ئەوەیدا نییە، ئەم هەموو شتە بەدوای خۆیدا ڕابکێشێت بۆ نەخۆشخانە. فرمێسک تەنهایە لە هۆدەکەیدا، کە ئەمە جێگای سەرسووڕمانە بۆ نەخۆشخانەکانی دانمارک. تەنها و تەنها لە پسیشیاترییدا، لە نەخۆشخانەی دەروونییدا، نەخۆش هۆدەیەکی هەیە تەنها بۆ خۆی.

لەم کاپیتڵەدا دەریا و فرمێسک لێکنزیک دەبنەوە و فرمێسک باسی باپیری بۆ دەریا دەکات، وەک پیاوێکی زەردەشتیی، هۆشیار و هەواداری زانین و خوێندنەوە. فرمێسک باسی کورد وەک یەکێک لە نەتەوە کۆنەکانی جیهان دەکات، باسی باوەڕبوون بە ڕووناکیی دەکات، وەک ژیانبەخش. باپیری فرمێسک ئیدۆلێکە بۆ فرمێسک، لێ نەنکی ژنێکی مسوڵمان بووە و هێندە جێگای لەسەر فرمێسک دانەناوە. کۆتایی ئەم کاپیتڵە بە پارادۆکسی خودا دێت لەنێوانی ترس و خۆشەویستییدا، کە فرمێسک بە دەریا دەڵێ، ئەگەر ئێمە پێویست بێت لە خودا بترسین، چلۆن بتوانین خۆشمانبوێت؟

کاپیتڵ 12:

وەک چەند جارێک ئاماژەم پێدا، هەتا ئەم کاپیتڵەش دیار نییە، کە فرمێسک بۆچیی لە نەخۆشخانەیە. لە سەرەتای ئەم کاپیتڵەدا نووسەر دەنووسێت، کە لابۆرانتێک دێت ڤێنفلۆنێک (Venflon) بۆ فرمێسک دەگۆڕێت. یەکەم لابۆرانتێک کاری ئەوە نییە

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

ڤینفلۆن بگۆڕێت، بەڵکوو ئەوە کاری ئەسیستێنت و پەرستیارەکانە. دووهەم نازانین بۆچیی فرمێسک ڤینفلۆنێکی پێوەیە، ئاخۆ لە ڕێگایەوە مێدیسین وەردەگرێت، وەک بۆ نموونە ئەنتیبیۆتیکە یان مینەراڵ وەردەگرێت. سێهەم ڤینفلۆن یەکجار دادەنرێت بۆ ئەوەی ئەو چەندرۆژەی، کە نەخۆشکەوتووە ئامادەبێت بۆ بەکارهێنانی لە بەستنی سۆندەدا لێی. ڤینفلۆن تەنها ئەو کاتانە دەگۆڕدرێت، ئەگەر بێتو شوێنەکەی هەویکردبێت.

نووسەر دیسان ڕۆڵێکی لاوازی داوە بە دەریا وەک خوێندکاری پزیشکیی. ڕۆڵەکەی ڕۆڵی پەرستیارێکیش نییە نەک پزیشک. ، خوێندکاری مێدیسین دەبێت مێنتۆرێکی هەبێت، دەبێت بە بەردەوامیی لەگەڵ دکتۆرێکدا بێت، کە بەردەوام بۆ تەماشاکردن و چارەسەرکردنی نەخۆشەکان لە کاردان، نەک بە تەنها بێت و بچێت و پەرستیارێکیش بێت وەک منداڵێک مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

نووسەر لەم کاپیتڵەدا ڕەچاوی هەڵبژاردنی بێدەنگیی نەکردووە. کارمەندی تەندروستیی بۆی نییە زانیاریی نەخۆشەکان بگوێزێتەوە بۆ کەسی دووهەم و سێهەم یان بیباتەوەماڵەوە لەگەڵ خۆی. لێ دەریا بێباکانە لە ماڵەوە باسی فرمێسک بۆ باوکی دەکات. من دڵنیام خوێنەری دانمارکیی درکی بەمانە هەموو کردووە، لێ بێدەنگیی هەڵدەبژێرن. ئامانج لەم بێدەنگیی هەڵبژاردنەدا ئەوەیە، کە ڕۆمانەکە ئامانجێکی سیاسیی پێکاوە، کە لە قازانجی بەشێک لە سیاسییەکانی دانمارکدایە.

ئەو ڕۆژە باوکی دەریا دێتە نەخۆشخانە بۆ ئەو بەشەی کە دەریا کاری تێدا دەکات و لەگەڵ دەریادا دێتە هۆدەکەی فرمێسکەوە. فرمێسک خێرا خۆی دەخزێنێتە ناو جێگاکەی و کۆمپیوتەرەکەی لە چەکمەجەیەکدا دڵنیا دەکات و قۆپچەکانی هەتا گەردنی دادەخات. باوکی دەریا بە ڕوویەکی تووڕەوە دێتە ژوورەوە و دەڵێ، من باوکی دەریام. بە فرمێسک دەڵێ، کە نایەوێت لەگەڵ کچەکەیدا قسە لەسەر ئاگرپەرستان بکات. بەدوایدا لینەی پەرستیار دێت، دەچێت سەرینەکەی ژێر سەری فرمێسک ڕێکدەخات. ئەم کارانە بێ واتان. پەرستیاران بەمشێوەیە کارناکەن، دەشێت ئەمجۆرە کارانە لەگەڵ ئەو پیرەژن و پیرەمێردانەدا بکەن، کە توانای کردنی هیچ شتێکیان بۆ خۆیان نییە. لێ بۆ گەنجێکی وەک فرمێسک بێ واتایە و دەرخستنی نەبوونی شارەزایەتییە لە چلۆنێتیی کارکردنی پەرستیاران و کۆمپێتێنتیان. پەرستیارێک تەنها لەبەرخاتری ڕێکخستنی سەرینی ژێر سەری نەخۆشێک هەرگیز نایەتە لای نەخۆشێک، بەتایبەت لە دانمارکدا.

لینە بە تووڕەییەوە بە باوکی دەریا دەڵێ، کە ئەوان ڕازیی نین بەوەی، کە بە بەردەوامیی تێلێفۆن بکات بۆ دەریا لەکاتی کاردا. باوکی دەریا دەڵێ، ئێمە لە دوو کولتووری جیاوازەوە هاتووین و من دەبێت بزانم، کە کچەکەم چیدەکات. لینە دەڵێ، دەبینم، منیش دەمەوێت، کە دەریا کارەکەی بکات. پاشان هۆدەکە بەجێدەهێڵێت و بە دەریا دەڵێ، کە لە دواییدا بێتە لای بۆ قسەکردن.

لێرەدا نووسەر ڕۆڵێکی زۆر لاوازی داوە بە خوێندکارێکی مێدیسین و خستوویەتییە بن دەستی پەرستیارێک، کە تەواو دوورە لە ڕیالیتێتەوە. پاشان دەریا منداڵێکی باخچەی ساوایان نییە، هەتا پێداگۆگێک لەگەڵ دایک و باوکی قسە بکات. بەڵکوو دەریا مرۆڤێکی گەییوە و ڕێگانیشاندەرەکانی ڕاستەوخۆ لەگەڵ خۆی قسە دەکەن، نەک لەگەڵ دایک و باوکی. ئەمە لە ژیانێکی ڕیاڵدا، لێ نووسەر لێرەدا بۆ دروستکردنی دیالۆگ، چەندەها ڕێگای ناڕاستی گرتۆتەبەر.

باوکی دەریا و فرمێسک چەند دیسکووسیۆنێکی درێژ لەسەر ئایین دەکەن و پاشان باوکی دەریا بەبێ ماڵئاوایی هۆدەکە بەجێدەهێڵێت و دەڕوات. فرمێسک چاوی لەسەر باوکی دەریایە لەکاتی چوونەدەرەوەیدا، دەریای بەدوای باوکیدا دەڕوات. فرمێسک ئاسۆسیرەی باروودۆخەکە لەگەڵ ژیانێکی ڕابووردییدا دەکات. لێرەدا فرمێسک دەستدرێژیی سێکسیی دەکرێتە سەر و بە زۆر ئۆڕاڵ سێکسی لەگەڵدا دەکرێت، فرمێسک دەڕشێتەوە بەسەر پێڵاوەکانی پیاوەکەدا. بیرەوەییەکی تاڵ و ناخۆش. فرمێسک ئارەقێکی زۆر دەکاتەوە و هێڵنجی دێت، وەک ئەوەی هەر ئێستا دیسان هەمان باروودۆخ تێیدا ڕوودباتەوە. هەستێک کە هەرگیز کۆن نەبێت و لە هەموو کاتێکدا ئامادەی دەرکەوتن بێت.

دەریا جلی کاری داکەندووە و بە جلی پریڤاتەوە دانیشتووە، فرمێسک لە هۆدەکەی خۆیەوە دەیبینێت. دەریا دێتە ژوورەوە و دەیەوێت بزانێت، کە ئاخۆ فرمێسک دەیبوورێت یاخوود نەخێر؟ فرمێسک دەڵێ، ناتوانێت جارێکی تر باوەڕی پێبکات، ناتوانێت جارێکی دی باوەڕی بە کەس هەبێت. هێندە نابات، کە فرمێسک چیدی گوێی لە دەریا نابێت، تەنها دەبینێت، کە دەمی دەجوڵێنێت و نووقمی بیرەوەرییە تاڵەکانی دەبێت. بە کتێبێکی قورئان دەکێشرێت بە پشتی سەریدا. پیاوەکە جەستە لاواز و بچکۆلانەکەی فرمێسک هەڵدەگرێت و دەیباتە ژێرزەمینەوە. هەر هەمان پیاوە کە دەستدرێژیی سێکسیی دەکاتە سەر. دەریا دەیەوێت قسەی لەگەڵدا بکات و دەپرسێت، کە ئاخۆ هەموو شت تەواوە؟ فرمێسک بە دەنگێکی لاوز و نزم دەڵێ، دەمەوێت تەنها بم. ئەم بیرەوەرییە هی سەردەمی منداڵیی فرمێسکە، کە محەممەدی برای دەستدرێژیی سێکسیی دەکاتە سەر و پاشان هەڕەشەی کوشتنی لێدەکات، ئەگەر بێتو بۆ دایک و باوکی بگێڕێتەوە. محەممەد ئیمامی مزگەوتێکە و دایکی باوەڕێکی گەورەی پێی هەیە.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کاپیتڵ 13:

چلۆن حەیا و حورمەت دەپارێزیت، چلۆن ناهێڵرێت حەیا و حورمەتت بریندار بکرێت؟ بە بەشوودانی کچەکان، بە دیسان بەشوودانەوەی بێوەژنەکان.

نووسەر لەم کاپیتڵەدا ئاماژەی بە مێژوویەکی دیارییکراو کردووە، ئیدی یان ئەوەتا ئەم مێژووە قسە لەسەر ڕیالیتێتێک دەکات یان ئەوەتا فەنتازیای نووسەر خۆیەتی.

ئەنوەر و ڕەشید دوو کەڕاکتەری جیاواز، لێ هێشتا نزیک لەیەکەوە، دوو کەسایەتیی سادیست، دوو بەلاڕێداچوو، کە پێکەوە جەیران دەکووژن. جەیرانی خوشکی فایەق، کە دەکاتە زڕباوکی ئەنوەر. ڕەشیدیش زڕبرای دایکی ئەنوەرە، کە پێکەوە لە شارباژێرن لەم کاپیتڵەدا. شارباژێر لە هەشتا و شەشدا هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەدا بووە و بنکەی پارتە سیاسییە کوردییەکانی وەک حیزبی شیوعیی، حسک و یەکێتیی لێبووە. واتا لێرەدا هیچ ڕووداوێک بەبێ پێزانینی هێزی پێشمەرگە ڕووینەداوە. بەشێکی گەورە و باشی کۆنترۆڵکراو لەژێر دەستی پێشمەرگەدا، ڕێگا لە ڕوودانی زۆرینەی تاوان گیراوە. من لەم ساڵەدا شانزدە ساڵ بووم و زۆرینەی ناوچەکانی ئەم دەڤەرە گەڕاوم لە سەردانی پێشمەرگەدا. شەهید عوسمانی قالەمنەوەرم بۆ یەکەمیینجار وەک پێشمەرگەی حسک لەم دەڤەرەدا دیووە. بەهادین نوورییم لێرە دیوە، چەندەها پێشمەرگە و بەرپرسی تری یەکێتییشم لێرە دیوە. حەمەجەزای ڕەوانشادم لێرە دیوە.

ئەنوەر کەسایەتییەکی قێزەونی سادیستە، لێ وەک جەنگاوەرێکی ئازادییش پیشاندەدرێت، وەک پێشمەرگە نیشاندەدرێت، کە دژ بە ڕژێمی فاشیی بەعس دەجەنگێت. دایکی ئەنوەر، بەهرە کەسایەتییەکی سادیستی تووندڕەوی ئیسلامە. بەهرە داوا لە ئەنوەری کوڕی دەکات، کە حەیا و شەرەفیان بپارێزێت و جەیرانی خوشکی فایەقی مێردی بکووژێت، چونکە لە دیدی ئەوانەوە، جەیران قەحبەیە. بەهرە پلانێک بۆ ئەنوەری کوڕی دادەنێت، کە جەیران بانگ بکات بۆ دەڤەرێک لە شارباژێر، لێ نووسەر بە تەواوەتی ناوچەکەی دەستنیشان نەکردووە، لەکوێی شارباژێر. بەهرە دەڵێ، جەیران تۆی خۆشدەوێت و بە قسەت دەکات، ئەگەر بانگی بکەیت بۆ ئەو شوێنە، ئەوا دێت. ئەنوەر پلانەکەی دایکی جێبەجێدەکات و لەگەڵ ڕەشیددا بە لۆریی دەچنە شارباژێر. ئەم دوو کەسایەتییە سادیستە بە سەرخۆشیی و بە بتڵێک ڤۆدکاوە بەڕێگاوەن، کە دواجار تووشی کارەساتێکی بچووکی لێخوڕین دەبن. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچی دەبێت ئەنوەر و جەیران لە شارباژێر یەک ببینن؟ بۆچیی لە سلێمانیی نا؟

لێرەدا نووسەر وێنەیەکی ناشیرینی جەنگاوەری ئازادیی کورد دەکێشێت، کە بە سەرخۆشیی ئاوتۆمۆبیل لێدەخوڕن و پلانی کووشتنی ژنێکیان هەیە. لە ڕێگا قسە لەسەر چۆنیەتی لەکۆڵکردنەوەی جەیران دەکەن، بە بەشوودانی بە کەسێکی نزیکی خۆیان، بەمشێوەیە بە ئاسانیی لەکۆڵ دەبێتەوە. ئەنوەر بە بەردەوامیی لە خەیاڵی قسەکانی دایکیایەتی، کە حەیا و شەرەفیان ڕزگاربکات.

**شوێنی دیداری جەیران و ئەنوەر بنکەیەکی پێشمەرگەیە.** نووسەر ئاماژە بەوە دەدات، کە کاتێک پێشمەرگەکان دەچن بۆ شەڕی ڕژێم ئێرە بەتاڵە و کوڕان قەحبەی تێدا دەگێن. کە دەگەنە شوێنەکە ئەنوەر بیری دێتەوە، کە بۆ یەکەمینجار لێرە لەم بنکەی پێشمەرگەیەدا سێکسی کردووە. ڕەشید دەڵێ، بیرت دێتەوە، کە کچێکمان بە نیوەمردوویی ڕاکێشایە ئێرە؟ کچەکە دەیقیژاند، لێ ئەمە بۆ ئێمە خۆشتر بوو. ئەو قەحبەیە دەبێت بەختەوەر بێت بەوەی، کە لەلای مردووشۆر نەکەوتەوە. لێرەدا بۆ یەکەمییجار وشەی مردووشۆر بەکاردێت. لێ لە کولتووری کوردییدا، ئەم دەربرینە هەرگیز بەوشێوەیەی نووسەر ئاماژەی پێدەکات بەکارنایەت. مردووشۆر نە وەک جنێو بەکاردێت نە وەک هەر دەربڕینێکی تری ئاست نزم. کورت و پووخت ڕەشید مەبەستی لەوەیە، کە ئەو کچەی دەستدرێژیی سێکسییان کردۆتەسەر، دەبێت بەختەوەر بێت، کە نەشیان کووشتووە.

نووسەر لە پێناسی ئەم بنکەی پێشمەرگەیەدا لە لاپەڕە 95دا دەڵێ، پێشمەرگە لەم بنکەیەدا تەنها نەخەوتووە، بەڵکوو شتی تریشیان کردووە. نووسەر مەبەستی لە دەستدرێژیی سێکسییە بۆسەر کچان و ژنان.

جەیران لە دوورەوە دەردەکەوێت دەستێک بۆ ئەنوەر بڵند دەکاتەوە و ئەنوەریش وەڵامی دەداتەوە. جەیران هاوڕێیشی لەگەڵدایە، لەگەڵ کچە ساواکەی هەنار. ڕەشید بە ئەنوەر دەڵێ، پێش دوو ساڵ ویستم جەیران بگێم، بەڵام ڕەتیکردمەوە قەحبەیە. خودا

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

دەزانێت چەند پێشمەرگە گاویانە. ئەو قەحبە پۆخڵە قەحبەیەکی گایراوە لە هەموو کوونەکاندا. قەحبەیەکی بۆگەن وەک چلۆن گوو لە کوونی قنەوە دێتەدەر.

جەیران لە گەیشتنیدا بۆ لای ئەنوەر سەری دەسووڕمێت، کە ئەنوەر ڕەشیدی لەگەڵ خۆی هێناوە. بە سەرسووڕمانێکەوە دەڵێ، چاوەڕێم نەدەکرد، کە خەڵکت لەگەڵ بێت، کوڕە خۆشەویستەکەم. خۆت دەزانیت کە من هەمیشە تۆم خۆشویستووە. جەیران بیرەوەرییەکانی منداڵیی ئەنوەر دەگێڕێتەوە، کە چەند بە ختەوەربووە بە جەیران. هەربۆیە ئەنوەر لە مێشکی خۆیدا بیردەکاتەوە، کە حەز دەکات وەک سەردەمی منداڵیی بەرەوڕووی ڕایبکردایە و خۆی بدایە بە باوەشیدا. لێ ئەنوەر ئێستا گەورە بووە و پیاوێکی گەورەیە و لەژێر کاریگەرێتیی بیرکردنەوەی دایکیایەتی، بیرکردنەوەیەکی ڕەشی ئیسلامیی تووندڕەو.

بنکەکەی پێشمەرگە بۆگەنی دێت، ڕەشید دەڵێ، جاری پێشوو کە لێرە بووین، بیرم چووە، کە خواردنەکان هەڵبگرم، بۆیە بۆگەنیان کردووە. بۆیە ناتوانن لێرە بن. پلان وەهایە لەم بنکەی پێشمەرگەیەدا ژنێک بە تاوانی شەرەف بکووژن، بەبێ هیچ بەڵگەیەک، تەنها ئەوە نەبێت، کە جەیران ڕووخۆش و دەم بەپێکەنینە. جەیران دەڵێ، بۆگەن دێت لێرە، هەستیش دەکات، کە شتێک لە ئەنوەردا تەواو نییە، هەر بۆیە بەردەوام پرسیاری لێدەکات و ئەنوەریش دەڵێ هەموو شت تەواوە. ڕەشید دەڵێ، دەبینم سەبەتەیەک خواردن و خواردنەوەتان پێیە، من زۆرم برسییە. ئەنوەر دەڵێ، لێ ناتوانین لە ژوورەوە دابنیشین لەبەر بۆگەن، هەر بۆیە دەچینە ئەو خانەی ئەوبەر. کە دەچن بەرەو خانەکە، لەوێش بۆگەن دێت و جەیران دەڵێ، بۆگەن دێت، ئەنوەر تووڕەدەبێت و پاشان جەیران هەستدەکات، کە ئەنوەر تووڕەیە، دەڵێ، هەر بۆ گاڵتە وام وت. ئەنوەر دەمانچەیەکی لەبەر پشتوێنەکەیدا شاردۆتەوە و دەستی لەسەرە. داوا لە جەیران دەکات، کە هاوڕێ بنێرێت سەتڵێک ئاویان بۆ خواردنەوە لە کانییەک بۆ بهێنێت. جەیران بە زمانی جەستە هاوڕێ ئاگادار دەکاتەوە، کە بچێت ئاوبهێنێت، چونکە هاوڕێ توانای قسەکردنی نییە. هاوڕێ بە قسەی جەیران دەکات و دەڕوات.

ئەنوەر دەستی لەسەر دەمانچەکەیەتی و دەستدەکات بە جنێوپێدان و شکاندنی جەیران، کە ئەو قەحبەیە و ناوبانگی خێزانەکەیانی شکاندووە. جەیران تووشی شۆک دەبێت و دەڵێ، من قەحبە نیم کوڕە شیرینەکەم. ئەنوەر تووڕە دەبێت، کە جەیران بە کوڕی خۆی ناویدێنێت و دەڵێ، من کوڕی تۆ نیم، تۆ قەحبەیت و خەڵکیی باست دەکەن. تۆ زۆر پێدەکەنیت بە دەم خەڵکەوە. جەیران دەڵێ، دایکت بیرکردنەوەتی پیسکردووە، من ڕوومخۆشە و لەگەڵ خەڵکیی دەم بە خەندەم، ئەمە هەموو شتێکە.

ئەنوەر چەندیینجار دەستدەخاتە سەر دەمانچەکەی و تا دواجار دەریدەهێنێت و دەینووسێنێت بە پشتی جەیرانەوە، ئینجا جەیران هەستدەکات، کە ئەنوەر بە ڕاستیەتی. دەستدەکات بە پاڕانەوە لە ئەنوەر هەتا نەیکووژێت و کچە ساواکەی بێ دایک نەکات. ئەنوەر نەرم دەبێت و دەمانچەکە لەسەر پشتی لادەبات. پاشان ڕەشید هاوار دەکات و تووڕە دەبێت لە ئەنوەر و دەستدەخاتە سەر دەمانچەکە و زۆر لە ئەنوەر دەکات کە بە پشتی جەیرانیەوە بنووسێنێت و بیتەقێنێت.

کاپیتڵەکە بە تاوانێک کۆتایی دێت، کە کۆرپەیەکی شیرەخۆری تێدا بێ دایک دەکرێت، کۆرپەیەک، کە خوێنی دایکی دواهەمیین گەرمیی دایکیەتی، کە پێیدەگات.

## کاپیتڵ 14:

تووڕەیی خەسوو و پلانی خەتەنەکردنی کوڕەزاکەی، ناوەخنی ئەم کاپیتڵەیە. نووسەر پێناسی دوو ژن دەکات، کە بە ڕێگاوەن بۆ ماڵی ڕووبار، بۆ خەتەنەکردنی فرمێسک. خەتەنەکردن وەک دەرکردنی شەیتان لە جەستەی فرمێسکدا. دوو ژن، کە یەکێکیان خاوەنی ویستێکی سەقامگیرە. ئەوی تریان ژنێکی کوڕەوەبووە لە هەموو بەشێکی جەستەیدا و بە چەنگەیەکی کووتراوەوە. ژنە دەمخوارەکەیان بەوی تریان دەڵێ  وا نزیکدەبینەوە. ئەم ژنە دەمخوارە بەهرەیە، خەسووی ڕووبار. نووسەر ڕقێکی گەورە بەرانبەر ئەم ژنە پیشاندەدات. ژنە چەناگە کووتراوەکە، پیرەژنێکی خەتەنەکارە و ناوی مەعسومە.

## کاپیتڵ 15:

## مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

## "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

بەهرەی خەسوو لە دەرگا دەدات. گەوهەری دایکی ڕووبار لەگەڵ ڕووباردا دەڕوات بۆ دەرگاکردنەوە. ڕووبار بابانی کوڕی ئاگاداردەکاتەوە، کە ئاگای لە خوشکەکەی بێت. بەهرە و مەعسوم خۆیان دەکەن بە ژووردا و بەهرە دەڵێ، کچەکە لەکوێیە؟ دەبێت ئیمڕۆ شەیتان لە جەستەیدا دەربکەین، دەبێت خەتەنەی بکەین. ڕووبار بە گریانەوە لەبەر پێی بەهرەدا دەکەوێت، کە ئەو شتە نەکات، چونکە کچەکەی نەخۆشە و بەرگە ناگرێت و دەمرێت. بەهرە دەڵێ، ئەگەر کچێکی بەهێز بێت ئەوا لە ژیاندا دەمێنێتەوە و لە ئایندەشدا دەشێت ببێتە کچێکی بەحورمەت. مەعسوم کۆمەڵێک گڵاسی شکاو لە پارچە پەڕۆیەکدا ئامادە دەکات، وەکئەوەی بەنیاز بێت بە گڵاسی شکاو فرمێسک خەتەنە بکات. دەشێت ئەمجۆرە خەتەنەکردنە لە سۆماڵ و بەشێکی ئەفریقادا بوونی هەبێت، لێ لە کوردستاندا بەهیچ شێوەیەک بوونی نییە. نووسەر باس لە ساڵی هەشتا و شەش دەکات، سەردەمێک، کە بەعس بە واتای وشە حکومڕانێکی زاڵدەست و سێنترال بوو. ئەوانەی لەو سەردەمەدا خەتەنەی کوڕان و کچانیان دەکرد، کارمەندی تەندروستیی بوون، پەرستیاربوون، ئینجا ژن بووبێت یان پیاو بووبێت هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت. ئێستا ئەگەر بیر لەو باروودۆخەی بکەینەوە، دەپرسین، کە ئاخۆ بۆچیی پەرستیار ئەم کارەی کردووە، ئەوا دەکرێت تەنها گومان لەوە بکەین، کە ئەم کارە لەلایەن پزیشکانەوە دێلیگیرە کراوە، واتا ڕێگاپێدراو کراوە، کە پەرستیاران بیکەن.

دوای گریان و پاڕانەوەیەکی زۆر، بەهرە هیچ گوێ بە قسەکانی ڕووبار و گەوهەر نادات. پاشان ڕووبار دەڵێ، دەبێت سەرەتا لەگەڵ پیاوەکەم قسە بکەم لەو بارەیەوە. پیاوەکەم چەند ڕۆژێکە نەهاتۆتەوە.

بەهرە دەڵێ، **پیاوەکەت لە کوردایەتییە، لە شاخە و دژ بە ڕژێمی بەعس، لەپێناوی ئازادییدا دەجەنگێت**. نووسەر لەم ڕێگایەوە، هەوڵی سووکایەتییکردن بە کوردایەتییش دەدات، هەوڵی سووکایەتییکردن بە ئازادییش دەدات، کە پیاوی کورد لە ڕێگایەوە هیچ ناکات بێجگە لە چەوساندنەوەی ژن و منداڵ نەبێت، هیچ ناکات بێجگە لە کووشتنی ژن و دەستدرێژیی سێکسیی بۆ سەر کچان و منداڵان نەبێت.

بەهرە بە ڕووبار دەڵێ، تۆ پێویستە ڕێز پێشان بدەیت و ڕێگا بدەیت، کە کچەکەت خەتەنە بکرێت. ڕووبار دووبارەی دەکاتەوە، کە دەبێت سەرەتا قسە لەگەڵ ئەنوەری مێردی بکات. پاشان ڕووبار بە بەهرە دەڵێ، لە کوێی قورئاندا هاتووە، کە کچان دەبێت خەتەنە بکرێن. بەهرە تووڕە دەبێت و دەڵێ، تۆ بۆت نییە، وانەی ئایینیی بە من بڵێیتەوە. پاشان ڕووبار باس لە سورەتی نەوەت و پێنج و کۆپلەی سێ و چوار بۆ بەهرە دەکات. دواجار بەهرە ڕادەوەستێت و دەڵێ، من دیسان دێمەوە، دوای ئەوەی قسەت لەگەڵ پیاوەکەت کرد.

کاپیتڵ 16:

لەم کاپیتڵەدا ڕووبار لە خەمی کچەکەیدایە و دەترسێت، کە ئەنوەری باوکی بیکووژێت. ڕووبار هەستدەکات و دەزانێت، کە ئەنوەری مێردی جەبرانی کووشتووە. هەربۆیە بۆ دایکی دەگێڕێتەوە، کە دوێنێ ئەنوەر و ڕەشید و ئامۆزایەکی بە ناوی کەماڵ هاتوونەتە ماڵەوە و قسەیان کردووە. ڕووبار دەڵێ، کە ئەویان کردۆتە چێشتراڕەوە هەتا نەزانێت، کە قسە لەسەر چی دەکەن. پاشان ئەنوەر فرمێسکی کچی هەڵدەگرێت و پێشانی ڕەشید و کەمالی دەدات.

ئەوەی جێگای سەرنجە، نووسەر لەم کاپیتڵەدا دیسان لە دەمی دایکی خۆیەوە ئەنوەری وەک جەنگاوەری ئازادیی پێناسدەکات، وەک پێشمەرگە پێناسدەکات، هەروەکوو چلۆن لە دەمی بەهرەی خەسوویەوە، ئەنوەر وەک پێشمەرگە دەناسێنێت. ئامانجی نووسەر لێرەدا، پیشاندانی ڕوویەکی ناشیرین و قێزەون و سادیستی بوونەوەری ئازادیی کوردە بە کۆمەڵگەی دانمارکیی. بەشێکی گەورەمان، برا و باوکمان پێشمەرگە بوون و جەنگاوەری ئازادیی بوون، لێ ئاخۆ یەکێک لە ئێمە بەمشێوە ناشیرینە باوک و برای خۆی ناسیوە؟ لە سەرەتای دوو هەزارەکاندا لە نزیکەوە دوو پێشمەرگەی دێرینم ناسیی، کە دوو نموونەی جوانی کۆمەڵگەی کوردیی بوون. یەکیان عومەرە سوورە، کە بە شەهید عومەر ناسراوە. هۆنراوەیەکی درێژم وەک ڕۆمانەشیعر لەسەر داستانی عومەرە سوور نووسیوە بە ناوی چرپەی باوە. شەهید عومەر، لە کارەساتەکەی قرگەدا چاوێکی لەدەستدەدات. دووهەمیان گۆران عەزیزە، کە قاچێکی لە پێناوی ئازادیی کورددا داناوە، لەسەر گۆرانیش هۆنراوەیەکی ڕۆمانەشیعرم بە ناوی سەماکی پێشمەرگە نووسیوە. لە دیداری ئەم دوو پێشمەرگە دێرینەدا ئەوەی هەتا ئێستا لەگەڵ خۆمدا هەڵمگرتووە، ئەوەیە کە دەیانگووت، ئێمە هەموو کچان و ژنانی کوردستانمان وەک خوشک و دایکی خۆمان تەماشا دەکرد. ئینجا بزانە ڕێزی کچان و ژنانی کورد لەلای پێشمەرگە

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

لە چ ئاستێکدا بووە، ئەمانە پێشمەرگەی کۆمەڵەی ڕەنجدەران بوون. بیهێنە بەرچاوی خۆت، کە دیداری پێشمەرگەیەکی حیزبی شیوعییت بکردایە، چلۆن باس لە مامەڵەی کچان و ژنان دەکەن، کە من بەشێک لە کەسوکارم شیوعیی بوون و بەشێکیش یەکێتیی.

خەڵکیی نەدەبووە پێشمەرگە بۆ ئەوەی دەستدرێژیی بکاتە سەر خەڵکیی، لەپێش هەموو کەسێکەوە سەر ژن و منداڵی خۆی، بەڵکوو بەپێچەوانەوە پێشمەرگە بەتەنگ ئەوەوە دەچوو، کە دەستدرێژیی نەکرێتە سەر هیچ خێزانێکی کورد. پاشان بە تەنها کوڕان نەدەبوونە پێشمەرگە، بەڵکوو کچانیش دەبوونە پێشمەرگە، کچانیش هاوشێوەی کوڕان لە زیندانەکانی بەعسدا دەکووژران. دیارترین نموونە لەیلا قاسمە، کە هەتا ئێستا سیمبوڵی ئازادییە نەک بە تەنها بۆ ژنانی کورد، بەڵکوو بۆ پیاوانیش.



شەهید لەیلا قاسم

شەهید لەیلا قاسم، ساڵی 1952 لە گوندی بامیلی سەر بە شاری خانەقین لە خێزانێکی هەژار و نیشتمانپەروەری کورددا لەدایک بووە. لەیلا قاسم زانستی کۆمەڵناسیی لە بەغداد خوێندووە. لە کۆتایی مانگی نیسانی ساڵی 1974 دا، لەیلا قاسم لەگەڵ چوار لە هەڤاڵەکانیدا، کە پیاو بوون، لەلایەن بەعسەوە دەستبەسەر دەکرێن. بەڕێوەبەری دەزگای هەواڵگریی بەعس، بە لەیلا قاسم دەڵێت، کە داوای لێبووردن بکات، کە هەڵستاوە بە کارکردن دژ بە ڕژێمی بەعس. لەیلا قاسم لە وەڵامدا دەڵێ، کە ئەو داوای لێبووردن

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

تەنها لە گەلەکەی دەکات. لەیلا قاسم دەڵێ، بە کوشتنی من هەزاران کورد لە خەوی نەزانیی هۆشیار دەبنەوە، زۆر خۆشحاڵ و سەربەرزم کە گیانم فیدای ڕێی رزگاریی کوردستان دەکەم.

کاتژمێر 7ی سەرلەبەیانی رۆژی 12.05.1974 لەیلا قاسم و هەر چوار هەڤاڵەکەی لەسێدارەدران. لەیلا قاسم یەکەم ژن بوو لە مێژووی ئێراقدا لە سێدارە بدرێت.



کۆمەڵێک کچان و ژنانی پێشمەرگە لە ساڵی هەشتاکانی سەدەی بیستدا. ژنەکان جامانەیان بەسەرەوەیە، نەک وەک لەچکی ئیسلامیی، بەڵکوو وەک سیمبوڵێکی نەتەوەیی کورد. ئەمانە نەوەی دوای لەیلا قاسمن.

یابان هەموو شتی کرد و ئێستاش دەکات، کە شانازیی و شکۆی ساموڕای بپارێزێت و نەهێڵێت بشکێنرێن. ئێمەی کوردیش هەموو شت دەکەین، کە هەتا بێت شانازیی و شکۆی پێشمەرگە نەک لەسەر ئاستی جیهان بشکێنرێت، بەڵکوو لەناو کورد خۆیشیدا هیچ ڕێزێکی بۆ نەهێڵێتەوە.

گەوهەری دایکی ڕووبار لەم کاپیتڵەدا بە ڕووباری کچی دەڵێت: ئەنوەر تێکۆشەرێکی ئازادیی کورد بوو، وە هیچ شتێک لەمە گەورەتر نەبووە، کە بۆ کورد دژی ڕژێم تێبکۆشیت. ئەمە ئەو شتەیە، کە ئەنوەر بۆی ژیاوە. ئەو زۆرینەیجار چەکی پێیە، تەنانەت ئەو کاتانەش، کە لە ماڵەوەیە. چەکەکانیشی بۆگەنی بارووت و مردووی لێدێت. ئەنوەر قێزەونترین فیگوورە لەم ڕۆمانەدا، کە نووسەر وەک تێکۆشەری ئازادیی پێناسی دەکات.

شمشێرەکانی ساموڕای بۆنی یابان و بەهاری ئازادییان لێدەهات، تفەنگەکانی تێکۆشەرە فەڕەنسییەکان دژ بە نازییەکانی ئەڵمانیا، تێکۆشەرەکانی دانمارک دژ بە نازییەکانی ئەڵمانیا، تێکۆشەرەکانی پۆڵۆنیا دژ بە نازییەکا، بۆنی ئازادییان لێدەهات، نەک بۆگەنی بارووت و بۆنی مردووی لێبێت. هیچ لەمانە بەوشێوەیە تێکۆشانی کچان و کوڕانی خۆیان بە چاوێکی کەم تەماشا نەکردووە.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

Una mattina mi sono alzato
O bella ciao, bella ciao, bella ciao, ciao, ciao
Una mattina mi sono azalto
E ho trovato l'invasor.

لە بەیانیدا من هەستام
ئۆ ماڵئاوا ئەی جوان، ماڵئاوا ئەی جوان، ماڵئاوا ئەی جوان، ماڵئاوا، ماڵئاوا
لە بەیانیدا من هەستام،

گەوهەری دایکی ڕووبار، بە ڕووبار دەڵێ، کە ئەو هیچ ناتوانێت بکات بۆی. ڕووبار زۆر لە خەمی فرمێسکی کچیدایە و پێیوایە، کە ڕۆژێک ئەنوەری باوکی دەیکووژێت، هەربۆیە داوا دەکات، کە لە ماڵی باوکی بژیین. دایکی ڕووبار پێشنیار دەکات، کە فرمێسکی کچەزای بەرێتە لای خۆیان و بۆیان بەخێوبکەن. کچەکەی ڕووبار لاوازە و شیرناخواتەوە، لێ ڕووبار بە دایکی دەڵێ، دەتەوێت کچەکەم لێبەریت؟ دایکی دەڵێ، نەخێر، بەڵام دەمەوێت بە تەنگیەوە بێم، هەرگیز بیر لەوە ناکەمەوە، کە کچەکەت لێبەرم. ڕووبار هەموو هەوڵێک دەدات، کە دایکی تێبگەیەنێت، کە ئەنوەر ئامادەیە کچەکەی بکووژێت. گەوهەری دایکی دەڵێ، بڕواناکەم ئەنوەر هەتا ئەو ئاستە بڕوات. ڕووبار دەڵێ، ئەو لە منی داوە و لە بابانیشی داوە، کە نزیکبووەتەوە لێی. ئەو هەڕەشەی لێکردووم، کە فرمێسک بە زیندوویێتیی بنێژێت. گەوهەر لە ڕووباری کچی نزیکدەبێتەوە و دەڵێ، ئەوە دەڵێی چی؟ ڕووبار دەڵێ، ئەنوەر دەیەوێت، کچەکەم بە زیندوویێتیی بنێژێت. دایە ئەو بە ڕاستیەتی، زۆر بە ڕاستیەتی، ئەو جەیرانیشی کووشت، ئەوە ئەو بوو، کە جەیرانی کووشت.

گەوهەر پەلی ڕووباری کچی دەگرێت و دەڵێ، من گوێم لێ بوو. گوێم لێ بوو، ڕەشیدیش لەوێ بوو. ڕووبار دەڵێ، چیت گوێ لێ بوو؟ گەوهەر دەڵێ، هاواریان دەکرد بەسەر جەیراندا. ڕەشیدیش هاواری بەسەر ئەنوەردا دەکرد و لەپڕ تەقە کرا. ڕووبار دەڵێ، من تێناگەم، لەکوێ گوێت لەمە بووە؟ گەوهەر دەڵێ، من ڕێکۆردێکم دۆزییەوە، لە ڕیکۆردەکەدا گوێم لێی بوو. ڕووبار دەڵێ، ئەو بەدوای ئەو ڕیکۆردەدا دەگەڕێت. ئەو دەزانێت؟ دەزانێت، کە تۆ گوێت لێی گرتووە؟ گەوهەر دەڵێ، نەخێر نازانێت. لێ تۆ نازانیت کە کێ تەقەی کردووە. پاشان گەوهەر بە پرۆشییەکی گەورەوە بە ڕووباری کچی دەڵێ، ئەنوەر بۆی نییە بزانێت، کە تۆ ئەم شتە دەزانیت، کەس بۆی نییە بزانێت.

کاپیتڵ 17:

لەم کاپیتڵەدا نووسەر دیسان ناوی مردووشۆر بەکاردەهێنێت، لێرەدا گەوهەری دایکی ڕووبار وەک مردووشۆر دەردەکەوێت. لێرەدا قسە لەسەر ئەو لاشانە دەکرێت، کە گووناهبارن، هەروەکوو چلۆن مرۆڤ لە ژیاندا خاوەنی ڕێز و خاوەنی بە چاوی کەم تەماشاکردنە، لە مەرگیشدا هەمانشێوە. هەندێک مردوو خاوەن ڕێزن و هەندێکیش بە چاوی کەم تەماشا دەکرێن. ئەمانە ئەوانەن، کە ناونراون قەحبە، کاتێک دەکووژرێن، گەوهەری دایکی ڕووبار دەیانشوات. لەم کاپیتڵەدا فرمێسکی کچی ڕووبار لە ماڵی گەوهەرە و ئەوان بەخێوی دەکەن. لەم کاپیتڵەدا پێناسێکی ماڵی گەوهەر کراوە، کە چی تێدایە و لە چی پێهکاتووە. لەم کاپیتڵەدا گەوهەر و دەروێشی مێردی سەرقاڵی دروستکردنی سرکەی ترێ و شەرابن. مردووشۆرێک، کە شەراب دروستدەکات و دەیفرۆشێتەوە.

کاپیتڵ 18:

لەم کاپیتڵەدا ئەنوەر و ڕووبار و بابانی کوڕیان سەردانی ماڵی دایک و باوکی ڕووبار دەکەن. گەوهەری دایکی ڕووبار کۆمەڵێک خواردنی خۆشی کوردەواریی دروستکردووە، برنج و فاسۆلیا و مریشکی سوورەوەکراو و شلەی بامێ و دۆڵمە و ترشیات.

مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

"لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

ئەنوەریش کەسێکی نەوسنە و حەزی لە خواردنەکانە. نووسەر دەڵێ، دەشێت هەر لەبەرخاتری خواردنەکان هاتبێت، نەک بۆ دیداری کچەکەی.

لەکاتی نانخواردندا دەروێش پرسیار لە ئەنوەری زاوای دەکات، کە ئاخۆ ئەمجارە زۆر دوورلێیخوڕیوە بۆ کار یاخوود نا؟ ئەنوەر دەڵێ، هەتا سەر سنوری ئێران لێمانخوڕیی، لەم کاتەشدا دەستێک درێژ دەکات بۆ دۆڵمە خواردن. نووسەر لێرەدا کەڕاکتەرێکی ناسیڤیلانەی داوە بە ئەنوەر، کە تەنانەت ئێتیکی نانخواردنیشی نییە، بە دەست ناندەخوات و دەستەکانیشی هەر بە ئەژنۆ و ڕانی دەسرێت، دەمی بە قۆڵی کراسەکەی خاوێن دەکاتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئاخۆ کەس لە ئێوە پێشمەرگەیەکی ئاوهای دیوە؟

نووسەر لێرەدا لە دەمی باوکی ڕووبارەوە دەڵێ، کە ئەنوەر بە پارە زانیاریی بۆ پێشمەرگە دەگوێزێتەوە. لێ هەرگیز کوردایەتیی و پێشمەرگایەتیی بۆ کۆکردنەوەی پارە نەبووە، بەتایبەت لە ساڵی هەشتاوشەشدا کە بەشێکی گەورەی کورد خاوەنی ڕۆحێکی کوردایەتیی بوون و لەو پێناوەشدا ئامادەبوون بمرن. خەڵکیی بە گیانی کوردایەتییەوە زانیارییان بە پێشمەرگە گەیاندووە، لێ پێچەوانەکەی جاش و سیخوڕەکان بە پارە زانیارییان بۆ بەعس گواستوتەوە. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچیی نووسەر ئەم کارەی لە ڕۆمانەکەیدا کردووە؟ وەڵام، بۆ شکاندنی شکۆی پێشمەرگە.

نانخواردنەکە بەوشێوەیە نارِوات بە ڕێگاوە، کە دەروێش و گەوهەری ژنی هیوایان پێدەخواست. دواجار ئەنوەر پەسەندێتیی بەوە دەدات، کە فرمێسکی کچی لەلای ئەوان بمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی دەتوانرێت بەکاربهێنرێت. مەبەستی ئەنوەریش لێرەدا بەشوودان یان هێنانەوەیەتی بۆ خزمەتکاریی لەماڵەوەدا.

کاپیتڵ 19:

ئەم کاپیتڵە کورتە، هەر دوو لاپەڕەیە. نووسەر لەم کاپیتڵەدا دەگەڕێتەوە بۆ نەخۆشخانەی سکایبی لە شاری ئارهوس. فرمێسک لەسەر جێگا ڕاکشاوە و دەڵێ، ماندوو بووە لە سووپ خواردن، لە شۆربا خواردن. لینەی پەرستیار، کە لە ژوورەکەدایە لەگەڵ فرمێسکدا و دەڵێ، بەڵام پێویستە ئەم شۆربایە بخۆیت، چونکە گەدەت و ڕیخۆڵەکانت بەرگەی خواردنی ڕەق ناگرێت. لینە دیسان خەریکی سەرین ڕێکخستنە. سەرینێک لەژێر قاچی فرمێسکدا ڕێکدەخات.

وەک پێشتر ئاماژەم پێدا، پەرستیار سەرقاڵی ئەم کارانە نییە لە نەخۆشخانەدا، جێگا تەنها بۆ پیرەکان ڕێکدەخرێت، کە خۆیان توانایان نییە. کات ئێوارەیە، نووسەر دەنووسێت، کە فرمێسک لە بەیانیی زووەوە مۆرفینی دراوەتێ، لێ نەینووسیوە بۆچیی؟ مۆرفین مێدیسینێکی بەهێزی ئازارە، تەنها لەو کاتانەدا بەکاردێت، کە نەخۆش ئازارێکی گەورەی هەبێت. لێ خوێنەر نازانێت بۆچی فرمێسک ئازاری هەیە، بۆچی دەبێت مۆرفین وەربگرێت.

لینە شۆرباکە دیسان بۆ فرمێسک گەرمدەکاتەوە. فرمێسک دەپرسێت، کە ئاخۆ کەی بۆی هەیە بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە؟ لینەی پەرستیار دەڵێ، چەند هەفتەیەکی تریشت دەوێت. لینە دەڵێ، دەبێت کۆنترۆڵی دڵۆپەکەت بکەم. لێرەدا نووسەر مەبەستی لە ئینفوسیۆنە، ئینفوشیۆن (Infusion). لە باشووری کوردستاندا، لە نەخۆشخانەکاندا بە ئاوی مقەتەر ناوی دەبەن. لێ ئەمە هەم نیوە کوردیی و نیوە عەرەبییە و هەمیش نازانستیانەیە، بۆیە من بەوشێوەیە ناوی نابەم. لێ دەتوانین بە تێراپیی ئاو ناوی بهێنین. دەگووترێت، کە لە ئێستادا لەبری ئاوی مقەتەر سڵاین (Slain) بەکاردێت. هۆکارەکەی چییە نازانم، لێ سڵاین بە واتای کووشتن دێت. دەشێت مەبەست لە کووشتنی بەکتریابێت لە ڕێگای ئەنتیبیۆتیکەوە. وەک گووتم تێراپیی ئاو گوونجاوترە، چونکە لە زمانی ئینگلیزییشدا بە زانستی مێدیسین، هەر بە تێراپیی ئینفوشیۆن بانگدەکرێت.

لینە دەڵێ، پێویستە کیسەکەشت بگۆڕم، واتا بتڵێکی نوێی بۆ دابنێت.

پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کێ ئینفوشیۆن وەردەگرێت؟ وەڵام. کۆمەڵێک هۆکار هەن بۆ وەرگرتنی ئینفوشیۆن. بۆ نموونە وشکبوونەوە بەهۆی خواردنەوەی زۆر کەمی ئاوەوە. خوێن بەربوون، یاخوود کاتێک نەخۆش لە شۆکدایە یاخوود دژ بە هەوکردن لە ڕێگای بەکتریاوە، هەربۆیە ئەنتیبیۆتیکوم تێکەڵ بە ئینفوسیۆن دەکرێت و دەدرێت بە نەخۆش. بەڵام خوێنەر نازانێت، کە فرمێسک چ کێشەیەکی تەندروستیی هەیە. لە کاپیتڵی پێنجدا، لە لاپەڕە چل و شەشدا، نووسەر لە دەمی دەریاوە دەڵێ، کە فرمێسک پۆست تراوما شترێسی هەیە. پاشان ئەوەی ئینفوشیۆن وەردەگرێت، ڕێژەیەک وەردەگرێت، کە پزیشک بریار لەسەری دەدات، کە چەند

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

وەربگرێت، نەک پەرستیارێک. خاڵێکی تر، لینەی پەرستیار بە فرمێسک دەڵێ، بتڵێکی تری دەداتێ، هەتا ئامادە بێت بۆ نەشتەرگەرییکردنی لە ڕۆژی ئایندەدا. واتا فرمێسک سبەینێ نەشتەرگەریی دەکرێت، لێ خوێنەر نازانێت بۆچیی؟

لینە بە فرمێسک دەڵێ، کە دەریای بینیوە لەگەڵ نەخۆشێکی تردا، ئاخۆ بۆی هەیە بێت سەردانت بکات، لەدوای ئەوەی، کە لە کار تەواو بوو؟ فرمێسک دەڵێ، بەڵێ بۆی هەیە. ئەم جۆرە مامەڵەیە نانۆرماڵە، چونکە کاتێک کۆنفلیکت، کێشە لەنێوانی کارمەند و نەخۆشدا دروستدەبێت، ئیدی ئەو کارمەندە ناچێتەوە بۆ لای ئەو نەخۆشە، هەتا ڕێگا لە کەوتنەوەی کێشەی زیاتر بگیرێت. ئەمە یاسای کارە، بەتایبەت لە وڵاتی دانمارک. لێ نووسەر لە ڕێگای پەرستیارێکەوە، دەریا دەهێنێتەوە لای فرمێسک. دیسانەوە پەیوەندیی نێوان خوێندکارێکی مێدیسن و پەرستیارێک قووتدەکاتەوە، لەکاتێکدا دەبوو نووسەر پەیوەندیی نێوان خوێندکارێکی مێدیسین و پزیشکێکی دروستبکردایە.

دەریا گلەیی ئەوە دەکات، کە باوکی بەزۆر دەیدات بە شوو، کە خۆی پێی خۆش نییە، بەتایبەت کە کەسەکە سەر بە خێزانی خۆیان بێت. فرمێسک ناخۆشحاڵە بەم دۆخە و لێ نایەوێت بیکات بە کێشەی خۆی.

پاش قسەکردنێکی کەم. فرمێسک سەرنجی خۆرئاوابوون لە نێوانی دارستانێکی پێش نەخۆشخانەکەدا دەدات، کە لە پەنجەرەی هۆدەکەیەوە دەیبینێت. فرمێسک لێرەدا هەوڵدەدات، کە ئەدەبیی بێت. بە دەریا دەڵێ سەرنجبدە، تەماشای سێبەری ڕەنگەکان بکە، بیر لەم ڕەنگە جوانە بکەرەوە. ئینجا داوا لە دەریا دەکات، کە پەنجەرەکە بکاتەوە، هەتا هەندێک هەوای خاوێن بێتە ژوورەوە. ئینجا بە دەریا دەڵێ، دەتوانیت بۆن بکەیت؟ ئەمە بۆنی شێ و گیا و خۆڵی ئێوارانە، من ئەم بۆنەم خۆشدەوێت. لە کولتووری کوردییدا دەگووترێت حەزم لێیە. لێ لە کولتووری دانمارکییدا دەگووترێت خۆشمدەوێت، تەنانەت بۆ خواردن و خواردنەوەش لەبری حەز هەر خۆشەویستیی بەکاردێت. نووسەر بە کوردیی بیرناکاتەوە، بەڵکوو بە دانمارکیی بیردەکاتەوە. لەکاتێکدا نووسەر لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ، کە بە کوردیی بیریکردۆتەوە و بە دانمارکیی نووسیوویەتی.

فرمێسک بە دەریا دەڵێ، باوەڕدەکەیت ئاسمان چ ڕەنگێکی هەیە؟ دەریا دەڵێ، پرتەقاڵیی، نازانم. لێرەدا فرمێسک قسە لەسەر ڕەنگ و جوانی ڕەنگ دەکات و وەک هێزی کاریگەریی هونەری وێنەکێشان نیشانی دەدات. دەریا دەپرسێت، کە ئاخۆ فرمێسک تابلۆکێشە؟ فرمێسک دەڵێ، نەخێر، لێ پێشتر دەمکرد تا ئەو کاتەی کە سووتان. سووتان، دەریا دووبارەی دەکاتەوە؟ فرمێسک دەڵێ، نامەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم. دەریا دەڵێ، لەوە تێدەگەم، کە زۆر شت هەیە، تۆ ناتەوێت قسەیان لەسەر بکەیت. فرمێسک دەڵێ، دوودڵ مەبە لەوە، من دیداری باوکتم کردووە. دەریا خەمبارە بە ڕووداوەکەی باوکی و پاشان دەڵێ، حەزدەکەم پێمبڵێیت، ئەگەر من بتوانم شتێکت بۆ بکەم. فرمێسک دەڵێ، باوکتم لێ دووربخەرەوە.

:کاپیتڵ20

ئەم کاپیتڵە تایبەتە بە هەڵەبجە. ئامانجی نووسەر لێرەدا نادیارە. لێ ڕێککەوتێکی تایبەتی هەڵبژاردووە، کە ئەویش (23.02.1988)ە. بۆچی نووسەر دەیەوێت قسە لەسەرکارەساتی هەڵەبجە بکات، دیسان نادیارە. لەم کاپیتڵەدا گەوهەر و دەروێش و فرمێسک و ئاسۆ لە هەڵەبجەن. لە ماڵی هاوڕێیەکی کۆنی دەروێش، کە پێکەوە ئەفسەری کۆنی سووپای ئێراقیی بوون. لێرە لەم سەردانەدا شەڕ و تەقە لە دەوروبەری هەڵەبجە هەیە. دەنگی تەقە نزیک و بڵندتر دەبێتەوە، هەربۆیە ڕادەکەنە ژێرزەمینەکەوە بۆ خۆپاراستن. لێرە خاولی تەڕ بۆ دەم و لوتیان بەکاردەهێنن، چونکە گومانی ژەهراوییبوونی هەوا دەکەن. قسە لەسەر ئەوە دەکەن، کە هەواکە بۆنی شیرینە. قسە لەسەر ئەوە دەکەن، کە پێدەچێت تەنها قسە بێت و ڕاست نەبێت، دەنا کێ ژەهر دەکات بە هاووڵاتی خۆیدا؟ قسە لەسەر ڕەشبگیریی دەکەن، قسە لەسەر کڕین و فرۆشتنی کچان و ژنان دەکەن، قسە لەسەر جیاکردنەوەی پیاوەکان دەکەن، کە دەیانکووژن، وەک پیر و منداڵیش، لێ کچان دەفرۆشن. قسە لەسەر ئەنفال دەکەن، کە ئەم هێرشەیان ناوناوە ئەنفال و دەیانەوێت کورد لەناوبەرن. لێرەدا ئامانجی نووسەر هەڵقولاوی ڕۆحێکی نەتەوەیی کوردیی نییە، بەڵکوو بەکارهێنانی ئەنفالە وەک چەکێکی تری دەستی ئیسلام دژ بە مرۆڤایەتیی. ئامانجی نووسەر دەرخستنی ڕووی قورئان و ئیسلامە. لێ هەڵبژاردنی هەڵەبجە لێرەدا ئامرازێکە، تێرمینۆلۆگییەکە خزمەت بە ئامانجی نووسەر دەکات، نەک ڕاستیی. نووسەر ئاماژە بە سورەتی هەشتی ئەنفال دەکات. گەوهەر دەڵێ،ئەعوزوبیللا، سەرکەوتنی ئیسلام بەسەر کافرەکاندا. دەروێش دەڵێ، نێچیری جەنگ، دەستکەوتی جەنگ هیچی تر نا. دواجار ئاسۆی کوڕیان لە خەمی ئەوەدایە، کە کەی دەگەڕێنەوە ماڵی خۆیان. لە کاپیتڵی ئایندەدا بە ڕێدەکەون بۆ ماڵەوە.

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

نووسەر لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ میدیای کوردییدا دەڵێ، لە ڕۆمانەکەیدا باسی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفالی کردووە، ئەم پێوابوونە لە بەرنامەی ڕاوێژدا لەگەڵ بەڕێز کاک حەسەنی قازییدا دووبارە دەکاتەوە، لێ ئامانج لە کاپیتڵە بچکۆلانەکەی ژمارە بیستی مردووشۆڕدا، بەکارهێنانی ئەنفالە بۆ مەبەستی نووسەر خۆی. لێرەوە خوێنەری دانمارکیی وێنەیەکی هەڵەی ئەنفالیان پێدەدرێت. هەربۆیە لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە ڕوونکردنەوەیەکی بچووک لەسەر ئەنفال بکەم.

ئەنفال تاوانێکی کەم وێنەیە لە جیهاندا. مەگەر هۆلۆکۆست (Holocaust)، هاوشێوەی ئەنفال بێت. ئەنفال و کارەساتی هەڵەبجە ئەگەر بەسەر کورددا نەهاتایە، بەسەر هەر گەلێکی تری جیهاندا بهاتایە، هەتا ئێستا هەزاران ڕۆمان و فیلم و فیلمی دۆکۆمێنتاریی لەسەر دەردەکرا. دەبووە مێژوویەک نەک بەتەنها خەڵکی کورد ساڵانە یادی بکاتەوە بەڵکوو دەبووە مێژوویەک ساڵانە سەراپای ویژدانی جیهانی دەتەزاند. ئەنفال تاوانێک بوو، هەر بەتەنها لە دەستەڵاتی زاڵ و فاشیزمی بەعسییەکان دەوەشایەوە.

ڕەگی ئەنفال لە قورئاندایە، کە دەڵێ:

**"يَسْأَلُونَكَ عَنِ الْأَنفَالِ ۖ قُلِ الْأَنفَالُ لِلَّهِ وَالرَّسُولِ ۖ فَاتَّقُوا اللَّهَ وَأَصْلِحُوا ذَاتَ بَيْنِكُمْ ۖ وَأَطِيعُوا اللَّهَ وَرَسُولَهُ إِن كُنتُم مُّؤْمِنِينَ"**

سوورەتی ئەنفال "بەدر"ییە، چونکە ئەم ئایەتە لە ئەهلی بەدردا هاتۆتە خوارەوە. ئایەتی ئەنفال ئاگاداری مسوڵمانەکان دەکاتەوە، کە چاوبرسێتیی خوایان لەبیر نەباتەوە و لانەدەن بەلای دەستکەوتەکاندا. هەمانکات ئەو بەشانە باس دەکات، کە سیفەتی ئیسلامە، باسی پاڵپشتییکردنی خودا دەکات بۆ مسوڵمانان لە شەڕی بەدردا.

واتای ئایەتی ئەنفال:

1- جیاوازیی دەکەوێتە نێوان مسوڵمانانەوە لەبارەی دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕەوە کە لە جیهاددا بەدەستیانهێناوە.
2- ئایا دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ مافی ئەو شەڕکەرانەیە، کە دەستکەوتیان بەدەستهێناوە یان مافی هەموو شەڕکەرەکانە؟

3- پرسیارت لێدەکەن ئەی محەممەد، ئەوە پێیان بڵێ: حوکمەکەی تایبەتە تەنها بە خوداوە و پێغەمبەرەکەشی دابەشی دەکات. هەروەکوو خودا فەرمانی پێدەکات و بەبێ ئەوەی ڕای کەسی تێدا وەربگیرێت.
4- بۆتان نییە جیاوازیی بکەوێتە نێوانتانەوە لەسەر دەستکەوت کە ڕزقێکە خودای گەورە بۆی ناردوون، بە میهری خۆی هەمانکات بۆی حەڵاڵکردوون. لە خودا بترسن واز لە جیاوازیی بهێنن کە تووڕەیی خودای لێدەبێتەوە.

## هۆی هاتنەخوارەوەی ئایەتی ئەنفال؟

لە شەڕی بەدردا ئەوکاتەی مسوڵمانەکان سەرکەوتن بەسەر بێباوەڕەکاندا، جیاوازیی کەوتە نێوان مسوڵمانەکانەوە لەسەر دابەشکردنی دەستکەوتەکانی شەڕ. پیرەکان لەکاتی شەڕدا کە ئاڵای ئیسلامیان بەدەستەوە بوو و بەرزاییەکانیان گرتبوو. گەنجەکانیش شەڕیان کردبوو و پاشانیش کەوتبوونە کۆکردنەوەی دەستکەوتەکانی شەڕ. لێرەدا پیرەکان دەچن بەگژ گەنجەکاندا و داوای بەشپێدانی دەستکەوتیان دەکرد. گەنجەکان گوتیان شەڕەکە ئێمە کردوومانە و ئێمەش سەرکەوتنمان بەدەستهێناوە. کەواتە ئەم دەستکەوتانە تەنها مافی ئێمەیە نەک هی ئێوە. پیرەکان دەڕۆنە لای پێغەمبەر و گلەیی و گازندەی خۆیان بۆ محەممەد دەردەبڕن. " سعد کوڕی معاذ" لە محەممەد دێتە پێشەوە و دەڵێ: ئەی پێغەمبەر ئەوی خوا کردبووی بە بەربەست لە ئێمەی پیر هەتا وەک گەنجەکان نەتوانین دیل بگرین و دەستکەوتی شەڕ کۆبکەینەوە، ئەوە بوو ئێمە شوێنە بەرزەکانمان لە بێباوەڕەکان گرتبوو، هەتا

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

لەدواوە نەدەن بەسەر مسوڵمانەکاندا.

ڕژێمی بەعس درێژەی بە شەڕی بەدر دا، چونکە پێیوابوو، کە شەڕەکە تەواو نەبووە، دژ بە بێباوەڕان. لەم ڕووەشەوە، نەک بە تەنها ژن و منداڵی کورد دەستکەوتبوون، بەڵکوو هەموو کوردستان دەستکەوت بوو، سەددام حسینیش بە دادپەروەرییانە لەنێوانی سەربازەکانیدا بەشیدەکرد.



هەڵەبجە 16.03.1988

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"



هەڵەبجە 16.03.1988

کاپیتڵ 21:

لەم کاپیتڵەدا دەروێش و گەوهەر لەگەڵ ئاسۆ و فرمێسکدا بەڕێدەکەون بۆ سلێمانیی. لە ڕێگا دەبینین زۆر شوێن بۆمبارانکراوە و وێران بووە، لاشەکان لەسەر ڕێگا کەوتوون. نووسەر نەینووسیوە، کە لە چ ڕێککەوتێکدا بەڕێکەوتوون بۆ سلێمانیی، لێ چونکە ئەم باسە ڕاستەوخۆ دوای کاپیتڵی بیستدێت و بەستێنراون بەیەکەوە، کەواتە لە هەمان مێژوودایە، لە 23.02.1988 دا. لەم مێژووەدا هێشتا شەڕی نێوان هێزی پێشمەرگە و بەعس، لە هەڵەبجەدا نەگەیشتبووە ئەم ئاستە. کارەساتی هەڵەبجە نزیکەی بیست و یەک ڕۆژێکی ماوە ڕوو‌بدات. واتا ئەم لاشانەی، کە لە سەر ڕێگا کەوتوون بوونیان نییە.

گەوهەر بیردەکاتەوە، کە بیانشوات و بەڕێیانبکاتەوە بۆ لای خوا. ئاوات دەخوازێت، کە دەروێش ئاوتۆمۆبیلەکە ڕابگرێت و ئەویش دەستبکات بە شووشتنیان. دەروێش دەڵێ، لەبیری بکە، ڕاناوەستین، چونکە زۆر مەترسییدارە، کە ڕابوەستین. گفتووگۆیەکی زۆر لەسەر ئەمە دەکەن، پاشان لە دوورەوە دەبینن، کە سووپای ئێراق لەسەر ڕێگا ڕاوەستاون و ئاوتۆمۆبیلەکان ڕادەگرن. دەروێش لە دوورەوە عەلی حەسەن مەجید دەبینێت و لەبەرخۆیەوە دەڵێ، ئەوە عەلی حەسەن مەجیدە، ئامۆزاکەی سەددام حسین. لێرەدا نووسەر دەیەوێت، عەلی حەسەن مەجید بە خوێنەری دانمارکیی بناسێنێت. دەبینێت، کە سەربازەکان

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

ئاوتۆمۆبیلێک لە پێشەوە ڕادەگرن و پێیاندەڵێن، دابەزن و سڵاو لە جەنابی وەزیر بکەن. کاتێک دەیانهێننە لای، عەلی حەسەن مەجید دەڵێ، بۆچی گەنجێکی وەها سەرباز نییە و لە سووپا نییە؟ لێرەدا تووندوتیژیی ڕوودەدات و عەلی حەسەن مەجید دەمانچە لە گەنجەکە دەردەهێنێت و لەسەر سەری ڕادەگرێت. ژنەکەی بە قاوقریشک و گریانەوە دەپاڕێتەوە، کە مێردەکەی نەکووژێت. عەلی حەسەن مەجید تووڕەدەبێت بە دەنگی ژنەکە، چونکە هیچ تێناگات دەڵێت چی.

ئەوەی لێرەدا جێگای سەرنجە، نووسەر ئێپیزۆدەیەکی دروستکردووە، کە بەهیچ شێوەیەک لە ڕاستییەوە نزیک نییە، بەڵکوو لە ڕووداوی فیلمێکی بۆلیوود (Bollywood) دەچێت. ئەویش بەوەی، کە دەروێش دەست لەسەر هۆڕنی ئاوتۆمۆبیلەکەی دادەنێت و هۆڕنێکی گەورە و درێژ لێدەدات، هەتا سەربازەکان بە ڕاکردن بێنە لای. کاتێک سەربازەکان دێن بە تفەنگەوە و بە تووڕەییەوە دەڵێن، هۆڕن بۆ جەنابی وەزیر لێدەدەیت؟ دەروێش دەڵێ، نەخێر، بە قەست نەبوو، بەڵکوو دەستم بەریکەوت. نووسەر دەڵێ، کە دەروێش بەردەوام بە قوڵیی تەماشای چاوی سەربازەکانی دەکرد، وەک ئەوەی جەربەزەیەک بێت و نەترسێت. سەربازەکان بە تووڕەیی داوا لە دەروێش دەکەن، کە هەموویان دابەزن لە ئاوتۆمۆبیلەکە. دەروێش دەڵێ، هیچ پێویست ناکات ئەو منداڵانە بترسێنن. پاشان دەروێش بە یائەڵڵایەک دەستدەکات بە چەکمەجەی ئاوتۆمۆبیلەکەیدا و لاپەڕەیەک دەردێنێت، کە بەڵگەی ئەفسەرێتییەتی و ئەیداتە دەست سەربازێک. سەربازەکە دەیخوێنێتەوە و دەڵێ، کە ئەمە تەواوە و سەر بە خۆمانە و کۆنە ئەفسەرە. ئینجا دەروێش دەڵێ، کە کچەکەیان شوو دەکات و هاتوون بۆ جلکڕین بۆ کچەکەیان، بەڵام هیچیان نەدۆزیوەتەوە، کە بەدڵی کچەکەیان بێت. سەربازەکە دەڵێ، دەبوایە نەهاتنایە بۆ ئێرە، چونکە لێرە هیچ شتێک نییە، کە بەدوایدا بگەڕێن. لێرە هیچ شتێک نابینن بێجگە لە کوردی دز و جەردە. دواجار سەربازەکان ڕێگا بە دەروێش و خێزانەکەی دەدەن، کە لێبخوڕن و بگەڕێنەوە بۆ سلێمانیی.

من لەمساڵەدا، گەنجێکی هەژدە ساڵ بووم، هەموو جۆرە لێدانێکم بە دەستی تەواوری، قوات خاسە، جەیشی شەعبیی، ئینزیبات و تەنانەت جاشیش بینیوە. دەزانم ئەمانە کە هاتن، ناتوانیت تەماشای چاویان بکەیت، چونکە تەماشاکردنی ئەمانە بەرپەچدانەوەیان بوو، هەربۆیە زیاتر بیانگەیان پێدەگرتیت و ئامادەی کردنی هەموو شت بوون لەگەڵتدا. ئینجا نەخوازە ڕێگات بکەوێتە بەردەم عەلی حەسەن مەجید و وەک پاڵەوانێکی فیلمی بۆلیوود مامەڵە لەگەڵ سەربازەکانیدا بکەیت. ئەو سەربازانەی، کە لەگەڵ عەلی حەسەن مەجیددان، سەربازگەڵێکی نۆرماڵ نەبوون، بەڵکوو گاردی تایبەت بوون، جۆرێک لە لەشکری حەرەس جمهوریی. کێ دەیتوانی وەک کورد لە هەشتاوهەشتدا تەماشای ئەمانە بکات. ئەم سەردەمە سەردەمی ئەوە بوو، کە بەعس دەیگووت، دەبێت دارگوێزەکانی هەورامان لەبری گوێز عەگال بگرن. ئیدی تۆ ئەفسەری کۆنی سووپای ئێراق بووبیت، جاش بیت. لەبەردەمی بەعسدا هیچ نرخێکت نییە.

لێ ئامانجی نووسەر بە فریشەکردنی بنەماڵەی فرمێسک و بە پاڵەوانکردنیانە. وەک خێزانێکی غەدرلێکراو لەناو جەهەننەمی وڵاتێکی ئیسلامییدا.

عەلیی حەسەن مەجید لە کاتی دادگاییکردنیدا، لەدوای ڕووخانی بەعس، سوێند دەخوات، کە لە ژیانیدا هەڵەبجەی نەدیوە. پاشان عەلی حەسەن مەجید وەزیر نەبووە، بەڵکوو سەرکردەی، بەرپرسی گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئێراق بووە (القیادة العامة للقوات المسلحة). هیچ هێزێکی پێشمەرگە شایەتحاڵی ئەوە نەبوون، کە عەلی حەسەن مەجید هاتبێتە هەڵەبجە یان نزیک هەڵەبجە. لە کارەساتی هەڵەبجەدا، سەددام حسین ڕاستەوخۆ سەرپەرشتیاری شەڕی هەڵەبجەی دەکرد، تەنانەت بەشدارییە ڕاستەوخۆکانیشی لە تێلێڤیزیۆندا بڵاوکردەوە.

بۆ بینینی ڤیدیۆکەی عەلی حەسەن مەجید، دەتوانیت سەردانی ئەم لینکەی خوارەوە بکەیت.

https://www.youtube.com/watch?v=c_qhamGjGsc&feature=share

کاپیتڵ 22:

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

## "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

گەڕانەوە بۆ سلێمانیی، نووسەر هێشتا سلێمانیی بە زاموا ناودەهێنێت. شوێن ماڵی گەوهەر و دەروێشە. گەوهەر لەگەڵ فرمێسکدا لە باخەکەیاندان. لێرەدا فرمێسک چیتر کچی ڕووبار نییە، بەڵکوو وەک خوشک ناودەبرێن. ئاسۆ و فرمێسک خاڵ و خوشکەزانین، بەڵکوو خوشک و بران. زمانی دانمارکی نووسەر، زمانێکی نایابە، بەتایبەت لە باسکردنی چۆنێتیی دانیشتنێکی فرمێسکدا بە چیچکانەوە. کاتێک ئانیشکەکانی لەسەر ئەژنۆکانی دادەنێت و پانتایی لەپی دەستیشی لە چەناگەی گیردەکات. لێرەدا بیرکردنەوە لە سەرچاوەی زمانەکە، بەشێک دەبێت لە بیرکردنەوەی خوێنەری کورد.

گەوهەری دایکی ڕووبار بە بەردەوامیی ناوی فرمێسک وەک خوشکی ڕووباری کچی دەهێنێت، هەربۆیە زوو زوو دەڵێ، خوشکەکەشت لەگەڵ خۆت بهێنە، خوشکەکەشت بەرە لەگەڵ خۆت، ئاگات لە خوشکەکەت بێت.

لەم کاپیتڵەدا بۆ یەکەمینجار نووسەر باسی کتێبخانەیەک لە ماڵی دەروێشدا دەکات، وەک هێمایەک بۆ ئاستی ڕۆشنبیریی دەروێش. لەناکاوێکدا دەرگای حەوشە دەکرێتەوە، ئاسۆ بە شڵەژاویی خۆی دەکات بە حەوشەدا و هەر لەناو دەرگاکەوە بانگی باوکی دەکات، کە بێتە دەرەوە و تەماشا بکات. باوکی دەچێتە لای و دەڵێ، چی ڕوویداوە کوڕم؟ ئاسۆ دەڵێ، خەڵکیی باسدەکەن، کە هەڵەبجە کارەساتی گەورەی تێدا ڕوودادوە.

ئیمڕۆ گەوهەر کۆمەڵێک هاوڕێی دوعاکەری گرووپەکەی بانگکردووە بۆ ماڵەوە، هەتا پێکەوە خواردن بخۆن. ژنان لە هەیوانەکەوە بە ورتەورت دەڵێن، چی ڕوویداوە لە هەڵەبجە؟ گەوهەر بە دەروێش دەڵێ، بۆچیی نائارامن؟ دەروێش دەڵێ، شتێک لە هەڵەبجە ڕوویداوە، من دەبێت بچمە دەرەوە. ژنان دەنگە دەنگیان تێدەکەوێت و لە خەمی کەسوکاریاندان لە هەڵەبجە، ژنان بە لائیلاهە ئیلاڵڵا هاواری کوڕەکانیان دەکەن. گەوهەر و ژنان دەچنە دەرەوە، دەبیستن، کە هەڵەبجە ژەهراویی کراوە.

لەناو ئەم نائارامییەدا، تۆفیقی باوکی بەهەرە خۆی دەگەیەنێتە فرمێسک و هەوڵدەدات بە سەرینێک بیخنکێنێت. ڕووبار دەیبینێت و بە پەلە دەچێت بە تەنگیەوە. تۆفیق خۆی تێکنادات، هەتا دەرنەکەوێت، کە دەیەوێت فرمێسک بکووژێت. تۆفیق دەڵێ، لەسەرخۆ، خۆت تێکمەدە، یاریی دەکەم لەگەڵی. ڕووبار داوای لێدەکات، کە دووربکەوێتەوە لە فرمێسک. تۆفیق بە پێیەک فرمێسک پاڵپێوەدەنێت و فرمێسکیش دەترسێت و دەستدەکات بە گریان. ڕووبار تووڕە دەبێت و بە تۆفیق دەڵێ، بکووژ. ئینجا خێرا پەشیماندەبێتەوە و دەڵێ، ببوورە، چونکە دەترسێت لەسەر ئەم قسەیە لە ماڵەوە لەگەڵ ئەنوەری مێردیدا تووشی کێشە بێت. تۆفیق هەڕەشەی گێڕانەوەی ئەم قسەیە بۆ ئەنوەر لە ڕووبار دەکات.

کاتێک دەروێش و گەوهەری ژنی دێنەوە حەوشەی ماڵ، تۆفیق دەبینن و سڵاوی لێدەکەن. بەلایانەوە سەیرە، کە لەپڕ تۆفیق هاتووە بۆ ماڵیان. داوای لێدەکەن، کە بمێنێتەوە، لێ تۆفیق نایەوێت و دەڕواتەوە ماڵەوە. ڕووبار بە گریانەوە بۆ دایکی دەگێڕێتەوە، کە تۆفیق ویستوویەتی بە سەرینێک فرمێسک بخنکێنێت. دەروێش دەڵێ، تۆ دڵنیایت لەمە، چونکە ئەمە تاوانبارکردنە، کە تۆ قسەی لەسەر دەکەیت؟ ڕووبار بە گریانەوە دەڵێ، بەڵێ خۆم بینیم بە چاوی خۆم.

جێگای باوەڕ نییە، کە باپیرێک بەوشێوە دڕندانە، هەوڵی کووشتنی نەوەی نەوەی بدات، تەنها لەبەرئەوەی، کە کچە. ئەو کاتانەی، کە عوسمانلییەکان باشووری کوردستانیان داگیرکرد، تووندڕەوییەکی زۆری ئایینییان لەگەڵ خۆیان هێنایە کوردستانەوە، لێ هێشتا لەو سەردەمەشدا، هیچ باپیرێک هەوڵی کووشتنی نەوەی نەوەکانی نەداوە، تەنها لەبەرئەوەی، کە کچن. لەم سەدەردەمەدا، ژنانی وەکوو حەپسەخانی نەقیب و عادیلەخانم سەریانهەڵداوە، کە جێگای شانازیی باپیرانیان بوون.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"



ئەم وێنەیە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ دا گیراوە. عایلە خانم لەتەنیشت مێجەرسۆنەوە دانیشتووە، پاشان کاپتن لیز و حەمەد بەگ دێت.

عادیلە خانم ژنێکی هەڵکەوتوو و خانەدانی جافەکانە، لە بنەماڵەی بەناوبانگی ساحیبقڕانی شاری سنەیە. ناوبانگی بە باشوور و خۆرهەڵاتی کوردستاندا بڵاوبووەتەوە. عادیلەخانم کچی قادر بەگی حەمید بەگی ساحیبقڕانە. باپیری عادیلەخانم، برای مستەفا بەگی کوردییە، هەروەها ئامۆزای (سالم)ی شاعیری گەورەیە. ئەحمەدبەگی باپیرە گەورەیان ناسراو بە حاجی حان، وەك دەڵێن: یەکێکە لە دوازدە سوارەی مەریوان. دروستکەری مزگەوتی (حاجی حان)ە لە سلێمانی. بنەماڵەی ساحیبقڕان ڕۆڵێ گەورەیان لە هەردوو میرنشینی بابان و ئەردەڵاندا هەبوو. پێگەی کۆمەڵایەتییان بەرچاوبووە. کەسایەتی دیاریان تێدا هەڵکەوتووە، وەك: حاجی حان، سالم، کوردی، حەمدی، ساڵح زەکی بەگ و عادیلەخان. عادیلە خانم ساڵی 1859 لە شاری سنە لەدایکبووە. سەرچاوەکان دەڵێن: لە دەوروبەری ساڵی 1895، لەگەڵ وەسمان پاشای جاف هاوسەرگیری کردووە. کاتێک عادیلە خان شوو دەکات بە وەسمان پاشای جاف، ئیدی وەسمان پاشا لە شانی عادیلە خانمەوە دیارنامێنێت و ڕۆڵی نامێنێت. عادیلە خان پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ ئینگلیزەکان هەبووە، نێوانی مێجەرسۆن و عادیلە خان، کورد گووتەنیی مووی پێدانەچووە. هەر بۆیە مێجەرسۆن نازناوی (خانم بەهادور) بە عادیلە خانم دەبەخشێت. عادیلە خان دایکی هەردوو شاعیری بەناوبانگی کوردە، کە ئەویش تاهیر بەگی جاف و ئەحمەد موختاربەگی جافە. کۆشکی وەسمان پاشای جاف و عادیلەخانم، جێگەی شاعیر و ئەدیبان و ڕۆشنبیران بووە.

عادیلە خانم زۆرجار نەیاری بزووتنەوەکەی شێخ مەحموود بووە، ڕۆژی 28ی ئەیلوولی 1924، لە تەمەنی 65 ساڵیدا، کۆچی دوایی کردووە و لە گۆڕستانی عەبابەیلێ، لەتەنیشت تاهیربەگی کوڕیەوە بەخاك سپێردرا.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"



س

حەپسەخانی نەقیب کچی مەعرووف بەرزنجیی، نەوەی کاك ئەحمەدی شێخ و ئامۆزای شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان و هاوسەری شێخ قادری حەفیدە. لە ساڵی 1891دا لە شاری سلێمانی هاتۆتە دنیاوە.

ناوبانگی حەپسەخانی نەقیب لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە ژنێکی بەخشندەی چاوتێر و خێرخواز بووە. زمان شیریین و دەروون پاك بووە. دیوەخانەکەی هەردەم پڕ لە ژنانی شاری سلێمانی و دەورو بەری بووە. هەر ئافرەتێك تووشی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یا دارایی بووبێت و زۆریی لێکرابێت، ئەوا پەنای بردۆتە بەر حەپسەخان و ئەویش بەدڵێکی فراوانەوە لە کێشەکەی کۆڵیوەتەوە بۆی چارەسەر کردووە. زۆر جاریش یارمەتییەکی باشی دارایی ئەو جۆرە ژنانەی داوە.

کاپیتڵ 23:

ئەم کاپیتڵە تایبەتە بە جەژنی نەورۆز. شوێن ماڵی گەوهەر و دەروێشە. ڕێککەوتی 21.03.1988ە. چەند میوانێکی کەسوکاری خۆیان هاتوون بۆ ماڵی گەوهەر، منداڵان دڵیانخۆشە بە بۆنەی نەورۆزەوە. نووسەر لێرەدا بەدەر لەوەی ڕۆڵێکی ئیسلامی داوە بە دایکی ڕووبار، لێ هەمانکاتیش ڕۆڵێکی پریمیتیڤیشی داوەتێ، کە لە خزمەتی بیرکردنەوەی پیاودایە. هەروەکوو چلۆن گەوهەر،

## مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

## "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

فرمێسک لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت و دەبات بۆ کارکردنی ناو ماڵ. گەوهەر دەڵێ، کچێک لە تەمەنی دە ساڵییدا دەبێت ئامادەبێت چێشتراڕ بەرێت بەڕێگاوە. واتا بتوانێت قاپ بشوات، چێشت دروستبکات. لە باخەکەدا منداڵانێکی زۆر یاریی دەکەن. نووسەر لێرەدا تیشکی خستۆتە سەر ئەوەی، کە تەنها لە ماڵی گەوهەردا کچان و کوڕان بۆیان هەیە پێکەوە یاریی بکەن. لە شوێنی تردا کچان و کوڕان ئەم ئازادییەیان نییە.

من لە سەردەمی منداڵیی خۆمدا یارییم لەگەڵ بەشێکی گەورەی کچانی گەڕەکی خۆمان کردووە. لە ساڵی هەشتا و هەشتیشدا، کە من هەژدە ساڵێک بووم، ئەو منداڵانەی گەڕەکمان بە کچ و کوڕەوە تێکەڵ بوون. گەڕەکێک لە سلێمانییدا بوونی نەبووە، کە ئەم تێکەڵییەی تێدا نەبووبێت. لە سلێمانییدا چ قووتابخانەی کوڕان و کچان بە جیا هەبوون، چ قووتابخانەی تێکەڵیش هەبووە. من خودی خۆم لە قووتابخانەی کوڕان بووم، خاڵۆزاکانم هەموو لە قووتابخانەی تێکەڵ بوون، بەتایبەت کچەکانیان.

کێشەی بە ئیسلامییزەکردنی کوردستان سەرەتا لەدوای ڕاپەڕینەوە سەریهەڵدا، وەک لێکەوتەیەکی زەرەرمەندی ڕاپەڕین. لێرەوە خەڵکیی فێری لەچک بەستن و نوێژ و شەرع کرا. لێرەوە ئەنساروئیسلام و یەکگرتوو و کۆمەڵ دروستبوون.



ئەم وێنەیە لە ڕێککەوتی 29.04.1968 گیراوە. لە دەستە چەپەوە یەکەم کەس خاتوو نەسرین شێخ محەممەد حەفیدە، نەوەی کاک ئەحمەدی شێخ. ئەم خاتوونانە پێداگۆگن لە باخچەیەکی ساوایانی سلێمانیی. باخچەی ساوایانیش تێکەڵ بووە لە سلێمانیی و کچان و کوڕان پێکەوە یارییان کردووە، گۆرانییان گووتووە و شانۆیان کردووە.

لەم کاپیتڵەدا نووسەر ئاماژە بەوە دەکات، کە بەهۆی کارەساتی هەڵەبجەوە کوردە دڵسۆزەکان لە پرسەدان و کوردە جاشەکانیش ئاگری نەورۆز دەکەنەوە.

جەژنی نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییە و جاشیش کوردە، وەک ماف، مافی جەژنکردنی جەژنی نەورۆزی هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی بەشێک لە جاشەکان بۆ نیشاندانی هاوپەیمانیی لەگەڵ بەعسدا دژ بە جەژنی نەورۆزبوون. لە هیچ مێژوویەکی ئێمەدا هیچ کارەساتێک ڕێگریی لە ئێمە نەکردووە، کە ئاهەنگی نەورۆز بگێڕین، بەپێچەوانەوە، ئێمەی کورد هەمیشە ئاهەنگی نەورۆزمان

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

گێراوە، بەتایبەت لەو کاتانەدا، کە هەڕەشەی دوژمنمان لەسەر بووە. ئێمەی کورد هەمیشە پیشانی دوژمنمان داوە، کە هیچ هێزێک نییە لە ئاهەنگی نەورۆز ڕامانبگرێت. من بیرم دێت لە هەشتاوهەشتدا ئاهەنگی نەورۆز بە تین و گڕتر بوو، وەک لە نەورۆزی تر، پیاسەی ئێوارانی توی مەلیک و سەهۆڵەکە پڕتر و گەرمتر بوو وەک لە ڕۆژانی تر.

نووسەری کورد پێویستە زۆر بە ئاگاییەوە قسە لەسەر نەورۆز بکات و خۆی جیابکاتەوە لە هاووڵاتییەکی تر، کە شارەزای مێژووی نەورۆز نییە. لێ نووسەری مردووشۆر لە ڕێگای گێرانەوەیەکی هەڵەوە، مێژوویەکی هەڵەی جەژنی نەورۆزی کورد بە خوێنەری دانمارکیی دەناسێنێت و وەک فارسەکان، مێژووی نەورۆز دەبەستێتەوە بە زووحاک و دوو ماری سەر شانەکانی و کاوەی ئاسنگەرەوە. ئەمە مێژوویەکی دروستکراوە، ئەمە خەوش و خەیاڵ و فەنتازیایە نەک ڕاستیی. بەڵام نووسەر دێت لە دەمی دەروێشی ڕۆشنبیرەوە بۆ منداڵەکانی باس دەکات، کە نەورۆز چییە. باسی زووحاک و مارەکانی سەر شانی زووحاکیان بۆ دەکات، باسی کاوەی ئاسنگەریان بۆ دەکات و مێژووەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ 2600 ساڵ پێش ئێستا.

نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا ڕووداوەکانی دانمارک بە ساڵی 2016 دەنووسێتەوە.

نەورۆز جەژنی گەلانی ئاریی نەژاردە، لێ بۆ کورد نەورۆز جەژنێکی تایبەتترە وەک لە گەلانی تر. تایبەتمەندییەکەشی پابەندە بە دەوڵەتدارییەوە. ئێمەی کورد لەم مێژووەوە سەدوپەنجا ساڵ دەوڵەتداربووین. لەکیسدانی ئەم دەوڵەتەش لەسەر دەستی ناپاکیی کورد خۆی بووە، لەوە بەدواشەوە بە هاتنی ئیسلام زیاتر ڕۆچووین.

جەژنی نەورۆز لەناو ئێمەی کورددا بەتایبەت، خاوەنی چەند ڕوو و تایبەتمەندییەکە، کە لە ڕووی کولتوور و ئایین و سیاسییەوە، کورد خاوەنی تێڕوانینە لەسەری. لە ڕووی کولتوورییەوە، هاووڵاتییان جەژن دەکەن، خۆیان دەگۆڕن، جلی کوردیی دەپۆشن، خزم و کەسوکار و هاوڕێ و دۆستان لەگەڵ یەکتریبیدا کۆدەبنەوە، خواردن دەخۆن، دیاریی بە منداڵان دەبەخشنەوە. لە ڕووی ئایینییەوە، ئەم جەژنە دەکەوێتە یەکەمیین ڕۆژی ساڵەوە. یەکەمیین ڕۆژی مانگی فەروەردینە، کە پێیدەگووترێت هرمزد. ئەمەش ناوی پیرۆزی ئاهورامەزدایە، ناوی خودایە. لەم ڕۆژەدا خودا مرۆڤی دروستکردووە. لەم ڕۆژەدا فریشتەکان بۆ دیدەنی پیاوچاکان دەچن، ئاگر لە هەموو شوێنێک دەکرێتەوە.

لای زۆربەی ئایینەکان، ئەم گەردوونە بە شەش شەو و ڕۆژ لەلایەن خوداوە دروستکراوە. بەڵام لەلای زەردەشتییەکان نەخێر. لەلای زەردەشتییەکان ئەم گەردوونە بە شەش جار دروستکراوە نەک شەش شەو و ڕۆژ. لێ زەردەشتییەکان ئاماژەیان بەوە نەداوە ئەم شەش جارە چەندی خایاندووە. ئەم دروستبوونە سەرەتا لە ئاسمانەوە دەستیپێکردووە، پاشان ئاو، پاشان زەویی، پاشان ڕووەک، پاشان گیانداران و دواهەمیین شت مرۆڤە. هەربۆیە زەردەشتییەکان مێژووی مرۆڤ لە ڕۆژی لەدایکبوونیەوە دەنووسنەوە. ئەمەش دەکرێتە جەژن و بە سەری ساڵی نوێی پێناسدەکەن. بڕوانە کتێبی مێژووی کورد و کوردستانی شێخ محەممەدی مەردۆخیی، بڕوانە کتێبی زەرتەشتی عەبدوڵلا قەرەداغیی.

لە ڕووی سیاسییەوە، ئەم ڕۆژە ڕۆژێکی نەتەوەیی گرنگە. لەم ڕۆژەدا یەکەمیین دەوڵەتی کوردیی ڕادەگەیەنرێت. نووسەری مردووشۆر لە ساڵی 2016 دا ئەم تێکستەی نووسیوە، وێڕای ئەوەی بوون و پێناسی نەورۆز بە هەڵە بە خوێنەر دەگەیەنێت، کەچی مێژووەکەشی دەیگەڕێنێتەوە بۆ 2600 پێش ئێستا، کە لە ڕاستییدا لە 2016 دا دەگەڕێتەوە بۆ 2716 ساڵ پێش ئێستا. من ئێستا لە ساڵی 2021 دا ئەم شیکارییە دەنووسم و سیی و پێنج ڕۆژی تر دیسان نەورۆزە، واتا ئێمە ئێستا لە ساڵی 20721 دا گرنگیی بەم جەژنە دەدەین، گرنگیی بە نەورۆز دەدەین.

کورد لە شەش هۆزی سەرەکیی گەورە پێکهاتوون، کە بریتییە لە لۆلۆ، گۆتیی، کاسیی، میتانیی. هوریی و ماد. ئاشوورییەکان لەو سەردەمەدا ئیمپراتۆرییەتێکی گەورە بوون و ئێمەی کورد ژێردەستی ئەوان بووین. لەناو هۆزی ماددا بنەماڵەی موخ وەک بنەماڵەیەکی هۆشیار، زۆر گرنگییان بەوەداوە، کە کورد یەکبگرن و دەوڵەتێک بۆ خۆیان دروستبکەن، هەتا چیدی ژێردەستی ئاشوورییەکان نەبن. دیاکۆ هەڵدەستێت بە قسەکردن لەگەڵ هۆزەکانی تردا، لێ هۆزەکان گوێ بەم پێشنیارە نادەن، لە ئایندەدا هۆزەکان خۆیان تووشی کێشەی زیاتر دەبن لەگەڵ ئاشوورییەکاندا، پاشان بیر لەم پێشنیارە دەکەنەوە و دەگەڕێنەوە لای دیاکۆ و دەڵێن، ئێمە ئامادەین کار بۆ ئەم پرۆژەیە بکەین. لە یەکەمیین ڕۆژی سەری ساڵدا لە بیست و یەکی ئازاردا، دەوڵەتی کوردیی ڕادەگەیەنن. لەسەر لوتکەی شاخەکان ئاگر دەکەنەوە وەک بانگەشەیەک بۆ جاڕنامەی دەوڵەتی کوردیی. دیاکۆ دەبێتە یەکەمیین پاشای دەوڵەتی ماد. ئەم دەوڵەتە سەدوپەنجا ساڵ بڕدەکات. ئیدی ئەمە مێژوویەکی ڕیاڵی ئەم بۆنەیەیە، نەک فەنتازیایەکی

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

دوژمنکارانە، کە بەرهەمی فارسەکانە نەک کورد، لێ کورد بە هەڵە وەریگرتووە و پێیوایە هی خۆیەتی، سارا عومەریش بە هەمان هەڵەدا چووە.

دەوڵەتی ماد لە دەریای ڕەشەوە دەستپێکردووە هەتا کەنداوی ماد، کە بە گۆڕانی مێژوو بووە بە کەنداوی عەرەبیی و کەنداوی فارسیی.

"هیرۆدۆت" ئەڵێ: مادەکان ماوەی پێج سەدە بە دیلێتیی ژیاون، بەڵام سەرچاوە ئاشوورییەکان بە دوو سەدەی دائەنێن. ساڵی 606 پ.ز کۆتایی بە دەستەلاتی ئاشوور ئەهێنرێ و خاکەکەیان لە نێوانی ماد و بابلدا بەش ئەکرێ. سەبارەت بە پێکهێنەری دەوڵەتەکە مێژوو نووسان هەمان کات هەریەکێکیان ناوێکیان هێناوە بە پێکهێنەر بۆ نموونە کەیقوباد یان تووس یان کواکسار یان دیاکۆ بە دامەزرێنەر ئەزانن. فەرمانڕەوایانی ئاشوور و کلدان لە سەدەی بیست و یەکی پ.ز دا بەسەر مادەکاندا زاڵبوون ئەمەش پێش لە دایکبوونی تووس و کواکسار و کەیقوباد و دیاکۆدا بووە، کەواتە مێژووی دەوڵەتی ماد ئەگەڕێتەوە بۆ بیست و یەك سەدە پ.ز. لەدوای نەمانی "گرشاسپ" لە ژیاندا کۆسپێکی گەلێك زۆر کەوتە ژیانی کورد و فارسەوە وڵاتی ماد بێ سەرکردە مایەوە، کەوتنە بەر لێشاوی هێرشەکانی ئاشوور بە شێوەیەکی دڕندانە و ماڵوێرانکەرانە. ناچار مشورخۆرانی وڵاتی ماد کەوتنە مقۆ مقۆ بۆ پێکهێنانی سەرکردەیەی تازە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی خاکی ماد، بەم شێوەیە لەسەر خواستی هەردوو هۆزی مادی گەورە و بچوك بڕیاریان دا کە کەیقوبادی کورد کە یۆنانیەکان بە "ئاربا‌س" ی کورد ناویان بردووە بکەن بە سەرۆکی وڵاتی ماد. لە دوای گرشاسپەوە کەیقوباد یەکەمیین سەرکردەی وڵاتی ماد بووە، مانای کەی قوباد واتە پاشا قوباد. پێدەچێت وشەی "کاک"ی ئێستای ناوکۆمەڵانی خەڵکی کورد، لە "کەی" وەرگیرابێت. وشەی کەیبانوو بە مانای ژنی پاشا دێت، نەک ژنی ماڵەوە وەک ئیمڕۆ خەڵکی کورد بۆ پێناسەی ژنی ماڵەوە بەکاری دەهێنن. کەی وەک گووتمان بە مانای پاشا "بانوو" بە مانای خاتوون یان خانم، کە خاتوونەکە پێدەچێت زیاتر لە پەیڤی مەغۆلەکانەوە هاتبێتە ناوپەیڤی کوردییەوە. لە ناوچەی پشدەردا لە بری خان یان خانم بۆ ژن "یا " بەکار دێ وەك یا ئاواز یا شیریین بە مانای ئاواز خان و شیریین خان. "ئاکباتان" پایتەختی مادەکان بووە، کە سەرەتا قەڵایەك بووە لە ساڵی 1280 پێش ئیسلامدا کەیقوبادی کورد تازەی کردۆتەوە، ئەم شارە ئێستا ناوی "هەمەدان"ە.

لە دوای کەیقوبادی کورد "تووس" فەرمانڕەوایەتیی ئەگرێتە دەست، تووس چەندین چەمکی تازەی هێنایە ناو دەستەلاتدارێتییەکەوە. تووس یەکەم کەس بوو لە تەواوی ئەو سەردەم و ناوچەیەدا، کە دادگای پێکهێنا و دادوەری بۆ هەموو ناوچەیەکیش دانا و یاساکانیشی هەموو لە ئایینی زەرتەشتەوە وەرگرت. پاش مەرگی تووس دەستەلاتدارێتی بۆ کوڕەکەی " فەریبەرز " ئەمێنێتەوە لە ساڵی 655 پ.ز دا لە دوای فەریبەرز " کواکسار" ی کوڕی جێگەی پڕ ئەکاتەوە، کواکسار پیاوێکی ژیر و دونیا دیدەبووە فەریبەرزی باوکی لە شەڕی ئاشوورییەکاندا ئەکوژرێ و سەرەکەی دەکەنە سەبەتەیەکەوە و بۆ کواکساری کوڕی دەنێرنەوە. کواکسار لە تۆڵەی خوێنی باوکی هەتا قەڵای ئاشوورییەکان ئەڕوات، کە ئیمڕۆ بە موسڵ یان بە نەینەوا ناو ئەبرێ، بۆ هەتاهەتایی کۆتایی بە دەستەلاتی ئاشوورییەکان ئەهێنرێ و لەناو ئەچن. ناوی شاری نەینەوا لە یەکێ لە ژنە قارەمانەکانی ناو سوپای مادەوە هاتووە، کە ناوی "نینە" خان ئەبێ لە بنەماڵەی بەدلیسییەکان بووە، یەکەم کەسە، کە ئەچێتە ناوقەڵای ئاشوورییەکانەوە و دەرگای قەڵاکە لە سوپای ماد ئەکاتەوە تێکڕای سوپاکە دێنە ژوور و بەم شێوەیە کۆتای بە ئاشوورییەکان ئەهێنرێ. لە پاداشتی ئەم کارەدا "کواکسار" قەڵاکە پێشکەشی "نینە" خان دەکات و ئەکرێ بە فەرمانڕەوای ئەم شارە و قەڵاکەی بۆ تازەئەکەنەوە و ناوی ئەنێن "نینەئاوا" بەپێی گۆڕانی ڕۆژگار و سەردەم نینەئاوا ئەبێتە ئەم نەینەوایەی ئێستا لەسەر زارمانە. ئەمەش بەشێکی پرشنگداری مێژوو کوردە، مێژووی ژنی کوردە، کە ئێمەی کورد لە ڕەسەن و سەرەتاوە چلۆن مامەڵەی ژنمان کردووە و ژن چ ڕۆڵێکی هەبووە لە ژیانی کورددا. تەماشای شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسیی بکەن.

لە هەندێ شوێندا ناوی " دیاکۆ" دێت وەك فەرمانڕەوای وڵاتی ماد، "دخۆ یان دیاکۆ یان دگۆ" کە بەم شێوانە ناوبراوە سەرۆکی بەشێك لە کوردەکانی زاگرۆس بووە، لە سەردەمی سارگۆنی سێهەمدا ساڵی 1715 پ.ز لەگەڵ ئاشوورییەکان بەشەڕ هاتووە و تێك شکاوە پاش ئەوە ئاشوورییەکان دیاکۆیان دوور خستۆتەوە بۆ وڵاتی شام.

گۆڕانی دەستەڵات لە کوردەوە بۆ فارس:

هەتا ئێستاش لە نێوەندی کورد و فارسدا کێشە و ململانێی ئەوە هەیە، کە ئایا کامیان خاوەنی شکۆداریی و دەستەلاتدارێتیی بوون لە کەوشەنەی وڵاتی ماددا؟ هەندێکجار نان ئەو نانە ئیمڕۆ لە خوانە. ئەم دەستەواژەیە لە نێوەندی فارس و کورددا دەبێتە مایەی نیگەرانیی بۆ ئێمەی کورد، چونکە زۆرینەیجار ناحەزانی کورد، کە بوار بەدەستیانەوە نەمێنێ پەنا دەبەنە بەر ئەم چەکەی نان ئەو نانە ئیمڕۆ لە خوانە. فارسەکان بە کشتووکاڵەوە خەریکبوون ئاژەڵدارییشیان کردووە و هەندێجار سەربەست ژیاون و

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

هەندێجاریش باجدەری ماد و کلدانییەکان بوون، هەمانکات هەندێ جاریش لە سایەی باجدەری ئاشورییەکاندا ژیاون. فارسەکان بەردەوام لە خاکی خۆیاندا بوون جوڵەیان نەبووە و پەلاماری کەسیان نەداوە تەنها لە سەردەمی "هاخامەنشینی" دا نەبێ تا خاکی فەلەستین ڕۆیشتوون و سەرپەرشتیی وڵاتی عیلامیان کردووە. دەوڵەتی ئازادی فارس لە سەردەمی "کۆرش"ی گەورەوە دەست پێدەکات. پێشتر باسی بۆچوونەکانی بەڕێوەبەرایەتیی وڵاتی مادمان کرد، کە لەکەیەوە و لەکوێوە دەستی پێکردووە. دوای پێنج سەدە ژێر دەستەیی لەژێر سایەی ئاشوورییەکاندا، کەیقوبادی کورد جارێکی تر سەرکردایەتی ئەگرێتە دەست بە چەند گۆڕانکارییەکی دەستەڵاتدارێتیی لە کەیقوبادەوە بۆ "تووس" پاشان بۆ فەریبەرز لەویشەوە بۆ کواکساری کوڕی پاشان بۆ "ئازیدەباك"ی کوڕی کواکسار. پاش ئەوەی ئازیدەباك فەرمانڕەوایەتیی لە کواکساری باوکییەوە بۆ ئەمێنێتەوە، بەشێوەیەکی زۆر بێفەڕانە دەستیدایە کاروباری دەوڵەت و گرنگییەکی وەهای بە بەڕێوەبەرایەتیی وڵات نەئەدا. ئازیدەباک زیاتر خەریکی ژیانی تایبەتی خۆی و ئارەزووە چێژدارەکانی ڕۆژانەی بوو، سەرۆك هۆزەکان و دەستەڵاتدارەکانی ناو دەوڵەتی ماد بەهۆی کەمتەرخەمیی ئازیدەباکەوە خەریکی دزیی و ڕاوڕووت و پارە کۆکردنەوە بوون. ئازیدەباك تەنانەت دڵی شالیارەکانی دەوری خۆیشی سارد کردبوو لە هەموویان دڵ ساردتر "ئارباك" بوو، کە یۆنانییەکان بە ئارباکس بانگیان دەکرد، کەوتە بیرکردنەوە و پلان دانان بۆ لەناو بردنی ئازیدەباك، کۆبوونەوەی بە شالیارەکانی تر کرد و پیاوماقوڵان و سەرەك هۆزەکانی تری لەخۆی نزیککردەوە هەموو پێکەوە بڕیاریان لەسەر ئەوە دا، کە ئازیدەباك بڕوخێنن. نامەیان بۆ " کۆرش" ی گەورە نووسیی و باروودۆخەکەیان بۆ ڕوونکردەوە، کە ئامادەن هاریکاریی کۆرش بکەن بۆ لابردنی ئازیدەباك، کۆرشی کوڕی عیلامیش ئاگادارکرا، کە سووپا بچووکەکەی لە شاری "ئاکپاتان" نزیکبکاتەوە، ئەویش دەستبەجێ کەوتەڕێ و لە نزیك ئاکپاتان بارگەی خست. ئازیدەباك بەم هەواڵە ئاگاداردەکەنەوە، ئەویش بە پەلە سووپایەك بەسەرۆکایەتیی "ئارباك" دژیان بەڕێدەکات، ئارباك لە هێرشی دووهەمدا بە خۆی و سووپاکەیەوە ئەچێتە ناو سووپای عیلامەوە. ئازیدەباك بەم هەواڵە شێتگیر ئەبێ بۆیە ئەمجارە سووپایەك بە سەرۆکایەتیی خۆی دروست دەکات و پەلاماریان ئەدات بەڵام لەگەڵ یەکەم هێرشدا سووپاکەی ئەشکێ خۆیشی هەڵدێ. بەمشێوەیە دەستەڵات لە کوردەوە ئەگوێزرێتەوە بۆ کۆرشی گەورەی فارس. کۆرش زۆر وریایانە وڵاتی ماد بەڕێوە ئەبات تا تووشی کێشەی کورد نەبێ دەستبەجێ دەکەوێتە خزمایەتیی دروستکردن، کواکساری دووهەم، کە کوڕی ئازیدەباکە ئەکاتە سەرۆکی سووپای دەوڵەتی ماد، پاشان "ئەسپەنۆ" ی کچی "ئاتیمار"ی زاوای ئازیدەباکە، کە پورزای خۆیەتی بۆ خۆی ئەخوازێ و مارەی ئەکات، کۆرش ژیرانە بیر لە باسەکان ئەکاتەوە کاروباری دەوڵەت وەك خۆی ئەهێڵێتەوە هەمیشە ڕێز و خۆشەویستیی ئەدات بە سەردارانی ماد و دەستەڵاتیان ئەداتێ. کۆرش دەوڵەتە تازەکە ناو ئەنێ دەوڵەتی "ماد و فارس" وە ئەم برایەتیی و دەستەڵاتداریەتییە تا هاتن و سەرکەوتنی ئەسکەندەری مەکەدۆنیی بەسەر "دارا" دا بەردەوام ئەبێ.

نووسەری مردوو شۆر لە چاوپێکەوتنەکەی تێلێڤیزیۆنی (DR1)دا دەڵێ، کە سوودی لە کتێبی شەرەفنامە وەرگرتووە بۆ نووسینی ڕۆمانی مردووشۆر، لێ ئەم مێژووەی، کە من ئێستا لێرەدا دەیگێڕمەوە لە شەرەفنامەوە وەرگیراوە. نووسەر کتێبی شەرەفنامە لە دیدارەکەیدا بەکاردەهێنێت، چونکە دەزانێت، کە دانمارکییەکان، کاتێک گوێیان لە وشەی شەرەف دەبێت، ئیدی دەبنە خاوەنی ئەو وێنە ناشیرینەی، کە لە مێشکیاندا هەیانە، ئیدی گوێ بەوەنادەن، کە شەرەفنامە چییە، کێ نووسیوویەتی، ناوەرۆکەکەی باس لە چی دەکات.

لە ڕووی ئایینەوە، کوردەکان میتراپەرست بوون، خۆرپەرستبوون، لێ بە هاتنی زەردەشت باوەڕیان بە خوای تاک و تەنها هێناوە و بوونەتە زەردەشتیی. سیی و حەوت ساڵی کۆتایی دەستەڵاتی ماد، کورد بە فەرمی زەردەشتیی بووە. ئازیدەباک وەك دواهەمیین پاشا بە ناپاکیی لەسەر دەستەڵات دەڕووخێنرێت و دەوڵەتی هاخامەنیشینی فارس جێگای دەگرێتەوە. لەدوای ئەمان ئاشکانییەکان دێن و لەدوای ئەمانیش دەوڵەتی ساسانیی دێت. ئەمانە نزیکەی چوار سەد ساڵ فەرمانڕەوایەتییان کردووە. هەتا هاتنی ئاینی ئیسلام، لەسەر دەستی عومەری کوڕی خەتاب دەوڵەتی ساسانیی لەناودەچێت و ئایینی ئیسلام بە زۆر دەسەپێنرێت بەسەر ناوچەکەدا و بۆ ماوەیەک جەژنی نەورۆز قەدەغە دەکرێت. بەپێی تێپەڕبوونی کات. ئیمامی عەلیی یەکێک بووە لەو خەلیفانەی، کە ڕێگای بە جەژنی نەورۆز داوە. لە دەوڵەتی عەباسییەکاندا، بەهۆی هەبوونی سەرکردەی کورد تێیاندا ڕێگا دەدرێت، کە جەژنی نەورۆز بکرێت و ئاگر بکرێتەوە. لە سەردەمی نوێدا، لە پارچەپارچەکردنی کوردستاندا، کە هەریەکە و بەشی خۆی دەبات. تورکیا و ئێران و ئێراق و سوریا. نەورۆز قەدەغە دەکرێت. لە سەردەمی پیرەمێردی گەورەدا، لە سییەکانی سەدەی بیستدا گرنگییەکی نوێ بە نەورۆز دەدرێتەوە و پیرەمێرد ئەم جەژنە دەخاتەوە سەر سکەی خۆی. هەر بەو بۆنەیەوە، کە بەم نزیکانە نەورۆزە:

نەورۆز

هۆنراوەی پیرەمێرد

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

ئـەم ڕۆژی سـاڵـی تـازەیـــە نــەورۆزە هـاتەوە
جەژنێکی کۆنی کـوردە بـەخـۆشـی و بـەهـاتەوە،
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو تاکو پار
هـەر خوێـنـی لاوەکـان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار،
ئـەو ڕەنـگـە سـوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مـژدەی بـەیـانـی بـۆ گـەلی دوور و نزیك ئەبرد،
نــەورۆز بــوو ئــاگرێکی وەهـای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئـەچوون بـە بەرەوپیری مەرگەوە،
ئـەوا ڕۆژ هـەڵات، لـە بـەنـدەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگـی شـەفـەق شـەوق ئەداتەوە،
تـا ئێـستـە ڕووی نــەداوە لە تەئریخی میللەتا
قـەلـغـانی گـوللە سنگی کـچـان بێ لە هەڵمەتا،
پـێـی نـاوێ بـۆ شەهـیـدی وەتـەن شیوەن و گرین
نـامـرن ئـەوانـە وا لــە دڵـی مـیـللـەتـا ئــەژین،

کاپیتڵ 24:

لەم کاپیتڵەدا نووسەر باس لە کۆبوونەوەی سەدان ژن دەکات لە هۆدەیەکی سەقف نزمی مزگەوتێکدا، کە دوعا بۆ قوربانییانی هەڵەبجە دەکەن. لێرەدا ئیمامی مزگەوتەکە، مەلای مزگەوتەکە محەممەدە، کە زڕکوڕی گەوهەرە، لە ڕێگای بڵندگۆوە قسە بۆ ژنان دەکات، چونکە شەرع ڕێگا نادات پیاو بچێتە ناو ژنانەوە. محەممەد خاڵی فرمێسکە و لەگەڵ گەوهەردا گفتووگۆی ئەوە دەکەن، کە ناکرێت ژنان بچنە ناو هۆڵی پیاوانەوە، ئەمە ڕێگاپێدراو نییە. هەمانکاتیش ناکرێت تۆ مردووشۆربیت و شەرابیش بفرۆشیت. محەممەد تەمەنی هەر چەند هەفتەیەک دەبێت، کە گەوهەر و حەپسە دەیدۆزنەوە. دایکی محەممەد کووژراوە، چونکە منداڵێکی بەبێ شووکردن بووە. لە تێکستەکەدا وەها دیارە، کە محەممەد لە تەنیشت دایکە کووژراوەکەیەوە دۆزرابێتەوە. ساوایەکی لاواز و بێهێز و ترساو، کە تەنها دەگریی. گەوهەر هەڵی دەگرێتەوە و دەیکات بە کوڕی خۆی. لەناو خەڵکیشدا وەها بڵاوی دەکاتەوە، کە سکپڕییەکەی شاردۆتەوە و نەیویستووە، کەس بزانێ، کە سکی هەیە و منداڵی بووە. بەڵام حەپسە ئەم ڕاستییانە دەزانێت. نووسەر لێرەدا ژنکووشتن بەشێوەیەکی دڕندانە بە تاوانی ئابڕوو و خاوێنیی، کە ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە بە خوێنەری دانمارکیی دەناسێنێت. ئەم تاوانانە هەتا ئێستا لە خودی دانمارکیشدا دەکرێت، لەلایەن نەتەوە ئیسلامەکانەوە بە گشتیی نەک بە تەنها کورد.

لە مزگەوتدا باسی کارەساتی هەڵەبجە دەکرێت، باسی کووشتنی هەزاران هاووڵاتیی دەکرێت، باسی عومەری خاوەر دەکرێت، کە نووسەر لە دەمی ژنێکەوە دەیگێڕێتەوە. ژنێک، کە باسی زاوای مێردی خوشکێکی دەکات، کە لەسەر پلیکانەکانی بەردەمی ماڵەوەدا، کە خۆی داوە بەسەر کۆرپەکەیدا و هەردووکیان مردوون. ئامانجی نووسەر لە ناوهێنانی عومەری خاوەردا نادیارە. لە ڕۆمانەکەدا، ئیمرۆ شانزدەی مارسە، واتا ئیمرۆ کاتژمێر یانزدە هەڵەبجە ژەهراویی دەکرێت. بە هەزاران هاووڵاتیی کوژران. عومەری خاوەر ناوبانگی دەرنەکردبوو. لەو ڕۆژەدا هیچ کەس هەواڵی کەسوکاری خۆی لە هەڵەبجە نەزانیوە، کەس نەیزانیوە کێ مردووە و کێ زیندووە. بەڵام نووسەر لێرەدا باسی عومەری خاوەر دەکات. عومەری خاوەر لە ڕێگای میدیای ئێرانەوە بە جیهان ناسێنرا. ئەو پلیکانەیەی لەسەری کەوتووە ماڵی خۆی نییە، بەڵکوو ماڵێکی ترە، وەها دیارە، کە ویستوویەتی خۆی بکات بەو ماڵەدا بۆ خۆپاراستن، لێ ژەهرەکە ڕێگربووە و کووشتوویەتی.

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

## "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"



عومەری خاوەر و محەممەدی کوڕی

عومەری خاوەر ناوی تەواوی عومەر حەمە ساڵح ئەحمەدە، بەخۆشەویستی خاوەری دایکی نازناوی خاوەری پێدراوە. عومەری خاوەر، هەشت کچی هەبوو، ئەو زۆر بە ئاواتی ئەوەوە بوو کە کوڕێکیشیان ببێت، سەرەتا کوڕێکیان بوو ناویان نا شوان، لێ بەداخەوە نەخۆشیی کۆچیی دواییکرد. لە ساڵی 1987دا جارێکی دی بەخت یاریان بوو، ئەمجارە لەجیاتی کوڕێك دووانیان بوو. ناویاننان (ئەحمەد و محەمەد)، محەمەد ئەوەیە کە لەوێنەکەدایە.

لەناکاودا دەنگی پیاوێکی تر لە ڕێگای بڵندگۆکانەوە دەگاتە ژنان، کە دەڵێ، هێرشی ئاسمانیی. ژنان دەشۆکێن و نائارامیی دەکەوێتەوە. دەنگی هێرشێکی ئاسمانیی ئامادەبوانی مزگەوت هەموو دەشڵەژێنێت و ژنان لە هەوڵی ڕاکردنە دەرەوەدا دەکەون بەسەر یەکتریدا. گەوهەر دەڵێ، ئەگەر لە ماڵی خوادا نەپارێزرابێتین، ئەی لە کوێ پارێزراوین؟ هاواری، کوا کوڕم، کوا محەممەد و قەرەباڵغیی خەڵکیی، گەوهەر دەدات بە زەوییدا و دەیبوورێنێتەوە.

کاپیتڵ 25:

ئەم کاپیتڵە خاوەنی داڕشتن و گێڕانەوە و پێناسەکردنێکی نایابە، وەک دۆخ و جلوبەرگ و شوێن. زمانێکی جوان، زمانێکی گێڕانەوەی نایاب. کە خوێنەری کورد تامەزرۆیانە بیر لە سەرچاوەی زمانەکە دەکاتەوە. لەم کاپیتڵەدا بەعس بە ڕاکێت لە مزگەوتێک دەدات. کێشەکە ئەوەیە، کە لە سلێمانییدا بەعس هیچ کات بە ڕاکێت مزگەوتێکی وێران نەکردووە. بەعس فریشتە نەبووە، لێ مزگەوتێک لە سلێمانییدا بە ڕاکێتی بەعس وێران نەکراوە، ئەو هەموو ژنەی تێدا بکووژرێت. من لەو ساڵەدا هەژدە ساڵ بووم و بیرم نادێت، قسە لەسەر ڕاکێتبارانکردنی مزگەوتێک کرابێت. من لەم تەمەنەمدا سەرقاڵی کوردایەتییش بووم، ئەندامی ڕێکخستنی کۆمەڵە بووم و شتی وەهام نەبیستووە.

دەروێش بە ڕاکردن دەڕوات بۆ مزگەوت و بەدوای گەوهەری ژنیدا دەگەڕێت. دەروێش فرمێسکی بە باوەشەوەیە و بە هەناسەبڕکێوە تەماشای ئەو کوژراو و بریندارانەی سەر ڕێگا دەکات و دەڵێ، خوا بوونی نییە، ئەگەر هەبوایە، ڕێگای بەم تاوانەی لە ماڵی خۆیدا نەدەدا.

دەروێش دەگاتە مزگەوتەکە، سەرەتا محەممەدی کوڕی دەدۆزێتەوە و پاشان گەوهەری ژنی. گەوهەر بە ئاگادێتەوە و بەختەوەرە بە بینینی محەممەدی کوڕی و گەوهەری مێردی و فرمێسک. پاشان دەروێش دەیەوێت بیباتەوە ماڵەوە، لێ گەوهەر خۆی بە خەتابار دەزانێت لەم کارەساتەدا، بە ئەرکی خۆی دەزانێت، کە مردووەکان بشوات. گەوهەر بە ڕێککەوت ژنێکی کوژراو دەبینێت، کە دەیناسێتەوە، مێردەکەی هاوڕێی منداڵیی دەروێشی مێردی بووە. گەوهەر ملوانکەی ملی ژنەکە دادەکەنێت و دەیدات

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

بە دەروێش، هەتا بیداتەوە بە مێردەکەی، کە ناوی ئەردەڵانە، بۆ ئەوەی بێت تەرمەکەی بەرێتەوە. دواجار نووسەر لێرەدا ڕوونتر بە خوێنەر دەڵێ، کە گەوهەری مردووشۆر، ژنانی کوژراو دەشوات و خاوێنیان دەکاتەوە و ئامادەیان دەکات بۆ ڕۆژی لێپرسینەوە، چونکە ئەم ژنانە پۆخڵن و خەتاکارن، خۆشەویستییان کردووە، قسەیانکردووە، پێکەنیون.

کاپیتڵ 26:

نووسەر لەم کاپیتڵەدا باس لە چۆنێتیی شووشتنی ژنە مردووەکان دەکات، کە گەوهەر و چەند ژنێکی هاوڕێی پێکەوە دەیانشۆن. گەوهەر، شوکریی، حەپسە و ئاسکۆڵ. سارا دیسان باس لە تاریکیی و داگیرساندنی چرا لە ژێرزەمینێکدا دەکات. ژێرزەمینی مزگەوتێک، کە لاشەی ژنە کوژراوەکانی تێدا دەشۆن. هەژدە ژنی خەڵتانی خوێنکراو، کە بە هێرشی ڕاکێتەکانی ڕژێمی بەعس کوژراون. بەشێکی زۆریان لاشەیان لەتوپەت بووە. ئەم ژنانە لەژێر ڕووناکیی چرادا دەشۆرێن. هەژدە ژن لەسەر مێزی شووشتن ڕیزکراون.

ئەم ژنانە هەموو بۆ دوعاکردن بۆ قوربانییانی هەڵەبجە هاتبوونە ئەم مزگەوتە و لە هێرشی ڕاکێتەکانی ڕژێمی بەعسدا کووژراون. کەچی لەم کاپیتڵەدا سارا عومەر بەشێکی زۆریان جیادەکاتەوە، وەک ژنی نەفرەت لێکراوی کۆمەڵگە و پیس و بێ نرخ. هەربۆیە دوای شووشتنیان کەس نایەت بیانباتەوە و بە خاکیان بسپێرێت. گەوهەری مردووشۆر، مردووەکان دەشوات بۆ ئەوەی خاوێنیان بکاتەوە لە خەتا و بە خاوێنیی بچنە بەردەمی خودا لە ڕۆژی لێپرسینەوەدا.

شووشتنی مردوو، تەنها ڕیتوالێکی ئایینیی نییە. مێژووی شووشتنی مردوو لە پێش ئیسلامیشدا هەبووە، دەتوانرێت بگووترێت، کە ئیسلامیش لە کولتووری ترەوە فێری شووشتنی مردوو بووە. جووەکانیش مردوو دەشۆن. کریستەکان، مەسیحییەکانیش مردوو دەشۆن، لێ شووشتنی کریستەکان وەک هی ئیسلام نییە، بەڵکوو خاوێنکردنەوەیەکی گشتییە لە ڕێگای خاولی تەڕکراوەوە، کە لە تەوقی سەرەوە هەتا نووکی پێ خاوێن دەکرێتەوە. کەوتۆتە سەر ئەوەی، کە کێ مردووە، "کێ مردووە"کەش پەیوەندیی بە جیاکردنەوەی نرخەوە نییە، بەڵکوو بە پیسبوونی جەستەوە. بۆ نموونە سەربازێک کە لە جەنگدا کووژراوە، هەموو گیانی خوێنە و دەبێت خاوێن بکرێتەوە. یاخوود کەسێک نەخۆش بووە و چەندیین ڕۆژ لە نەخۆشخانە کەوتووە و کۆمەڵێک پلاستەر و ڤێنفلۆن و پەڵەی دەرمان و خوێنی پێوەیە. ئەم شووشتنە هێندەی پەیوەندی بە هایگینەوە (Hygiene) بە خاوێنییەوە هەیە، هێندە پەیوەندیی بە خودا و بە ڕۆژی لێپرسینەوەوە نییە. پاشان وەک کولتوور ڕێزێکە لە مردوو دەگیرێت، کە خاوێن دەکرێتەوە و دەستێک جلکی جوانی لەبەر دەکرێت. لێ لە ئیسلامدا پەیوەندیی بە خاوێنییەوە نییە، بەڵکوو خاوێنکردنەوەکە زیاتر ڕوویەکی ڕۆحیی و ئایینیی هەیە، کە بە شووشتن ڕۆحی پیسبووی تاک خاوێن دەکرێتەوە، پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای خودا.

هەموو بوونەوەرەکان خاوەنی سیستێمێکی نایابن لە مردندا، کە سروشت پێیداون، ئەویش ئەوەیە، کە لاشە خۆی خۆی خاوێن دەکاتەوە، واتا لاشە هەرچی پیسایی ناو ڕیخۆڵە گەورەی هەیە، فڕێیدەداتە دەرەوە. هەرچی ئاوی ناو میزڵدان هەیە فڕێیدەداتە دەرەوە، ئەمە ئاوتۆماتیک ڕوودەدات. من خۆم چەندیینجار لە ڕێگای کارەکەمەوە چ لە نەخۆشخانە و چ لە ئینستیتووتی تردا، مردووم ئامادە کردووە، کە کەسوکاریان بیبەنەوە. نووسەر لە ڕێگای کەڕاکتەرێکی ڕۆمانەکەوە، کە گەوهەری مردووشۆرە، لەم کاپیتڵەدا دەست توووند لەسەر سکی ژنە مردووەکان دادەنێت، هەتا میز و پیساییان لێ بێتەدەرەوە و خاوێنیان بکاتەوە.

چلۆن بەشێک لەم ژنانە وەها خێرا لەپڕ بوون بە ژنانی نەفرەت لێکراو وا نووسەر لەم کاپیتڵەدا دەڵێ، کەسوکاری ئەم کوژراوانە گوێ بە خوشک و دایکی کوژراویان نادەن، هەربۆیە نایەن بۆ مزگەوت بۆ ئەوەی مردووەکانیان ببەنەوە. باوەڕم نییە لە کولتووری کوردییدا کەسێک هەبێت ئامادە نەبێت، بچێت لاشەی کەسێکی مردووی بهێنێتەوە و بینێژێت.

گەوهەر دەڵێ، ئەم مردووانەی کەس نییە بیانباتەوە دەبێت بکرێنە سندووقەوە و ببرێن بۆ ناشتن. لە کولتووری کوردییدا، کە بە ڕیتوالێکی ئیسلامیی مردوو دەنێژرێت، دارەمەیت هەیە نەک سندوق. کریستەکان مردوو لە سندوقدا دەنێژن، لێ ئیسلام لە خامێکییەوە دەیپێچێت و دەیخاتە گۆڕەوە. بەڵام گەوهەر منداڵێک دەنێرێت بە شوێن دەروێشی مێردیدا هەتا چەند سندوقێک بهێنێت بۆ ئەوەی مردووەکانی تێبکەن و بیگوێزنەوە بۆ گۆڕستان.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کاپیتڵ 27:

لەم کاپیتڵەدا گەوهەر و ئاسکۆڵ و کانیی کچی لە سپێدەی بەیانییدا دەرگای حەوشەی ماڵی گەوهەر دەکەنەوە و دێنە ژووری، دەروێش فرمێسکی بە باوەشەوەیە و بەرەوڕوویان دەچێت. لەم کاپیتڵەدا نووسەر لە دەمی دەروێشی باوکی فرمێسکەوە بە فرمێسکی کچەزای دەڵێ، کە ئەو زەردەشتییە، بە کانیی کچی ئاسکۆڵیش دەڵێ، کە ئەویش زەردەشتییە، چونکە دایکی کانیی ئامۆزای دەروێشە، کەواتە ئەویش زەردەشتییە، لێ ئیمڕۆ بووە بە ئیسلام، بەڵام لەناو خۆیدا زەردەشتییە. نووسەر لە دەمی دەروێشەوە قسە لەسەر ئایینی زەردەشتییەکان دەکات و دەڵێ، دەمەوێت چیرۆکی ئەو پیاوە سپییەتان بۆ بگێڕمەوە، پیاوی سپیی بە واتای پیاوی ڕەوانبیر. مەبەستی لە خودی زەردەشت خۆیەتی. ڕەوانبیرێک کە گۆرانیی بۆ خۆر و ئاگر دەڵێ و مرۆڤ و خودا پێکەوە دەبەستێتەوە، لەویادا کە ئاسمان لە زەویی نزیکدەبێتەوە. لێرەدا نووسەر بۆ یەکەمینجار ناوی خودا دەهێنێت نەک ئەڵڵا. نووسەر هەتا ئەم کاتەش، زەردەشت وەک ئاگرپەرستێک تەماشا دەکات، وەک خۆرپەرستێک تەماشا دەکات. نیچە کە ئەڵمانە زەردەشتی زۆر باشتر ناسیوە، وەک لە نووسەری ئەم ڕۆمانە، کە خۆی کوردە. (ئالزۆ شپراخ زەراتوسترا. Also sprach Zarathustra).

نووسەر زۆر باسی ئاگر و خۆر دەکات لە ئایینی زەردەشتییدا، زەردەشتییەکان وەک ئاگرپەرستێک بە خوێنەری دانمارکیی دەناسێنێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئاخۆ بۆچی سارا عومەر ئەم کارە دەکات؟ لەکاتێکدا زەردەشتییەکان باوەڕیان بە یەک خودای تاکو تەنها هەبووە، ئاگر تەنها سیمبوڵێک بووە، نەک بۆ پەرستن بێت. خۆر تەنها سیمبوڵێک بووە، نەک بۆ پەرستن بووبێت. بێگوومان ئامانجی نووسەر لە مردووشۆردا، ئامانجێکی نادیارە، ئەمە وێرای ئەوەی لە دیاردا زۆر شت دەبینرێت، لێ هەموو ئەمانە ناکرێت وەک ڕووناکییەک ڕێگر بن لەوەی، کە ئەو ڕاستییەی لە ڕووناکییدا شاردراوەتەوە نەیبینین.

دوای ئەوەی زەردەشت دە ساڵ خۆی لە خەڵکیی بە دوور دەگرێت، دوای ئەوەی دوای دە ساڵ بۆ یەکەمینجار کە دەیەوێت بگەڕێتەوە ناو خەڵکیی پیرەژنێک دێتە سەر ڕێگای و دەکەونە گفتووگۆ لە سەر ڕاستیی و لەسەر ژن.

ئەوەی سەیرە، ئەوەیە، کە زەردەشت ژن باش ناناسێت، کەچی ئەو لەسەر ژن ڕاستی گووتووە، ئەمەش بۆیە وەهایە،

چونکە لەلای ژن هیچ شتێک مەحاڵ نییە.

ئێستاش هەر بۆ سووپاس ڕاستییەکی بچووک وەربگرە.

لێ ئاخۆ تەمەنم هی ئەوەیە ئەم ڕاستییە وەربگرێت؟

بیپێچەرەوە و دەمی دابخە،

دەنا بە دەنگی بڵند هاوار دەکات و ئەم ڕاستییە بچووکە دەدرکێنێت.

من گووتم، ئەی ژن، ڕاستییە بچکۆلەکەتم بدەرێ

پاشان پیرەژنەکە گووتی:

ئەچیت بۆ لای ژن؟ ئەوا قامچییەکەت لەبیرنەچێت.

"ئالزۆ شپراخ زەراتوسترا"، لاپەڕە 50

Seltsam ist es, Zarathustra kennet wenig die Weiber, und doch hat er über sie Recht! Geschieht dies deshalb, weil beim Weibe kein Ding unmöglich ist?

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

„Und nun nimm zum Danke eine kleine Wahrheit! Bin ich doch alt genug für sie!

„Wickle sie ein und halte ihr den Mund: sonst schreit sie überlaut, diese kleine Wahrheit.“

„Gib mir, Weib, deine kleine Wahrheit!“ sagte ich. Und also sprach das alte Weiblein:

„Du gehst zu Frauen? Vergiss die Peitsche nicht!“

Also sprach Zarathustra. Seite, 50.

دەرهێنانی ڕەحم بۆ ئەوەی کچان منداڵی هاندیکاپ نەخەنەوە، باسێکی تری ئەم بەشەیە. ئەمەش دڵڕەقیی و غەدر و بووختانێکی گەورەیە، کە بەرانبەر بە کورد دەکرێت. هەرگیز هیچ دایک و باوکێکی کورد ئەم غەدرەیان بەرانبەر بە کچەکانیان نەکردووە.

کاپیتڵ 28:

ئەم کاپیتڵە لە نەخۆشخانەی سکایبی لە ئارهووس ڕوودەدات لە ڕێککەوتی 16.08.2016 دا. فرمێسک لێرەدا لەسەر جێگاخەوەکەیەوە تەماشای هەواڵەکانی تیلیڤیزیۆن دەکات، کە داعش کچە کوردە ئێزیدییەکان لە بازاڕدا دەفرۆشێتەوە. نووسەر دەنووسێت، کە فرمێسک هەناسەیەکی قوڵ هەڵدەمژێتە سنگیەوە. لێ هەوا هەڵنامژرێتە سنگەوە، بەڵکوو هەڵدەمژرێتە سییەکانەوە.

هەوا قوڵ هەڵدەمژرێتە سییەکانەوە، چونکە سییەکان کاریان خاوێنکردنەوەی هەوایە و گەیاندنیەتی بە دڵ و دڵیش بە تەواوی جەستە، لە ڕێگای سوڕی خوێنەوە.

لینەی پەرستیار لە هاتنە ژوورەوەیدا بۆ لای فرمێسک، لە سەرەتای کاپیتڵەکەدا بە فرمێسک دەڵێ، بەتانییەکم بۆ هێناویت، چونکە تۆ هەمووجار هەڵدەلەرزییت لەدوای نەشتەرگەرییەکانت. ئالێرەدا وەک خوێنەر پێویستە ئەو پرسیارە قووتبکەینەوە، کە چ نەشتەرگەرییەک بۆ فرمێسک دەکرێت، ئەمە چەندەمینجارە نەشتەرگەریی بۆ فرمێسک دەکرێت؟ ئاخۆ چ نەخۆشییەکە وەها پێویستی بەم هەموو نەشتەرگەرییە بێت؟

خوێنەری دانمارکیی ئەم پرسیارانە ناکات، چونکە ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە پیشاندانێکی ناشیرینی ڕووی کوردە، کە بە کەڕاکتەرێکی داعشئاساوە بەرەوڕووی ژن و منداڵ دەبنەوە و لەناو ئەم کۆمەڵگە داعشییەشدا تەنها یەک پیاوی باش هەیە، کە ئەویش دەروێشی باوکی فرمێسکە.

فرمێسک دەڵێ، تا ئەو کاتەی، کە پیاوی ئیسلام هەست بە بەرزیی خۆیان لەسەرو ئێمەی ژنەوە بکەن، ئەوا پێویستە بترسین.

دەریا دەڵێ، باوکم دەیەوێت بزانێت، کە مێردەکەت و باوکت ناویان چییە. فرمێسک بەم هەواڵە تووڕە دەبێت و دەڵێ، بەهیچ شێوەیەک نابێت لەسەر ئەمە قسەبکەین و ناکرێت جارێکی تریش، کە تۆ ناپاکییم لەگەڵدا بکەیت.

نووسەر لێرەدا دیسان قسە لەسەر شتێک دەکات، کە ڕوودانی مەحاڵە لە نەخۆشخانە دانمارکییەکاندا و هەر کارمەندێک بەوشێوەیە کاربکات، ئەوا دەرکردنی مسۆگەرە، چونکە پەیوەندیی نێوان کارمەندی تەندروستیی و نەخۆش پەیوەندییەکی تەندروستییە، نەک بەوشێوەیەی، کە نووسەر باسی لێدەکات. بۆ نموونە نەخۆشێک لە ژیانێکی ڕیاڵدا، سکاڵا دەکات و دەڵێ، کارمەندێک هەواڵی من

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

دەگوێزێتەوە بۆ دەرەوە، بۆ ماڵی باوکی. لێرەدا کارمەندەکە بە تاوانی شکاندنی ئەرکی بێدەنگیی سزادەدرێت و دەریشدەکرێت لە کار. دەریا خوێندکاری مێدیسینە، کەواتە مەترسیی گەورەی لەسەر دەبێت، کە خوێندنەکەشی لەکیسبدات، لێ نووسەر ڕەچاوی ئەمانەی نەکردووە و هیچ خوێنەرێکی دانمارکییش گرنگیی پێنادات، چونکە ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە، ڕووە ناشیرینەکەی کۆمەڵگەی کوردیی و ئایینی ئیسلامە.

کاپیتڵ 29:

دا. شوێن نەزانراوە، نووسەر لە سەرەتای 02.07.1990ڕووداوەکانی ئەم کاپیتڵە لە سلێمانیی ڕوودەدەن، لە ڕێککەوتی دەستپێکردنیدا قسە لەسەر شوێنێک دەکات، کە ماڵەکانی بە تەنیشت یەکەوە نووساون و ڕەنگیان یان زەردە یان ڕەساسیی، ڕەساسییە دەیارە ماڵێکی لەبغکراوە و ڕەنگ نەکراوە. لەم ڕیزە ماڵانەدا دارلالەنگیی هەیە و دەرویش لەسەر ڕێگایاندا، دەستدرێژ دەکات بۆ درەختێکی لالەنگیی، لالەنگییەکی گەورە لێدەکاتەوە. پاکی دەکات و کەمێکی دەدات بە فرمێسک و کەمێک بە گەوهەر و کەمێکیش بۆ خۆی. مانگی حەوت مانگی پرتەقاڵ و لالەنگیی نییە، چونکە ئەمانە میوەی پایز و زستانن. پاشان لە سلێمانییدا بەرهەمهێنانی پرتەقاڵ، لالەنگیی و لیمۆ، کارێکی سانا نییە، چونکە سلێمانیی ساردە بۆ ئەم ڕووەکانە. دەشێت چەند ماڵێک لە سلێمانییدا، کە بە پەنجەکانی دەست بژمێردرێن، ئەم ڕووەکانەیان هەبووبێت، لێ ئەمانە میوەی پایزن و لە قرچەی هاوییندا پێناگەن.

دەرویش و گەوهەر و فرمێسک تەماشای هاتنەوەی گەشتیارانی حەج دەکەن، کە ئەو هەموو ئاژەڵانەیان بۆ سەردەبڕن. گەوهەر فرمێسک فێردەکات، کە چوون بۆ مەککە بۆ ڕێزگرتن لە ئەڵڵا گەورەترین شتە، هەربۆیە لە جەژنی قورباندا ئاژەڵ سەردەبڕدرێت. نووسەر لێرەشدا زانیارییەکی هەڵە دەدات بە خوێنەری دانمارکیی. سەربڕینی ئاژەڵ لە جەژنی قورباندا دوو جۆر لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، لێکدانەوەیەکیان هاوکارییکردنی هەژارانە و لێکدانەوەیەکیشیان پابەندە بە چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمەوە. لێکدانەوەی یەکەم لەوەوە سەرچاوەی وەرگرتووە، کە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا، خەڵکیی زۆر هەژار بوون، دەگمەن بوون ئەو کەسانەی، کە گۆشیان دەستکەوتووە بۆ خواردن. هەربۆیە خودا داوای کردووە، کە قوربانیی بکەن، کە ئاژەڵ سەرببڕن و گۆشتەکەی دابەشبکەن، بەسەر هەژاراندا. ئەو دەم لەم ڕێگایەوە، ساڵانە خەڵکیی لە ڕێگای ئەم قوربانییەوە، گۆشتیان دەستدەکەوت. لێیەڵێ ئێستا لە سعودی عەرەبییدا، کە ئاژەڵان سەردەبڕن، ئیدی هەر لە مەڕ، بزن، مانگا، گا، بەرخ و حوشتر، کەس گۆشتەکانیان ناخوات، بەڵکوو ئەم ئاژەڵە بەستەزمانانە بە شۆفڵ هەڵدەگیرێن، دەکرێنە چاڵێکی گەورەوە و دەسووتێنرێن. کەسێک کە دەچێت بۆ حەج، دەبێت ئاژەڵێکیش سەرببڕێت و بیکات بە خێر. واتا، کە حاجییان دێنەوە بۆ کوردستان، ئاژەڵەکان بۆ حاجییان سەرنابڕدرێن، بەڵکوو ئاژەڵەکان وەک ئەرکێکی سەر شانی حاجییانە، کە دەبێت بیکەن، ئەویش سەربڕینیانە و دابەشکردنی گۆشتەکەیەتی بەسەر خەڵکییدا. خۆشبەختانە لە کوردستان گۆشتەکە دەخورێت، نەک فڕێبدرێت، وەک لە سعودی عەرەبیی دەکرێت.

لێکدانەوەی دووەم، چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیمە. چیرۆکی حەزرەتی ئیبراهیم زۆر کۆنترە وەک لە ئیسلام و ئەم چیرۆکە لە ئایینی جوومەکان و کریستیشدا قسەی لەسەر دەکرێت، کە خودا ئیبراهیم تاقیدەکاتەوە بۆ سەربڕینی کوڕەکەی، بۆ سەربڕینی ئیسحاقی کوڕی. خودا باوەڕی ئیبراهیم تاقیدەکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت، کە هەتا چەند باوەڕی بە خودا هەیە. پاشان دەبینێت، کە ئیبراهیم لە تاقیکردنەوەکەدا دەردەچێت، ئینجا بزنێک لەبەردەمیدا قووتدەکاتەوە بۆ ئەوەی، بزنەکە لەبری کوڕەکەی سەرببڕێت، لەوڕۆژەوە، لە جەژنی قورباندا قوربانیی دەکرێت و ئاژەڵ سەردەبڕدرێت. یان ئەوەتا نووسەر بە ویست ئەم باسە دەڵکێنێت بە ئیسلامەوە یان ئەوەتا بێئاگایە لە چیرۆکی ئیبراهیم. من دڵنیام خوێنەری دانمارکیی ئەم ڕاستییە دەزانن، چونکە ئەوان لە بیبلدا دەیخوێننەوە. بەڵام گرنگیی بەم هەڵەیە نادەن، چونکە ئەوەی بۆ ئەوان گرنگە، ئەوەیە کە ئیسلام چلۆن لە حەج دەڕوانێت.

زیادەڕوییەکی گەورە، کە نووسەر لێرەدا دەیکات، ئەوەیە کە منداڵێکی چوار ساڵانەی وەک فرمێسک لەگەڵ دایک و باوکیدا ڕاوەستێنراوە و قاچەکانی خەڵتانی خوێنی ئەو هەموو ئاژەڵە سەربڕدراوەیە. نووسەر کەسایەتییەکی هۆشیار و ڕۆشنبیری داوە بە

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

دەروێش، بەڵام ئەم کەسایەتییە هۆشیار و ڕۆشنبیرە، بیری لەوە نەکردۆتەوە، کە منداڵێکی چوار ساڵانە هی ئەوە نییە، بیهێنیتە ئەم قەسابخانەیەوە.

کۆمەڵکووژی ئاژەڵان لە تەواوی جیهاندا بوونی هەیە، بەبێ گوێپێدانە ئەوەی لە ڕیتوالێکی ئایینیی یان تەندروستیی یان کولتوورییدا بێت وەک ڕاوکردن. لە سەرهەڵدانی ئەنفلوێنزای باڵندەدا بە بلیاردەها باڵندە کووژران. لە ئەنفلوێنزای بەرازدا هەمانشێوە. لە کۆتاییەکانی ساڵی 2020 دا دانمارک بە فەرمانی مێتە فرێدەریکسن پانزدە میلیۆن مینکی کووشت، بە پێوابوونی تووشبوونیان بە کۆرۆنا، دوای کووشتنیشیان گووتیان هەڵە بووین. کەچی کەس لەسەر تاوانە گەورەیە نەهاتە دەنگ.

نووسەر لە دەمی دەروێشەوە بە تەوسەوە دەڵێ، ئەگەر منیش لەسەر باوەڕەکەی ئێوە بوومایە، ئەوا منیش ڕامدەکرد بە دوای ئەو حەفتاودوو کچە کوون نەکراوەدا. پیاوێکی حاجی ڕاستەقینە، بۆنی گۆشتی کچانی کوون نەکراو دەناسێتەوە. نووسەر لێرەدا لەبری حۆریی کچی کوون نەکراو بەکاردێنێت، ئەمەش وەک کەڕاکتەرێکی سێکسیست و سادیستانەی پیاوان.

وەک گووتم مرۆڤ دەبێت جیاوازیی بکات، بەتایبەت مرۆڤی کورد، دەبێت لە هەموان زیاتر جیاوازیی بکات لەنێوانی ئیسلامیست و مسوڵماندا. کورد چەمکی مسوڵمان بەکاردەهێنێت نەک ئیسلام. ئەمەش هەر دیدێکی کوردانەیە لەسەر ئایینەکە، ئەو خێزانە کوردانەشی مسوڵمانن، ئازادیی ژیان لە خێزانەکەیاندا هەیە، کچان بە زۆر نادەن بە شوو و بەزۆریش ژن بۆ کوڕانیان ناهێنن. من نەوەی ئەو سەردەمەم، کە نووسەر باسی دەکات، نە خوشکم بە زۆر دراوە بە شوو، نە خوشکم لێی قەدەغە کراوە هاوڕێی کوڕی هەبێت، نە برام بە زۆر ژنی بۆ هێنراوە. هەر لەو سەردەمەدا چ خوشکم شووی کردووە بە خۆشەویستی خۆی و چ براشم لەگەڵ خۆشەویستی خۆی بەیەک گەیشتوون. دایکی منیش مسوڵمان بووە و باوکیشم پاسیفیست. لە تەواوی گەڕەکی ئێمەدا هەتا هاتنەدەرەوەشم بۆ ئەوروپا کچێکم نەدی بەزۆر بدرێت بە شوو، بە زۆر لەچکی پێ لەسەر بکرێت. نووسەر لە دەمی گەوهەرەوە دەڵێ، کە هیچ کەس بۆی نییە بەبێ عەبا بچێتە دەرەوە، ئەمە بووختانێکی گەورەیە. نووسەر فرمێسکی پاڵەوانی ڕۆمانەکەی، لە منداڵییەوە باڵاپۆش کردووە، کە گوایە کۆمەڵگە و حکومەت پەسەندی ناکەن بەبێ لەچک و باڵاپۆشیی بچێتە دەرەوە. ئەمە بووختانێکی گەورەیە. بەعس درندە بوو، لێ هەرگیز زۆری لە هاووڵاتییان نەکردووە، کە باڵاپۆش بن، چونکە بەعس پارتێکی ئیسلامیی نەبوو. هاتنی ئەڵڵا و ئەکبەر بۆ ناو ئاڵای ئێراق، لەدوای جەنگی یەکەمی نێوان هاوپەیمانان و بەعس هات، لەدوای داگیرکردنی کوەیتەوە. ئەمەش کارێکی سیاسیی بوو، بۆ جوڵاندنی هەستی ئایینی وڵاتە عەرەبییەکان، هەتا لە شانی ئێراقەوە ڕابوەستن.



ئامادەیی سلێمانیی کچان، ساڵی 1976



# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

زانکۆی سلێمانیی ساڵی 1976



کۆلیژی ئاداب ساڵی 1976

گفتوگۆی نێوان دەروێش و گەوهەری ژنی لەسەر سەربڕینی ئاژەڵەکان، ناگاتە خاڵێکی لێکتێگەیشتن. کۆکووژیی ئاژەڵان لە قەسابخانەدا بێت یان لە بۆنەیەکی تردا، هیچ جیاوازیی نییە. نووسەر لێرەدا چەمکێک بەکاردەهێنێت و ناوی دەنێت پێکەوەییەکی سایکۆپاتییانە (Kollektiv Psykopati) . بۆ نموونە کوشتنی پانزدە ملیۆن مینک لە دانمارکدا. پاشان سایکۆپات کەسێکە بە تەنها کار دەکات، سایکۆپات لە گرۆدا کارناکات، چونکە توانای پێکەوەکارکردنی نییە، لێ دەتوانێت لەگەڵ کۆیەکدا کاربکات، کە ئەم خۆی فەرماندەر و بڕیاردەربێت. سایکۆپات دەتوانێت بۆ نموونە لەگەڵ کۆیەکی نارسیستدا کاربکات، چونکە کەسی سایکۆپات خاوەنی بەهرەیەکی گەورەی مانیپولاسیۆنە، خاوەنی بەهرەیەکی گەورەی هەڵخەڵەتێنەرە. نارسیستەکانیش پێویستیان بەوەیە، کە پەسەند بکرێن و وێنەی خۆیانیان نیشان بدەیت. بۆ نموونە تۆ زۆر جوانیت، زۆر زیرەکیت، زۆر بە توانایت. بەمشێوەیە سایکۆپات لە پێکەوەییدا کاردەکات. لێ کەسێکی نارسیست، دەتوانێت بە قەد کەراکتەرێکی سایکۆپات ئازاردەر بێت و ژیانی تاک و کۆ ناخۆش بکات. دۆناڵد ترامپ ئاکتوێلترین نموونەی باسێکی وەهایە.

لە جەژنی مۆرتندا لە ئایینی مەسیحدا ئەم هەموو قاز و مراوییە سەردەبڕدرێت و دەخورێت، لە جەژنی کریسمسدا ئەم هەموو قاز و مراویی، بەرزاز و پەلەوەرەی تر سەردەبڕدرێت و دەخورێت. لە دانمارک کولتووری ڕاوکردنیش هەیە و ڕاوکردنێکی ڕێگاپێدراو. جاری وەها هەیە بیست پیاو و ژن کۆدەبنەوە و دەچنە ڕاو، دەوکەونە گیانی ئەم هەموو ئاسک، فاسان، قاز و مراوییە، تەنانەت کۆتر و ڕێوییش. دراوسێیەکی ئێمە ڕاوچییە، هەموو کاتێکیش لە ماڵی ئەوانەوە کۆمەڵێک ژن و پیاو بە کۆمەڵێک سەگەوە ڕاو دەستپێدەکەن و نێچیرەکانیان دەهێننەوە. هەموو جارێک من ئازارێکی گەورە دەچێژم، چونکە خۆشەویستییەکی گەورەم بۆ باڵندە و ئاژەڵ هەیە. هەموو جارێک کۆمەڵێک ئاسک، فاسان و ڕێوی دەکووژن و دەهێننەوە، بەشێوەیەک، کە دەڤەرەکەمان ئێستا دەگمەن ئەم ئاژەڵ و باڵندانەی تێدا دەبینیت. کووشتنی ئاژەڵ و باڵندە لە بۆنەیەکی ئایینییدا بێت یان کولتوورییدا هیچ لە باسەکە ناگۆڕێت.

نووسەر دیمەنێکی تراژیدیی ناڕیاڵ دروست دەکات، کە مانگاکان تووشی شترێس و ترس دەبن و هەڵدەستنەوە و ڕادەکەن، هەندێکیان بەرچەقۆ دەدرێن بۆ ئەوەی ڕانەکەن. فرمێسک دەستدەکات بە گریان، چونکە دەبینێت لە نزیک ئەوەوە مانگاکان دەدرێنە بەرچەقۆ. فرمێسک پیاوێک دەبینێت، کە بووە بەژێر پێی مانگاکانەوە و لەسەر زەویی کەوتووە و چاوێکی دەرپەڕیوەتە دەرەوە. دەروێش بە فرمێسک دەڵێ، کە چاوەکانی دابخات.

## مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

## "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

سەمەرە لێرەدا ئەوەیە، کە نووسەر تەنها چوار ساڵ لە سلێمانییدا ژیاوە و کەچی لە چاوپێکەوتنەکانیدا لەگەڵ میدیای دانمارکیی بەردەوام دووبارەی دەکاتەوە و دەڵێ، کە ئەو کۆمەڵگەی کوردیی لە تەوقی سەرەوە هەتا نووکی پەنجەکانی پێی دەناسێت. من بیست و چوار ساڵ لەو نیشتیمانەدا ژیاوم و دەتوانم بڵێم لە سەدا پێنجی کوردستانم نەدیوە و ئاشنای کۆمەڵێک کولتوور و دابونەریتی جیاواز نەبووم. ڕاست ناکەم، ئەگەر بڵێم، کە من کۆمەڵگەی کوردیی لە تەوقی سەریەوە هەتا نووکی پەنجەکانی پێی دەناسم.

نووسەر لەناو ئەم کاوسە گەورەیەی مانگا سەربڕییندا، لاشەی کچێک فڕێدەداتە سەر زەویی. لاشەی کچێک، کە ئاوتۆمۆبیلێک دێت و لەویادا فڕێیدەدات. ئەم دیمەنە ناڕیاڵە، مەگەر لە دیدی کەسێکی پارانۆیدەوە بێت. نووسەر باس لە سەردەمێک دەکات، کە بەعس لە لوتکەی دەستەڵاتدا بووە، کێ بوێریی ئەوەی هەبووە، کە نەک تاوان بکات، بەڵکوو دزییش بکات. هیچ تاوانێک بەبێ سزا بەسەر بەعسدا تێنەپەڕیوە. هەموو ئەو پیاوانەی، کە هەڵدەستان بە کووشتنی خەڵکیی، کە زۆرینەیان دەوڵەمەندەکان بوون و ڕووتدەکرانەوە، هەموو دەدرانە دادگا و زیندانیی دەکران. ئینجا نەخواستە هەر ئاوها ئاسان لاشەی ژنێک بە ڕۆژی ڕووناک فڕێبدەیتە سەر زەویی، لەناو عەشامێکی گەورەدا.

نووسەر ئەم دیمەنەی بۆیە دروستکردووە هەتاوەکوو ڕەوایەتییەت و پەسەندێتیی بە کارێکی هەرەوەزییانەی تاوانکردن بدات. ئەمەش بێجگە لە دێواندنی کۆمەڵگەی کوردیی، بە دێمۆنکردنی کۆمەڵگەی کوردیی هیچ شتێکی تر نییە.

ئەم کچە کووژراوە بە فیشەک کووژراوە و هەردوو دەستی لێکراوەتەوە. ئەم کچە بەرنەفرەتی خێزانەکەی کەوتووە و مستەهەقی کووشتن بووە. نووسەر بەشێوەیەک پێناسی کۆمەڵگەی کوردیی دەکات، وەک ئەوەی کۆمەڵگەی زۆمبییەکان بێت. توونددڕەوترین و دڕندەترین کۆمەڵگە بن، کە ئاوها ئاسان بە ڕۆژی ڕووناک وەک قەساب دەست و قاچی کچەکانیان ببڕنەوە و فڕێیبدە ئەو گۆڕەی. نووسەر بەمەشەوە ناوەستێت، بەڵکوو لاشەی ئەم کچە دەخاتە ژێر پێ لەقەی ئەو عەشامەوە، کە لەوێدان. دەروێش بە دەنگی بڵند هەوڵدەدات، ئەو عەشامە زۆمبییە هێوربکاتەوە، هەتا چیدی شەق لە لاشەی ئەم کچە کووژراوە نەدەن.

پاش هێورکردنەوەی خەڵکەکە لەلایەن دەروێشەوە، گفتووگۆی دەروێش و گەوهەر درێژە دەکێشێت. دەروێش دەڵێ، ئەمە بەرهەمی ئەڵڵایە (دیسان نووسەر ناڵێت خودا، بەڵکوو دەڵێت ئەڵڵا، ئەمەش زیاتر خوێنەری دانمارکیی دەجوڵێنێت وەک لە چەمکی خودا). گەوهەریش دەڵێ، ئەمە بەرهەمی مرۆڤە. لەناو ئەم کارەساتەدا، ئاسۆی کوڕیان دەست لە دایکی دەدات و دەڵێ، دایە، ڕووبار منداڵی دەبێت، دەبێت ئێستا بێیت. ئاسکۆڵێش لەوێیە. گەوهەر سەرەتا بیر لە شووشتنی ئەم لاشەیە دەکاتەوە، ئینجا بچێت بۆ لای ڕووباری کچی. ئاسۆ دەڵێ، دایە بەڵام ئەو ئێستا لە منداڵبووندایە. دواجار گەوهەر فرمێسک و دەروێش بەجێدەهێڵێت و دەچێتە لای ڕووباری کچی. ڕووبار دیسان کچی دەبێت.

کاپیتڵێ 30:

ئەم کاپیتڵە کورتە و ئامانجی نووسەر تەنها پیشاندانی ڕوویەکی خراپی برایە، کە هەر لە منداڵییەوە خەریکی بەردبارانکردنی سەگن. پاشان دەرخستنی دەروێش وەک پیاوێکی هۆشیار و مرۆڤدۆست.

لەم کاپیتڵەدا گەوهەر لەدوای منداڵبوونی ڕووبار و چوونی بۆ مزگەوت بۆ شووشتنی ئەو کچە کوژراو و لەتوپەتکراوە، دەگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە. لێرەدا دیمەنێکی منداڵانی کورد دەدات بە خوێنەر، کە ئازاری سەگ دەدەن. ئەمە ڕاستە و هەتا ئێستاش بوونی هەیە. بەداخەوە ئەمەش بناغەیەکی فێربوونی هەیە، نەک کولتووری ڕاستەقینەی کورد خۆی بێت. ئەویش بەوەی، کە لە ئایینی ئیسلامدا سەگ گڵاوکراوە، لەم دیدەشەوە ئازاردانی سەگ ڕەوایەتیی پێدراوە. دەروێش بە ئاسۆی کوڕ دەڵێ، کە ئەوەی بەردبارانی سەگ بکات، دواجار بەردبارانی ژنیش دەکات. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچیی نووسەر ئازاردانی سەگ تەنها بە ژنەوە دەبەستێتەوە؟ وەڵام، چونکە ئەوەی ئامادەبێت ئازاری ئاژەڵ و باڵندە بدات، ئامادەیە ئازاری مرۆڤیش بدات، بەبێ گوێپێدانە ئەوەی، کە ژنە یان پیاو.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کاپیتڵ 31:

ڕووداوەکانی ئەم کاپیتڵە لە ماڵی گەوهەر و دەروێشدایە، هەروەک کۆی گشتیی ڕووداوەکان، کە هەموو لە ماڵی دەروێش و ڕووبارداییە، یاخوود لەو هۆدەیەی، کە فرمێسک لە نەخۆشخانە تێیدا خەوێنراوە. لەم ڕۆمانەدا نیشاندانی ڕوویەکی گشتیی کۆمەڵگە بچووککراوەتەوە بۆ گرۆپەکی بچکۆلانەی خێزانێک.

محەممەدی کوڕی و منداڵەکانی لە ماڵی گەوهەرن، هاتوون بۆ خواردن و پێکەوە خواردن دەخۆن. لێرەدا گفتووگۆ لەسەر جیاوازیی نێوان کچ و کوڕ دەکرێت، ئەم گفتووگۆیە لەنێوانی دەروێش و محەممەدی کوڕیدا دەستپێدەکات، کە تەنانەت کچان کەمتر دەخۆن وەک لە کوڕان. محەممەد سوورە لەسەرئەوەی، کە کچان فێری قورئان خوێندنەوە بکرێن. سوورە لەسەرئەوەی، کە فرمێسک بێتە مزگەوت هەتا فێری قورئان خوێندنەوە بکرێت.

پاشان باس دێتە سەر دراوسێیەکیان، کە ژنێکی نوێی هێناوە، چونکە ژنە کۆنەکەی لە بۆردوومانەکەی مزگەوتدا کوژراوە. ئەم دراوسێیە سێ کچی خۆی گۆڕیوەتەوە بە ژنێک، کە ناوی چرایە.

زیادەڕەوییەکی نووسەر لەم کاپیتڵەدا ئەوەیە، کە دەنووسێت لەپڕ سەربازانی ڕژێم دێنە ماڵەکەیانەوە. دەروێش خێرا منداڵەکان دەدات بە محەممەد، کە بچێت لە ژێرزەمینە شاردراوەکەدا بیانشارێتەوە. سەربازەکان دێنە ژوورەوە، دەپرسن کە ئاخۆ هیچ کوڕی گەنج لەم ماڵەدا بوونی هەیە؟ دەروێش دەڵێ، نەخێر، دیسان خۆیان وەک کۆنە ئەفسەری ڕژێم پێدەناسێنێت و بەڵگەنامەکەی دەداتە دەستیان.

بەعس هەرگیز نەهاتوتە ماڵان، کە بەدوای کوڕی گەنجدا بگەڕێت، هیچ کەس منداڵی لە ترسی بەعس نەشاردۆتەوە. بەڵام لە سەرەتای نەوەتەکاندا بەعس پلانی داگیرکردنی کوەیتی هەبوو، پێویستی بە سەربازێکی زۆر بوو، ئەو دەم سووپای ئێراق یەکێک بوو لە گەورەترینی سووپاکانی جیهان، کە خاوەنی چوار میلیۆن سەرباز بوو. بەعس زوو زوو قەدەغەی هاتووچۆی ڕادەگەیاند و ماڵان دەگەڕا بەدوای سەربازانی هەڵهاتوودا. ئەم سەربازە هەڵهاتووانە بواری بەجێهێشتنی شاریان نەبوو. یەکەم هێزی پێشمەرگە لە کوردستاندا دەرپەڕێندرابوونە دەرەوە، دووهەمیش سنورەکان هەموو گیرابوون و کەسی بواری دەرچوونی نەبوو، هەربۆیە ئەم هەڵهاتووانە بە ناچاریی لە شاردا دەمانەوە. ئەمانە لاپەڕەیەکی جاشی خەفیفەیان وەردەگرت و لە ماڵەوە دادەنیشتن. ئەمانە جاش نەبوون، بەڵکوو جاشێتییان بەکاردەهێنا بۆ خۆپاراستن. مستەشارەکانیش ژمارەی جاشەکانیان زیادی دەکرد و مووچەکانیانی وەردەگرت بۆ خۆی. لێرەدا مستەشارەکان و حکومەت، هەردوولا سوودیان لەیەک وەردەگرت.

لە ماڵی دەروێشدا وێنەیەکی سەددام حسین، کە لە چوارچێوە گیراوە، سەرەوخوار لەسەر تەوقی سەر دانراوە. سەربازێک دەپرسێت، کە بۆچی وێنەی سەرۆکتان لەسەر تەوقی سەر داناوە؟ گەوهەر دەڵێ، ژنەکەم سەرقاڵی خاوێنکردنەوەی وێنەکە بووە، پاشان چاوی باش نابینێت، بۆیە بە هەڵە وێنەکەی داناوە.

ئەم دەربڕین و دروستکردنی چیرۆکانە لەلای نووسەر هیچ واتایەکیان نییە. هیچ کەسێک بەوشێوە دڵنیابوونە لە خود لەگەڵ بەعسدا نەیتوانیوە مامەڵە بکات. ئەمەش لە ئاکامی ئەوە دێت، کە نووسەر بەعسی نەناسیوە، لە ژیانی بەعسدا نەژیاوە. من یەکێکم لەو هاوولاتییانەی، کە کورد گووتەنی هەتا ئێستاش جێگا پۆستاڵەکانی بەعس بە قنمەوە دیارە، دەگمەن بوون ئەو شەوانەی، کە لە شیرینی خەودا بۆ لێدان هەڵمان نەستێنن لە خەو.

کاپیتڵ 32:

نووسەر بەردەوام لە چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ، کە ئەو بە کوردیی بیری کردۆتەوە و بە دانمارکیی نووسیوویەتی، لێ ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە ڕاستییەکی ترمان پێدەڵێت، بەتایبەت ئەو زمانە ڕەوان و وردەی، کە پێی نووسراوە، گوومان لەسەر زۆر شت دروست دەکات. لەم کاپیتڵەدا لە لاپەڕە دووسەد و دوانزەدا دەڵێ، **"کاتێک من لە دەرەوە بۆ پیاسەکردن، لە ناوەڕاستی مانگی یەکدا، کە**

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

**بەستەڵەکیی بەیانیی گازی لە پەنجەکانی پێم دەگرێت"**. ئەم دەربڕینە لە سەدا سەد دانمارکییە و هەرگیز لە کوردییدا ئێمە بەوشێوەیە پێناسی سەرمایەک ناکەین.

نووسەر تەنانەت سەرمای زستانیش دەبەستێتەوە بە قورئانەوە، هەربۆیە لە دەمی گەوهەرەوە دەڵێ، کە ئێمە ئەوانەین، کە گەرمیی لە قورئاندا دەدۆزینەوە. گەوهەر گفتووگۆی خۆگەرمکردنەوە و گۆرەویی لەپێکردن دەبەستێتەوە بە قورئانەوە، هەربۆیە بە دەروێشی مێردی دەڵێ، ئەمە لە گۆرەوییەکانی تۆ زیاترە، واتا قورئان زیاتر لە گۆرەویی گەرمت دەکاتەوە. دەروێشیش بە گەوهەر دەڵێ، گۆرەویی چ پەیوەندیی بە قورئانەوە هەیە؟ لێرەدا باسەکە وەردەگێڕدرێتە سەر فرمێسک و گەوهەر داوا دەکات، کە لە ڕێگای قورئانەوە بپارێزرێت، دەروێش دەڵێ، پارێزگاریی بەرانبەر بەچیی، دژ بە چیی؟ گەوهەر بە تووڕەییەوە دەڵێ، خۆت باش دەزانیت.

دەروێش لە ڕوونکردنەوەیدا بۆ ئاسۆی کوڕی دەڵێ، هەموو کتێبێک سێبەری نووسەرەکەیەتی. نووسەر دیسان بیرکردنەوەیەکی دانمارکییانە دەگەیەنێت، ئەمە وێڕای ئەوەی، کە نووسەر لە دیدارەکانیدا دەڵێ، کە ئەو بە کوردیی بیردەکاتەوە و بە دانمارکیی دەنووسێت. لێ کاتێک دەروێش پەڕۆیەکی سپیی دەداتە دەست فرمێسک هەتاوەکوو لەبەردەم گڵۆپێکدا ڕایبگرێت، هەتا ئەم لە پشتیەوە قورئانێک و بیبلێک پیشانی ئاسۆ کوڕی بدات. ئاسۆی کوڕی نازانێت کامیان قورئانە و کامیان بیبلە، چونکە ئەو تەنها سێبەرەکانیان دەبینێت. دەروێشیش دەڵێ، وتەکانی ئەم دوو خودایە یەک سێبەر دروستدەکەن، هەموو کتێبێکیش بێجگە لە سێبەری نووسەرەکە هیچی تر نییە.

گەوهەر دەڵێ، چەند ڕیفۆڕم لە منداڵەکاندا بکەیت، هێندە زیاتر پێویستە فێری قورئان خوێندنەوە بن، ئێستاش دەتوانم فرمێسکم هەبێت، چونکە ئەم ماڵە پڕی ئیشە. لێرەدا نووسەر لە ڕێگای گەوهەرەوە پیشانی دەدات، کە کولتووری کوردیی چەند دڵڕەقانە مامەڵە لەگەڵ کچاندا دەکەن و بەکاریان دەهێنن بۆ کاری ناو ماڵ، تەنانەت نووسەر لە ماڵی دەروێشدا، کە وەک ڕۆشنبیر و پاڵەوانێک قووتی کردۆتەوە، ڕێگاپێدراوە، کە کار بە منداڵێکی چوار ساڵانە لە ماڵدا بکرێت، لەبری یارییکردن. جێگای باوەڕ نییە، کە دایک و باوکانی کورد کاری ناو ماڵ بە منداڵانی چوار ساڵانە بکەن، یان فێری کاری ناو ماڵیان بکەن و ئامادەیان بکەن بۆ ئایندە.

فرمێسک لە پڕێکدا دەڵێ، بابە دەتوانم چ سێبەرەکان و چ کتێبەکانیش ببینم. دەروێش بەرزی دەکاتەوە و دەڵێ، تەماشابکە ئەم منداڵە فیلۆسۆفە و پێویستە بچێتە زانکۆ نەک بچێتە قووتابخانەی قورئان. ئەم منداڵە دەتوانێت تێبگات، کە خۆی لە جێگای ڕاستدا دابنێت. نووسەر گرنگییەکی زۆر بە فرمێسک دەدات، لە سەرێکی تریشەوە گەوهەر هەوڵدەدات، کە بڕیاڕ لەسەر چارەنووسی بدات، هەربۆیە بە دەروێش دەڵێ، کە لێرە لەم خاکەدا کچان ئەرکیان هەیە بۆ جێبەجێکردن.

پاش گفتووگۆکردنیان دەروێش دەیەوێت بڕوات و بە گەوهەر دەڵێ، دوو مانگات بۆ دەکڕم، چونکە زۆرت حەز لێیە. ئاسۆش دەڵێ، منیش بەیانییان ئامادەیان دەکەم بۆ دۆشیین.. گەوهەر دەڵێ، زۆر خۆشدەبێت، ئینجا بە خێرایی ماچێکی نێوچەوانی دەروێش دەکات. پاشان دەروێش دەڵێ، حوشترێکیشت ناوێت؟ گەوهەر دەڵێ، نەخێر، ئەوانە پرچ سپیین. نووسەر لێرەدا دەربڕینێکی دانمارکیی بەکاردەهێنێت (Hvide tot)، ئەمەی لە لەدایکبوونی فرمێسکیشدا بەکارهێناوە، وەک هێمایەکی نەفرەتلێکراو. لێ ئێمەی کورد بەوشێوەیە بیرناکەینەوە. ئەوانەی بە پرچێکی ڕووناکی سپییەوە لەدایکدەبن، هەمیشە بە چاوێکی ڕۆحانی تەماشاکراون، کورد دەڵێ، نوری خوای لێدەبارێت. واتا ڕووناکیی خودای تێدایە.

دەروێش لە وەڵامی سپێتیی پرچدا دەڵێ، ئەها دیسان ئەمە، پاشان ترس نێوچەوانی وەک گاشەبەردێک کەرت دەکات. گەوهەر دەڵێ، ئەو ڕۆژەی شەیمامان شووشت و ئامادەمان کرد بۆ ناشتن، لەسەر ڕێگای ماڵەوە، فرمێسک گووتی، ئەوە خاڵی شەیمایە، ڕەحیم، ئەو شەیمای کووشتووە. دەروێش دەڵێ، چی گووت؟ لەکوێ ئەمە دەزانێت؟ گەوهەر دەڵێ، دەشێت لە ئێوەی بیستبێت. گوێی لێگرتبێتن. دەروێش دەڵێ، هیچ کەس لە ئێمە بە دەنگی بڵند قسەی نەکردووە. دەروێش لە خەمی ئەم هەواڵەدایە، کە بڵاوببێتەوە و دەڵێ، شتێکی وەها دەتوانێت هەموومان بکووژێت. گەوهەر دەڵێ، پرچە سپییەکەی فرمێسک ڕەش دەکەم. دەروێش دەڵێ، ئێمە نابێت بچەمینەوە بۆ ئەو بێئەقڵانەی، کە تەماشای پشتە سەری فرمێسک دەکەن، کە سپییە. گەوهەر دەڵێ، پرچی ڕەش دەکەین، پرچی ڕەش دەکەین. ئەمەش دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی سەرنج لەسەری. ئاسۆ دەڵێ، وەک کتێبەکانی کتێبخانەکە. دەروێش ئاوڕدەداتەوە بۆ ئاسۆ و دەڵێ، مەبەستت چییە؟ ئاسۆ دەڵێ، فرمێسک پێویستە ببێت بە سێبەر.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

نووسەر لە چاوپێکەوتنەکانیشیدا قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە ئەو سێبەر بووە، کە بەشێکی گەورەی ژنان و کچان سێبەرن. لە چاوپێکەوتنەکاندا بە تووڕەیی و ڕقێکی نادیارەوە دەڵێ، ئەوە منم ئێستا لێرەدا، کە ڕۆمان نووسم و چیتر سێبەر نیم.

کاپیتڵ 33:

ئەم کاپیتڵە لە ڕێککەوتی 17.08.2016دایە، لە نەخۆشخانەی سکایبی لە شاری ئارهوس لە دانمارک. دیسانەوە گفتووگۆی نێوان دەریا و فرمێسکە. دەریا باسی شووکردنی خۆی دەکات، باسی ئەوە دەکات، کە دایکی باسی شەوی گواستنەوەی بۆ کردووە. دەریا دەڵێ، کە دایکم لە خەمی مندایە. فرمێسک دەڵێ، لە خەمی ئەوەدا، کە تۆ هێشتا کچ بیت؟ دەریا بە تووڕەییەکەوە بە فرمێسک دەڵێ، تۆش دەستتپێکرد؟ باوکیشم بانگم دەکات و قسەم لەگەڵ دەکات، دەڵێ، کە نابێت خێزانەکەمان شەرمەزار بکەم. هەندێکجار هێندە تووڕەیە، هەڕەشەی ئەوەم لێدەکات، کە بمنێرێتەوە بۆ کوردستان، بۆ ئەوەی لەوێ سەرلەنوێ پەروەردەم بکەن.

دەریا گلەیی لە ژیانی خۆی دەکات، کە هیچی بۆ نەبووە بکات، نە هاوڕێیایەتیی، نە ئاهەنگی پۆل و قووتابخانە، نە سەفەر نە.

نووسەر کۆتایی کاپیتڵەکە بەوە دێنێت، کە تەواوی کولتووری کوردیی بناغەی خۆی لەسەر درۆ و خەندەیەکی درۆیینە لێداوە.

هەموو کولتوورێک خاوەنی باشە و خراپەی خۆیەتی، هەموو کولتوورێکیش لە گەشەکردندایە. لێ کولتووری کوردیی هەرگیز بناغەی خۆی لەسەر درۆ و خەندەی درۆیینە لێنەداوە. کولتووری کوردیی لێوانلێوە لە هاوڕێ دۆستیی، لە میوان دۆستیی، لە ڕاستگۆیی، لە بەتەنگەوەهاتنی یەکتریی، لە بەتەنگەوەهاتنی خەڵکانی نامۆ. لە هەموو کولتوورێکدا درۆ و خەندەی درۆیینە هەیە. هەر لە خودی دانمارکدا، من چەندیینجار کەوتوومەتە ئەم باروودۆخانەوە، بەتایبەت لەسەر کاردا، لەو کۆنفلیکتانەی کە لەسەر کار ڕوودەدەن، هەمیشە خەندەی درۆیینەم دیوە، هەمیشە دۆرم بیستووە، لێ ناکرێت من ئەمجۆرە مامەڵانە لە مەنجەڵێکدا لەگەڵ تەواوی کۆمەڵگەی دانمارکییدا بکوولێنم.

دەریا لە کۆتاییدا لە فرمێسک دەپرسێت، کە ئاخۆ باوکی چلۆن بووە لەگەڵی، لێ فرمێسک نایەوێت لەو ڕووەوە قسە بکات. دەریا دەڵێ، باوکم دەستبەرداری ئەوە نابێت، کە پرسیارم لێنەکات لەسەر باوکت و مێردەکەت. ناشتوانم باوەڕی پێبهێنم، کە باوکت و مێردەکەت مردوون.

کاپیتڵ 34:

گۆشتەکەی بۆ تۆ و ئێسکەکانیشی بۆ ئێمە.

ڕووداوەکانی ئەم کاپیتڵە لە سلێمانییە لە ڕێککەوتی 21.02.1991. سەرەتا باسی پرچە سپییبووەکەی پشتی سەری فرمێسکە، ئینجا فرمێسک لە گەوهەر دەپرسێت، دایە بۆچیی مردووەکان دەشۆیت؟ گەوهەر دەڵێ، هەتا بە خاوێنیی بینانێرمەوە بۆ ئاسمان. فرمێسک دەڵێ، ئەی نایەنەوە جارێکی تر؟ گەوهەر دەڵێ، نەخێر نایەنەوە. فرمێسک دەڵێ، بابە دەرویش دەڵێ، مردووەکان جارێکی تر دێنەوە.

پاشان سەبریی بووکی گەوهەر منداڵەکان فێری نووسیین دەکات. فرمێسک پێویستە ڕیزێک پیتی بی بنووسێت، لێ مێشکی لای خۆی نییە، سەبری لێی دەپرسێت، کە بیرکردنەوەی لەکوێیە؟ فرمێسک دەڵێ، لەلای پرچە سپییەکەم. دایکم دەڵێ، کە ئەم سپییبوونە مەترسییە. گەوهەر دەڵێ، پێویستە ڕەنگی بکەین و بیشارینەوە.

لەناکاو دەرگای دەرەوە دەکرێتەوە و گەوهەر هەڵدەستێت بەرەو دەرگای حەوشە دەڕوات، دەرویش بەدوایدا دەڕوات، دەبینن ڕووباری کچیانە خۆی و بابانی کوڕی هاتووە و دەڵێ، کچەکەی لەلای بەهرە بەجێهێشتووە، کە ئاگای لێبێت. ڕووبار دەڵێ، بابان

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

هاتووە مانگاکان ببینێت. (بابەتی مانگاکان، بابەتێکی زۆر ناڕیاڵە، لێ دەشێت بۆ خوێنەرێکی دانمارکیی ڕیاڵ بێت، چونکە سلێمانیی وەک کوێرە دێیەک دێتە بەرچاو، ئەمیش لە ڕێگای پێناسەی نووسەرەوە بۆ سلێمانیی).

سەبری منداڵەکان دەباتە لای مانگاکان، دەروێشیش بەجێیاندەهێڵێت، هەتا ڕووبار لەگەڵ دایکیدا بە ئازادیی قسە بکات. ڕووبار بە دایکی دەڵێ، کە ژیانی لە مەترسییدایە و ڕۆژێک دێت، کە دەبێت ئەمیش بشوات. ڕووبار دەڵێ، تۆ دەزانیت، کە ئاشتیی کوژرا، چونکە خاوێن نەبوو. لەتیفی باوکی، ئاشتیی گۆڕییەوە بە ژنێکی نوێ. گەوهەر لێرەدا ئاماژە بەوە دەدات، کە لەتیف خۆی دەستدرێژیی سێکسیی کردۆتە سەر کچەکەی و پاشان گۆڕیویەتیەوە بە ژنێکی تر، چونکە دەیزانی، کە بە کووژراویی بۆی دەهێننەوە، ئەمەش باشترە لەوەی، کە خۆی بیکووژێت.

ڕووبار دەڵێ، کە ئەوە میراکڵێک بوو، بە عەرەبیی موعجیزەیەک بوو، کە لە شەوی گواستنەوەدا ئەنوەر نەیکووشتووە. ئەمەش نیشانەیە بۆ ئەوەی، کە ئەگەر کچ لە شەوی گواستنەوەدا کچ نەبێت، دەکووژرێت. (لە ناوەڕاستیی هەشتاکاندا، من هەرزەکارێک بووم، هەر لەو ساڵانەدا، چەند کەیسێک دەناسم، کە کچانی نزیکی خۆشمی تێدا بووە، هیچیان کچ نەبوون، کە شوویان کردووە، کەسیشیان بە مردوویی نەنێردراونەتەوە بۆ ماڵی باوکیان. هەندێک لەم کچانە ئێستا لە سوێدن دەژین، هەر لەگەڵ ئەو پیاوانەدا، کە شوویان پێکردوون، هەندێکیشیان هێشتا لە سلێمانین و ئێستا منداڵەکانیان لە تەمەنی نووسەری ئەم ڕۆمانەدان). ئینجا ڕووبار دەڵێ، ئەگەر ئەو خاوێن نەبوو یان هەڵەی کرد، ئەوا گۆشتەکەی بۆ تۆ و ئێسکەکانیشی بۆ ئێمە. نووسەر لێرەدا ئاماژە بەوە دەدات، کە ئەمە بیرکردنەوەی کولتووری کوردییە لە بە شوودانی کچاندا. نووسەر ئەم پەندە لە قازانجی بیرکردنەوەیەکدا، کە ڕووی کولتووری کوردیی پێ ڕەشدەکات بەشێوەیەکی تر وەریدەگێڕێت. لە کولتووری کوردییدا هەرگیز پەندێکمان نییە بەوشێوەیە، لێ پەندێکمان هەیە، کە دەڵێ، ئەگەر گۆشتیشت بخۆم ئێسکت ناشکێنم. ئەمەش بە واتای ئەوەی، کە ئێمە چەند لەگەڵ یەک ناتەبابین، ئەوا من هەرگیز ڕێگا بەخۆم نادەم، کە زیان بە تۆ بگەیەنرێت، کە لێکتێنەگەیشتنمان وەها بکات، کە من زیانت پێبگەیەنم، یان ئاواتەخوازبم، کە زیانت پێبگات. لە خێزاندا ئەم پەندە زۆر بەکاردێت، کە گۆشت و خوێنی یەکن، کاتێک خوشک برا کێشەیان لەگەڵ یەکتریدا هەیە. یاخوود لەنێوانی دوو هاوڕێدا.

ڕووبار دایکی دڵنیادەکاتەوە لەوەی، کە ئەنوەری مێردی ڕۆژێک دەیکووژێت. ڕووبار داوا لە دایکی دەکات، کە ڕێگای پێبدات، کە لەگەڵ منداڵەکاندا بگوێزێتەوە بۆ ئێرە، بۆ ماڵی دایک و باوکی. بەڵام گەوهەر ڕەتی دەکاتەوە، چونکە ئەنوەر هەرگیز نایەوێت لە ژنەکەی جیابێتەوە. گەوهەر دەترسێت لەوەی، کە بەهرە و تۆفیقی باوکی ناو و ناوبانگیان بشێوێنن. لێبەڵێ لە کولتووری کوردییدا هیچ دایک و باوکێک ڕێگایان بە هیچ زاوایەک نەداوە هەتا ئەو ئاستە سووکایەتیی بە کچیان بکات و هەڕەشەی کووشتنیشی لێبکات. زۆرجار ڕوویداوە پیاوان خراپبوون لەگەڵ ژنەکانیاندا، ژنان ڕەنجاون، لە کولتووری کوردییدا دەڵێن، تۆراندن. لە تۆراندندا کچ دەچێتەوە ماڵی باوکی، هەتا زاوا نەیەت و داوای لێبووردن نەکات، کچ ناگەڕێتەوە ماڵی خۆی.

ڕووبار لە بارێکی دەروونیی خراپدایە و بە دایکی دەڵێ، کە چیدی بەرگە ناگرێت و ئامادەیە نەوت بکات بە خۆیدا و خۆی بسووتێنێت. ڕووبار هێشتا عەبای بە سەرەوەیە، عەباکەی دەکەوێتە خوارەوە و پەڵە شینەوەبووەکانی لەشی دەردەکەوێت. یەکەم لە سلێمانییدا هیچ کچێکی گەنج عەبا بەسەر نەبووە، دووهەم کاتێک عەبا دەکەوێتە خوارەوە، ژن یان کچ لەژێرەوە لانیکەم ماکسییەکی لەبەردایە، کە ئەمەشی لەبەردابوو، ئەم پەڵە شینانە لەکوێ دەردەکەون؟ نووسەر دەیتوانی بنووسێت پەڵەی شینەوەبوو، لە جێگادەستی، دەستخستنە بیندا. ئەوسا بۆ خوێنەر جێگای باوەڕ دەبوو.

گەوهەر هەوڵی هێمنکردنەوەی ڕووبار دەدات، بیری دەخاتەوە، کە ئەگەر ئەو خۆی بکووژێت، ئەوا ئەمان ناتوانن پارێزگاریی لە منداڵەکان بکەن. دەنا هەمموو کات ئەنوەر ئامادەیە، کە بێت فرمێسک بەرێتەوە، کەمالی ئامۆزای ئەنوەر و دایکی ئەنوەر ئامادەن بێن فرمێسک بەرن و ئەمانیش هیچیان پێنەکرێت. ڕووبار ئارام دەبێتەوە و سەبریی ژنی محەممەد دێت و دەڵێ، کە فرمێسک داوای ڕووبار دەکات. ڕووبار لەگەڵ سەبریی دەچێتە لای فرمێسک و کاپیتڵەکە کۆتایی دێت.

هیچ دایک و باوک و خوشک و برایەک ڕێگانادەن، کە کچیان، خوشکیان بەوشێوەیە لەژێر هەڕەشەی مەرگدا بژیی و هەڵوێستیان دەبێت. لێ هەروەکوو چلۆن نووسەر لە چاوپێکەوتنەکانیشیدا ئاماژە بەوە دەدات، کە تاوان کولتوورێکی هەرەوەزییە و هەموو کەس خۆی لە کێشەی ئابڕوو هەڵدەقورتێنێت و بڕیاردەرە، هەربۆیە بێگانەیەکیش لەسەر شەقام دەتوانێت بڕیار لەسەر ژیانی کچێک یان ژنێک یان منداڵێک بدات بە ئارگوومێنتی ئابڕوو و خاوێنیی. لێرەشدا نووسەر پیشانی دەدات، کە ناڕاستەوخۆ و ڕاستەوخۆ دایک و باوک بەشدارن لە دەستدرێژییکردنە سەر کچەکانیاندا.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کاپیتڵ 35:

شوێن سلێمانییە ماڵی دەروێش و گەوهەر، کە هەتا ئێرە نووسەر ئاماژەی پێنەداوە، کە ئەم ماڵە دەکەوێتە کوێی سلێمانییەوە، لە چ گەڕەکێکدایە. کاپیتڵێکی کورتە، کە تەنها چەند زانیارییەکی کورت و کەمی تێدایە. ئاو نییە، تەنکیی سەربان گیراوە، دەروێش مارێکی بە دیاریی لە مەولودی مامیەوە بۆ هاتووە، هەتا وەک سیمبوڵێک و درێژەدان بە دابونەریتیی خێزانەکەیان لە ماڵەکەیدا هەیبێت. مارێکی کۆبرای بێچوو. گەوهەر هاوڕا نییە لەگەڵ دەروێشدا، لە باخەکەدا جرجیش پەیدابوون، گەوهەر نائارامترە. دەروێش لە تەنکیی سەرباندا حەمەی دراوسێیان دەدۆزێتەوە، کە لە ترساندا خۆی شاردۆتەوە، لە ترسی سەربازانی حکومەت.

لەناکاو گەوهەر هەتاوی ئامۆزای و تریفەی کچی بە لچکێکەوە دەبینێت. گەوهەر دەڵێ، دەبێت شەوی ئاهەنگەکە باش بەڕێوەنەچووبێت. گەوهەر فرمێسک دەنێرێتە باخەکە یاریی بکات و ئەوانیش لە ژوورەوە قسە بکەن. دەروێش حەمەی دراوسێیان دەنێرێتەوە ماڵی خۆیان و دێتەوە لای گەوهەر و هەتاو. گەوهەر بە دەروێش دەڵێ، تریفە ناتوانێت خۆی قسە لەسەر دۆخەکەی بۆ پیاوێک بکات، هەربۆیە من قسە دەکەم لەبری. ڕێز و شکۆی خێزانەکەمان شێوێندراوە. دەروێش دەڵێ، تریفە خوێنی لەبەر نەڕۆیشتووە لەو شەوەدا. گەوهەر دەڵێ، نەخێر. هەتاوی دایکی تریفە دەڵێ، یەک دڵۆپ خوێنی لێنەهاتووە، یەک دڵۆپ خوێن بە خامەکەوە نەبووە و هەموو باوەڕدەکەن، کە تریفە قەحبەیە. هەتاو دەڵێ، ئێمە ئەومان بە شوو نەدا، هەتا کچێکی کووژراومان بۆ بێتەوە. من دەچمە جەهەننەمەوە لەگەڵ کچێکی وەها بێ ئابڕوودا. تریفە لە شەودا لە دەست مێردەکەی هەڵهاتووە و هاتۆتەوە لای ئێمە، ئێمەش ناچاربووین هەڵبێین.

دەروێش لەسەر ئەژنۆ دادەنیشێت و ڕوودەکاتە ئەو سێ ژنە و دەڵێ، ببوورن، کە من ئاوها ئازاد قسەدەکەم، لێ من باوەڕم بە تریفە هەیە و لە لەدایکبوونیەوە دەیناسم.

تریفە دێتە قسە و دەڵێ، کە ئەمە تەنها وشەیە، وشە لەم کەیسەدا هیچ واتایەکی نییە. دەروێش دەڵێ، بە دڵنیایی وشەیە، کە خەتابارە لە هەموو شتدا. وشە کە هەڵە بەکاردێت، ئەو کاتانەی ناسینەوە و زانین ئیگنۆڕ دەکرێت. دەروێش دەڵێ، من دەچم لەگەڵ بەختیاری مێردتدا قسە دەکەم، باوەڕم وەهایە، کە وشەی من بە هەند وەربگرن و تریفەش بتوانێت بگەڕێتەوە ماڵی خۆی. گەوهەر دەڵێ، منیش دێم لەگەڵت، هەتاو دەڵێ، منیش دێم، لێ گەوهەر ڕێگانادات و دەڵێ، کە لێرە ئاگای لە تریفە بێت، نەبادە کەسوکاری بەختیار بێن لێرە هەواڵی تریفە بپرسن.

لێرەدا بە دڵنیایی وشە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە، کە نووسەر بە بەردەوامیی و بەبێ پشوو هەر ڕۆژەی کچێکی کوژراو بە تاوانی ئابروو لە لاپەڕەکانیدا دەبینین. وشەیە لێرەدا بە خراپ بەکاردەهێنرێت. نووسەر لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ، کە ئەو گشتگیریی لە ڕۆمانەکەیدا نەکردووە، لێ بە پێچەوانەوە، خێزانێکی لە شارەکەدا نەهێشتۆتەوە، کە ژنکووژ نەبن، ئەمەش کۆمەڵگەی کوردیی دەکاتە کۆمەڵگەیەکی ژنکووژ.

لە ئیمپراتۆریەتی ماددا ژن ڕۆڵێکی گەورە و سەرەکیی لە دەستەڵات و لە سووپادا هەبووە، وێڕای بە ئیسلامکردنی کورد، کەچی هێشتا ژنی کورد ڕۆڵێکی گەورەی لە شۆڕشەکانی کورددا هەبووە. لە حەپسەخانی نەقیبەوە بیگرە هەتا ئێستا بە بەردەوامیی ژنی کورد ڕۆڵێکی گەورەی لە کۆمەڵگەدا هەبووە. چەند پیاوی پێشمەرگە هەیە، ئەوەندەش ژنی پێشمەرگە هەیە، لە خۆرئاوادا ئەوەندەی ژن شەڕڤانە، ئەوەندەش پیاو، ئەگەر ڕێژەی ژن زیاتر نەبێت کەمتر نییە.

لە سەردەمی مندا، کە سەردەمی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەیە، بەبیرم نادێتەوە ژنێک لەسەر ئابروو، لەسەر کچ نەبوون کووژراوبێت، لێ چەندەها کچ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە کووژراون، چونکە سەرقاڵی خەبات بوون دژ بە بەعس. کولتووری کوشتنی ژن لەدوای ڕاپەڕینەوە هات، ئەو کاتەی دیموکراتیی کورد، پارتە ئیسلامییەکانیشی هێنایە ناو خەباتێکی پەرلەمانییەوە. لێرەوە کووشتنی ژن بە تاوانی ئابروو دەستیپێکرد. ئەمە پەڵەیەکی ڕەشە لە مێژووی ئێمەدا. لێ ئێمەش وەک گەلانی تر، پێویست بووە بە چەندەها قۆناغی سەختدا تێپەڕین هەتا گەشە بکەین. هەر بۆیە لەو سەردەمەدا نووسەرێکی وەک ئارام ڕەشید، کتێبی جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ دەنووسێت. ئێستاش ژنکووشتن هەیە، لێ بە ڕێژەیەکی کەم، چونکە هیچ ژنکووژێک بەبێ سزای یاسایی بەسەریدا تێناپەڕێت. لەکاتی نووسینی ئەم تێکستەدا ئا ئێستا کووشتنێک لە دانمارک ڕوویدا. جیاوازییەکە ئەوەیە،

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کە ئەمجارە ژنێک پیاوێکی کوشتووە نەک پیاوێک ژنێک بکووژێت. بۆ خوێندنەوەی هەواڵەکە، تەماشای ئەم لاپەڕە ئێلێکترۆنییە بکە.

https://ekstrabladet.dk/krimi/kvinde-sigtet-for-drab-paa-61-aarig-mand/8473404?fbclid=IwAR3pfgVaW4Ihs-KHdMv81-CZVboPkfMzcJbdFcbt_mQ_W3m5l3ET3Gpk7YU

چەندەها پیاوی دانمارکیی کە ژنەکانیان لێیان جیابوونەتەوە، دواتر کوشتوویانن، چەندەها پیاو بۆمبیان لە ماڵەکەدا داناوە و ماڵەکەیان تەقاندۆتەوە بە ژن و منداڵەوە. نوێترییینیان چەند مانگێک پێش ئێستا بوو. کولتووری کووشتنی ژن و منداڵ بە بۆمبا لە دانمارکدا بوونی هەیە، لە دوو هەزار و پێنجدا ڕوویداوە لە دوو هەزار و هەشتدا ڕوویداوە، لە دوو هەزار و نۆزدەدا ڕوویداوە. هاوڕێی خۆم هەیە، کە دانمارکییە ناوێرێت لە مێردەکەی جیابێتەوە، دەترسێت بیکووژێت. ئەمەش ئاکتوێلە لە ئێستادا ڕوودەدات، نەک لە هەشتاکاندا. لە کۆمەڵگەی کوردییدا هەموو کووشتنەکان، کووشتنێکی ئاینیی نەبووە، کووشتنێک نەبووە بە ناوی شەرەف، بەڵکوو بەشێک لە کووشتنەکان، کووشتنی دڵپیسیی بووە، ئەمەش پرۆسەیەکی دەروونیی پیاوانە. لە هەموو جیهاندا ئەم پرۆسە و گەشە نێگەتیڤەی دەروونیی بوونی هەیە. پیاوان بەهۆی دڵپیسییانەوە ژنەکانیان دەکوژن.

کاپیتڵ 36:

ئەم کاپیتڵە لە ماڵی گەوهەر و دەروێشە، وەک زۆرینەی کاپیتڵەکان. باس باسی پەردەی کچێنیی و پاکیزەییە. پیاوان و ژنانێکی زۆر هاتوونەتە ماڵی گەوهەر و تووڕەن لە هەڵهاتنی تریفە، تووڕەن لە ناخاوێنیی تریفە و بە قەحبە ناوی دەبەن. زمانی گێڕانەوەکە بیرکردنەوەیەکی دانمارکییە، نەک کوردیی. ژنێک کە ناوی پەیامە، پێشتر گەوهەر خوشکەکەی شتووە، دەڵێ، لێگەڕێن با یەکتریی نەخنکێنین، لەکاتێکدا ئێمە دەبێت جێگاخەوی ژن و مێردێک ڕزگار بکەین. کورد بەمشێوەیە نە بیردەکاتەوە و نە دەدوێت.

شەڕی تووندی دەروونیی ژنان لەگەڵ گەوهەردا، دەگاتە ئاستێکی باڵا، هەتا پاڵنان و دەست بەرزکردنەوە لەیەکتریی. گەوهەر گوێی لە دەنگی دەروێش دەبێت لە دەرەوە، کە بۆ پیاوان باس دەکات، کە مەرج نییە هەموو کچێک خوێنی لێبێت، ئەو کاتەی بۆ یەکەمجار لەگەڵ پیاوێکدا سێکس دەکات. گەوهەر سوود لەم قسەیە دەبینێت و دەیگەیەنێت بە ژنان، ئەمە ژنان زیاتر تووڕە دەکات. لێرەدا نووسەر گەوهەر وەک ژن بچووک دەکاتەوە، کە نەتوانێت خۆی بیربکاتەوە، بەڵکوو وتەکانی مێردەکەی دووبارە دەکاتەوە.

ئەو کاتەی، کە ژنان دەیانەوێت هێرشی فیزیکیی بکەنە سەر گەوهەر، پیاوان دێنە ژوورەوە و ڕایاندەگرن. فارووقی مێردی ڤیان، کە دەکاتە خەسووی تریفە، بە تووڕەییەوە لەگەڵ ڤیان دەدوێت و پێی دەڵێت، کە ئەو و دەروێش ڕێککەوتوون لەسەرئەوەی، کە بەختیار و تریفە ئەم ئێوارەیە بگەیەنرێنەوە بەیەکتریی و چیدی نایەوێت گوێی لە هیچ کەس بێت لەسەر ئەم باسە.

لە نزیکبوونەوە لە ڕاپەڕیینی بەهاری ساڵی 1991دا کورد کێشەی زۆر بوو، لێ کێشە گەلێکی ئاوها هەر بوونی نەبووە. کورد هێندە لە خەمی ئەوەدا بوو، کە سلێمانییش بە دەردی هەڵەبجە نەچێت، لە خەمی شتی تردا نەبوون، نەخوازە پەردەی کچێنیی. کورد هێندەی لە خەمی ئەوەدا بوو، کە کوڕەکانیان لە ماڵەکانی خۆیاندا نەکووژرێن، لە خەمی هیچی تردا نەبوون. بەعس سەربازە هەڵهاتووەکانی دەگرت، هەر لە ماڵەکەی خۆیاندا دەیانکووشتن و پارەی فیشەکەکانیشیان لە دایک و باوکەکان دەستەندەوە. من ئەو کات تەمەنم بیست و یەک ساڵ بوو، سەربازی هەڵهاتووبووم و لە ماڵەوە بووم. شەوان لە هەوارە بەرزە و تووی مەلیک گەنجان کۆدەبوونەوە، هەواڵی دەستپێکردنی ڕاپەڕیین هەبوو، ئەمە تاکە شت بوو، کە کورد لە سلێمانییدا بەتایبەت پێوەی سەرقاڵ بوو.

کاپیتڵ 37:

لە مێژووی ئەم کاپیتڵەدا مرۆڤی کورد سەرقاڵی ڕاپەڕیین بوو، سەرقاڵی شەڕ بوو، بۆ ئازادیی کوردستان خوێنی دەڕشت. لەم مێژووەدا هاووڵاتییانی شار تامەزرۆی بینینی پێشمەرگە بوون، لەم مێژووەدا پێشمەرگەی هەموو لایەنەکان لەیەک بەرەدا یەکەوببوون. بەتایبەت لە سلێمانییدا کێ هەبووە ناوی حەمەڕەشی نەبیستبێت و تامەزرۆ نەبووبێت بیبینێت، لێ بەداخەوە خەڵکی سلێمانیی فریای دیداری ئەم پیاوە ئەفسانەییە نەکەوتن و ئەم ئەفسانەیە لە دوز بە هاوەنی ڕژێم بریندار دەبێت و دواجار لە 11.03.1991دا بە دەستی موجاهیدینی ئێرانیی شەهید دەکرێت، کە ئەو کات هاوشانی بەعس شەڕیان دژی پێشمەرگە دەکرد.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

لەم مێژووەدا ڕانییە ڕاپەڕیی و سەرکەوتنی خۆی بەسەر بەعسدا ڕاگەیاند. لێ نووسەر لەم کاپیتڵەدا سەرقاڵە بە شتێکی ترەوە. لەم مێژووەدا بەعس هێشتا باڵادەستە لە سلێمانییدا، کەچی لە کۆلانەکانی سلێمانییدا هەر ئاوها سادە و ساکار تاوان دەکرێت و بەعسیش خەوتووە.

ڕێککەوتی 05.03.1991ە، شوێن ماڵی گەوهەرە، دیسان ژنێک کوژراوە بە ناوی چرا، چرای ژنی لەتیف. لە 05.03.1991دا شاری ڕانییە ڕاپەڕیی و ڕزگارکرا لە دەستی بەعس، لێ لە سلێمانییدا بەعس هەر باڵادەست و دڕندە بوو. لە سلێمانییدا دوو ڕۆژ دوای ڕانییە، ڕاپەڕیین دەستپێکرد.

لە ڕۆمانەکەدا لەم مێژووەدا لە 05.03.1991 دا، چرای ژنی لەتیف دەکووژرێت، چونکە هەموو باوەڕدەکەن، کە چرا سکی لە پیاوێکی تر پڕ بووە، چونکە لەتیف خۆی پیرە. ئاسکۆڵ هەواڵی کوژرانی چرا دێنێت بۆ گەوهەر و دەڵێ، پێویستیان بە یارمەتییە، چونکە حەپسە خۆی سکی هەیە و بە تەنها ناتوانێت چرا هەڵبگرێت. لاشەکەیان لەسەر جادە لە نزیک ماڵی میشایل دۆزیوەتەوە و داواشیان لە میشایل کردووە، کە ڕێگابدات، لاشەکە لە ژێرزەمینەکەی ئەودا بشۆن. میشایل ڕازیی بووە بەمە. میشایل زۆرجار یارمەتیی دەرویشی داوە لە گوێزانەوەی لاشەکاندا بۆ گۆڕستان.

گەوهەر فرمێسکیش لەگەڵ خۆی دەبات بۆ ماڵی میشایل. ئاسکۆڵ داوا لە فرمێسک دەکات، کە چاوی بگرێت و تەماشای شوێنێکی تر بکات، کاتێک ئەوان فریشتەیەک دێنن بۆ شتن و بۆ ناردنەوەی بۆ ئاسمان.

لەسەر مێزی شووشتن، حەپسە تەماشای دەستەکانی چرا دەکات، کە هەڵکۆڵراون و دەڵێ، دەڵێی داویانەتە دەست کەمتیار. گەوهەریش دەڵێ، کەمیتار لێرە بوونی نییە، مەگەر کەمتیارەکەی ناو مرۆڤ خۆی نەبێت. حەپسە دەڵێ، تەقە لە سەر و لە سکی کراوە، کە منداڵەکەی ناو سکیشی بگرێتەوە. لە ناکاو دەنگێک دەڵێ، دایە، هەرسێکیان ئاوڕدەدەنەوە، تەماشا دەکەن، فرمێسکە لەویادا ڕاوەستاوە و تەماشای لاشەی چرا دەکات. گەوهەر دەڵێ، من پێمگووتیت، کە تەماشای ئێرە نەکەیت. تۆ بەهیچ شێوەیەک نابێت لەسەر ئەمە قسە بکەیت، تەنانەت لەلای بابە دەرویشیش. فرمێسک دەڵێ، دایە کوا دەستی؟ گەوهەر تەماشای زەویی دەکات و دەڵێ، چرا لە دەرەوە بووە و تووشی ڕووداوێک بووە، ئەمە هەموو شتێکە. ئاسکۆڵ دێتە لایان، فرمێسک چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و بە ڕوومەتەکانیدا دێنە خوارەوە و دەڵێ، من باوکمم دەوێت. ئاسکۆڵ چرا دەباتە دەرەوە و بە گەوهەر دەڵێ، پێویستە بەبێ من کارەکەتان تەواو بکەن.

لە دەرەوە لە حەوشەکەدا ئاسکۆڵ گوێی لە دەنگی پیاوێکە، کە دەڵێ، دەمانەوێت بێینە ژوورەوە بۆ لای ئەو زیناکەرە. ئاسکۆڵ دەنگەکە دەناسێتەوە، کە دەنگی برای لەتیفی مێردی چرایە. براکەی لەتیف کوڕەکانیشی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، کوڕەکەی چەقۆیەکی گەورەی بەدەستەوەیە و بەرزی دەکاتەوە و دەڵێ، ڕەحمیمان دەوێت، دەمانەوێت ڕەحمی لە جەستە زیناوییەکەی لێبکەینەوە. ژنێک بە دەنگی بڵند هاوار دەکات و دەڵێ، هیچ شتێک لە ڕەحمی قاحبەیەک پیستر نییە. پێویستە ئەو ساوای قەحبەیە لە سکیدا دەربهێنین.

نووسەر دیمەنێکی کۆمەڵگەی کوردیی دەکێشێت، کە نەک لەناو هۆزەکانی ئامازۆنیشدا بوونی نییە، بەڵکوو لە خەیاڵی نەخۆشێکی پارانۆید شیزۆفرێنییشدا بوونی نییە. ژنکووشتن لە کۆمەڵگەی کوردییدا بوونی هەیە، کەس حاشا لەوە ناکات، لێ هەرگیز ئەم دیمەنە تۆقێنەرانە لە کۆمەڵگەی کوردییدا بوونی نییە، بەتایبەت لە شارێکی وەکوو سلێمانییدا، کە بە پایتەختی ڕۆشنبیریی ناسراوە. نووسەر سەرەتا شاری سلێمانیی هەتکدەکات ئینجا کۆمەڵگە و کولتووری کوردیی.

براکەی لەتیف و کوڕەکانی دێنە ژوورەوە و داوای ڕەحمی چرا لە گەوهەر دەکەن. گەوهەر بە تووڕەییەوە پێیان دەڵێ، کە شەرم لە خۆیان ناکەن؟ براکەی لەتیف دەست بۆ چرا ڕادەکێشێت و دەڵێ، شەرم و حەیای هەموو دونیا لەسەر ئەو مێزە دانراوە. گەوهەر خۆی دەدات بەسەر لاشەی چرادا و بە تووڕەییەوە دەڵێ، ڕێگاتان پێنادەم. دەنگی ژنێکی گەنج دەگاتە گوێی گەوهەر، کە دەڵێ، کەواتە ئەو کچە لێرە هەڵدەپچڕین. گەوهەر ئاوڕدەداتەوە، دەبینێت، کە ژنەکە چەقۆکەی دەستی بەرەوڕووی فرمێسک ڕاگرتووە. لە پشتی ژنەکەوە دوو پیاو ڕاوەستاون، یەکیان پەل دەداتە دەستی فرمێسک. گەوهەر هاوار دەکات، خوا غەزەبتان لێبگرێت، ئینجا لە لاشەکە دووردەکەوێتەوە، هەتا ژیانی فرمێسک ڕزگار بکات. براکەی لەتیف دێتە لای لاشەی چرا و بە گەوهەر دەڵێ، کە دەبێت گەوهەر ڕەحمی چرا دەربهێنێت، چونکە ئەوان نایانەوێت دەستیان بە خوێنی چرا پیس بکەن.

گەوهەر هاوار دەکات و دەڵێ، خوێنی چرا بە دەستتانەوەیە. گەوهەر هێڵنجی دێت و سەری دەلەقێنێت. براکەی لەتیف هەڕەشەی کووشتنی فرمێسک دەکات. ئاسکۆڵ هاوار دەکات. گەوهەر دەڵێ، ڕابوەستە دەیکەم. گەوهەر لەشی تەواو دادەچۆڕێت و دەڕشێتەوە بە زەوییدا. دەڵێ، لە کچەکەم بگەڕێن، بۆتان دەکەم. براکەی لەتیف دەستێکی گەوهەر توووند دەگرێت و چەقۆیەکی توووند لەسەر

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

دادەنێت. گەوهەر هەست بە درزبوونی قورئان دەکات، هێزی نامێنێت، ڕووناکیی لێدەبڕێت، هەستدەکات، کە ئێستا ئەوە، ئەوە کە دەمرێت. بمبوورە، بمبوورە، بە گوێی ساوا مردووەکەدا دەچرپێنێت. ساواکە دەردێنێت، پێی فڕێدەدەنە سەر زەویی. هاوار هاواری ئەڵلا و ئەکبر لە ژێرزەمینەکە بڵند دەبێتەوە. ئاسکۆڵ دەستەکانی تووند بە گوێکانی فرمێسکەوە گرتووە و توووند نووساندوویەتی بە خۆیەوە. براکەی لەتیف و کوڕەکانی بە پێ لەقە بەردەبنە ساواکە لەسەر زەویی.

میدیای دانمارکیی و خوێنەرانی دانمارکیی، ڕۆمانی مردووشۆر وەک ڕۆمانێکی بیۆگرافیی نووسەر خۆی تەماشا دەکەن. نووسەر نکۆڵی لەمە ناکات، تەنها ئەوە نەبێت، کە دەڵێ، بە تەنها خۆم نا، بەڵکوو زۆر خەڵکی تریشە. نووسەر لەم کاپیتڵەدا هەتا بڵێیت بێویژدانانە مامەڵەی لەگەڵ کولتووری کوردییدا کردووە. ئەم دیمەنانە نەک ناڕاستن، بەڵکوو لە فیلمی ترسناکیشدا بوونیان نییە. مەگەر داعش دیمەنی لەو شێوەیەی بە ئاشکرا پیشانی جیهان دابێت. پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئاخۆ بڵێیت ڕۆحی داعش پێش دەرکەوتنیان لە سلێمانییدا هەبووبێت؟

پێنجی سێ، ڕۆژی ڕاپەڕینە، لێ لە ڕانیەوە دەستپێکرد، ئەگەر کورد گووتەنیی بگووترێت، کە شار بێ حاکمە. لێ لە سلێمانییدا لە حەوتی سێدا ڕاپەڕیین دەستپێکرد. نووسەر لێرەدا شکۆی ڕاپەڕیین بەشێوەیەک دەشکێنێت، کە تاکی کورد خەمێکی گەورە لە خوێندنەوەی ئەم تێکستەدا بخوات. لە هیچ مێژوویەکدا نەخوێنراوەتەوە و نەبیستراوە، کە مرۆڤی کورد هێندە بێ ویژدان بێت، ساوای ناو سکی ژنێکی کوژراو دەربهێنن و بە پێ لەقە بکەونە سەری.

ئەوەی جێگای سەرنجە لە هەموو دۆسیەی کووشتنەکانی ناو ئەم ڕۆمانەدا یەک پۆلیس چییە لە شوێنی ڕووداوەکان بوونیان نییە. ژنان سانا دەکووژرێن، وەک نووسەر دەڵێ، خەڵکیی هەموو بەشدارن لە کووشتندا. ژن سانا دەکووژرێت و فڕێدەدرێت، بەبێئەوەی پۆلیس بگاتە شوێنی تاوانەکە، بەبێئەوەی کەس پۆلیس ئاگاداربکاتەوە. لە هیچ دۆسیەیەکدا پۆلیس بوونی نییە، یاسا بوونی نییە، دادگا بوونی نییە، هەروەکوو لە قوڵایی ئامازۆندا بژیین.



دیمەنی کۆیەک لە خەڵکانی ڕاپەڕیووی ڕانییە لە 05.03.1991 دا

کاپیتڵ 38:

فرمێسکی بچکۆلانە لەناو کارەساتێکی گەورەدا ڕاوەستاوە و تەماشای خەمباریی دایکی و لاشەی چرا و ساواکەی دەکات. دیمەنێکی تەماویی و خەمبار، کە هیوا تێیدا لەناوچووە. گەوهەر بە ئاسکۆڵ دەڵێ، کە ئەو چیدی ناتوانێت. ئاسکۆڵ لە گەوهەر نزیکدەبێتەوە و دەڵێ، لێ کەسی تر لە ئێمە توانای شووشتنی چرا و ساواکەی نییە. گەوهەر دەڵێ، دەزانم، لێ من هەرگیز ناتوانم

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

چیتر هەست بە خاوێنێتیی خۆم بکەم. ئاسکۆڵ دڵنەوایی گەوهەر دەداتەوە و دەڵێ، من لێرە بووم، من شایەتی هەموو شتێکم. گەوهەر دەڵێ، لێ ئەوە دەستەکانی من بوون، کە ساواکەی دەرهێنا. گەوهەر دەڵێ، من ساوام زۆر شتووە، لێ هەرگیز پێشتر ساوایەکم نەشووە، کە بە دەستی خۆم لە ڕەحمی دایکی دەرهێنرابێت.

حەپسە دڵنەوایی گەوهەر دەداتەوە و دەڵێ، لەبەرئەوەی، کە تۆ ئەمەت کردووە، پێویستە خۆیشت بیخەیتەوە ناو سکی دایکی. ئەم دایک و ساوایە نابێت لەیەکتریی جیابکرێنەوە، چونکە ساواکە لەدایک نەبووە و لەناو سکی دایکیدا بووە. لەکۆتاییدا گەوهەر داواکەیان پەسەند دەکات و ساواکە دەکاتەوە ناو ڕەحمی دایکی و دەیکاتەوە شوێنی خۆی. پێستەکەی دێتەوە شوێنی خۆی، لێ وەک پێشوو نا. دەستێک دەگاتە سەر شانی گەوهەر و دەستەسڕێکی بۆ درێژ دەکات، دەستی ئاسکۆڵە و دەڵێ، ها بگرە بۆ سڕینی فرمێسکەکانت.

دوعا لەسەر لاشەی چرا دەکەن و دەستدەکەن بە ئامادەکردنی و شووشتنی سەرلەنوێ. گەوهەر دەڵێ، من دەستەکانی دەشۆم. ئاسکۆڵ دەڵێ، گەوهەر، یەک دەست، چونکە دەستێکیان لێکردۆتەوە و داویانە بە سەگەکان بیخۆن. لەکاتەدا گەوهەر دەستدەکات بە گیرفانیدا بۆ ئەوەی دەست لە قورئانەکەی گیرفانی بدات، لێ پەشیمان دەبێتەوە و دەستی دەردەهێنێت. دواجار گەوهەر نووقمی خەمێکی گەورە دەبێت، ئیدی لێرەوە دەچێتە قۆناغێکەوە، کە گوومان دروستبکات.

بیرکردنەوە و داڕشتن، بیرکردنەوە و داڕشتنێکی دانمارکییە، نەک کوردیی. بەکارهێنان و دۆزینەوەی چەمک و وشەکان لە ئاستێکی نایابی ئەدەبییدان. کە دیسان خوێنەر بیر لە سەرچاوەی بیرکردنەوەکان دەکاتەوە. لێ ئەم ڕووداوانە هەرگیز قسە لەسەر ڕیالیتێتێک ناکەن. ڕۆمانی مردووشۆڕ، چەند بە ڕۆمانێکی بیۆگرافیی نووسەر لە دانمارکدا بناسێنرێت، لێ مەحاڵە ڕووداوگەلێکی ئاوها قسە لەسەر ڕیالیتێت بکات.

کاپیتڵ 39:

شوێنی ڕووداو نەخۆشخانەی سکایبیە لە شاری ئارهوس لە دانمارک. فرمێسک خەریکی کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانیەتی و بە نیازی بەجێهێشتنی نەخۆشخانەیە. لینەی پەرستیار دێتە ژوورەوە و دەڵێ، ئەوە چیدەکەیت فرمێسک. تۆ هێشتا ئامادە نیت بۆ ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە. فرمێسک دەڵێ، ئێوە بەڕاستیی شیرینن و سەری بادەدات. لینە دەڵێ، هەمیشە شتێک هەیە، لێ تۆ ئامادە نیت بۆ ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵەوە. تەماشایەکی لینە دەکات و دەڵێ، هیچ شتێکت دەربارەی دەریا بیستووە؟ لینە دەڵێ، نەخێر، بەڵام چەند ڕۆژێک پشووی وەرگرتووە، بەهۆی هۆکاری خێزانەوە. فرمێسک بەم هەواڵە جانتاکەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە و لاواز دەبێت. لینە یارمەتیی دەدات، کە ڕابکشێتە سەر جێگاکەی و دەڵێ، هیچ شتێکی تر هەیە. فرمێسک دەڵێ، نەخێر، تەنها ئەگەر جانتاکەم بکەیتە دۆلابەکەوە، بەبێئەوەی شتەکانی تێدا دەربهێنیتەوە. لینە دەڵێ، بەدڵنیایی. دەچم پەرداخێک شەربەتت بۆ دێنم، ئەی حەبی ئازار؟ دەتەوێت حەبی ئازارت بۆ بهێنم؟، فرمێسک دەڵێ، بەڵێ، ئەگەر ئەرک نییە.

فرمێسک خۆی لە بن جێگاکەی گرمۆڵە دەکات و بیرەوەرییەکی ناخۆشی دێتەوە یاد. لە بیرەوەرییدا پیاوێک بە قورئانەوە توونودتیژیی بەرانبەر دەکات و سورەتی نیسائی بۆ دەخوێنێتەوە. لەم بیرەوەرییەدا پیاوێک دەستدرێژیی سێکسیی دەکاتە سەر و پیاوەکە پێیدەڵێ، کە پیاوان لەسەرو ژنانەوە دەوەستن.

نووسەر لێرەدا دەگێڕێتەوە، کە فرمێسک ئازاری هەیە و هەموو ئازارەکانی پێشو جەستەی دادەگرێت. لێ ئەم ئازارە، پێیدەگوترێت ئازاری فانتۆم (Phantom pain)، ئازاری فانتۆمیش، ئازارێکی نۆیرۆلۆگییە، کە نەخۆش هەست بە هەمان ئازار دەکات، کە پێشتر هەیبووە، هەروەکوو ئەوەی، کە ئێستا ئازارەکەی لێ ڕوودەدات. بۆ نموونە کەسێک حەوت هەشت ساڵ پێش ئێستا قاچی لێکراوەتەوە، لێ ئێستا و ئالێرەدا هەستدەکات، کە ئێستا بۆ یەکەمجار قاچی لێدەکرێتەوە و ئازاری هەیە. لە ناوەڕاستی خەمەکەیدا فرمێسک بەئاگا دێتەوە، لێ نازانێت چەند لە هۆش خۆی چووە. فرمێسک دەقیژێنێت، لێ قیژانێکی بێدەنگ، لەناو خۆیدا دەقیژێنێت. هەست بە دەنگێک و بە دەستێک دەکات، بە خێرایی خۆی لە جێگاکەی دەهێنێتە دەرەوە. دەنگەکە دەڵێ، ئەوە منم، ئاگات لە خۆت بێت تەقەڵەکانت بەرنەبن. فرمێسک سەرنجی هۆدەکەی دەدات و هەست بە سکئێشە دەکات و دەڵێ، تۆ هەرگیز بۆت نییە ئاوها لەپڕ بێیتە لام. ئارەقکردنەوە نێوچەوانی تەڕ دەکات و دەپرسێت، کە ئاخۆ بە تەنها هاتووە؟ دەریا دەڵێ، ببوورە مەبەستم نەبوو، کە بتترسێنم، بێگوومان بە تەنهام. وەرەوە ناو جێگا.

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

فرمێسک دەڵێ، بۆچیی دیار نەبوویت؟ دەریا دەڵێ، شوانی ئامۆزام هاتبوو، باوکیشم مۆبایلەکەی لێستاندبووم، بۆ ئەوەی شوانە نەبینێت، کە من کچێکی باش نیم، کچێک کە لەگەڵ پیاوانی تر دەنووسێت. فرمێسک دەڵێ، تۆ دڵنیایت، کە ئامۆزاکەت دوات نەکەوتووە، کە بۆ کوێ دەچیت؟ دەریا دەڵێ، بەڵێ، دڵنیام. پێمگووتن، کە گرنگە بچم بۆ کار، چونکە داوایان کردووم لە کاتێکی تەنگانەدا. دەریا دەڵێ، ئامۆزاکەم بەوشێوەیە خراپ نییە، کە من لێیدەترسام، لێ من هێشتا زۆر شت لەسەر ئەو نازانم. فرمێسک دەپرسێت، کە ئاخۆ ئامۆزاکەی هۆنراوە بە دەنگی بڵند دەخوێنێتەوە؟ دەریا بە دەنگی بڵند دەڵێ، بەڵێ، چلۆن دەزانیت؟ فرمێسک دەڵێ، دەیناناسم. دەریا ڕوانینی ڕوو لە خوار دەکات و کەمێک بێدەنگیی دروستدەبێت. فرمێسک دەڵێ، کەمێک زیاتر باسی ئامۆزاکەتم بۆ بکە. دەریا دەڵێ، هۆنراوەی نالیی زۆر دەخوێنێتەوە. فرمێسک دەڵێ، منیش زۆر حەزم لە نالییە. پاشان هۆنراوەیەکی نالیی بۆ دەریا دەخوێنێتەوە.

نووسەر کۆپلەیەک لە هۆنراوەیەکی نالیی، کە ئێمە بە هۆنراوەی نەمردم ناوی دەهێنین، دەنا لە ڕاستیدا نالیی خۆی هۆنراوەکەی ناونەناوە، هەروەکوو تەواوی هۆنراوە کلاسیکییەکان ناونەنراون. نووسەر بە دانمارکی دەنووسێت:

Endnu en gang overlevede jeg alt, uden dig

هۆنراوەکە خۆی دەڵێ: نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ

نووسەر دەڵێ: تا ئێرە لە ژیاندا مامەوە بەبێ تۆ

لێ هۆنراوەکە وا ناڵێت، بەڵکوو دەڵێت، نەمردم من، ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ

نووسەر دەبوایە بینووسیبا:

Dødede jeg ikke, hvis jeg denne gang, uden dig

پاشان نووسەر دەنووسێت:

Lovede ikke at gå et skrid længere, uden dig

هۆنراوەکە دەڵێ، نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

نووسەر شەرت بە ڕابوورد دەنووسێت ، لەکاتێکدا نالیی دەنووسێت شەرت بێ، نەک شەرتم دابوو. نالیی دەنووسێت هەتا ئەم خوارە، نەک یەک هەنگاو.

نووسەر دەبوایە بینووسیبا:

Jeg lov, ikke gå herned, uden dig

پاشان دەنووسێت:

Min sjæl er et forladt hus, fuldt af tårer, uden dig

هۆنراوەکە دەڵێ: دەروونم خاڵییە وەک نەی دەناڵێ

نووسەر دەڵێ، ڕۆحم ماڵێکی چۆڵە، پڕە لە فرمێسک بەبێ تۆ.

نووسەر دەبوایە بینووسیبا:

Min psyke er tøm, skriger lige som en fløjte

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

دەروون و ڕۆح دوو شتی جیاوازن. کاتێکیش نالیی قسە لەسەر دەروون دەکات، بەتاڵە لە هیوا. نالیی دەروونی خۆی بە شمشاڵێک دەزانێت، هەروەکوو چلۆن شمشاڵێک ناوی بەتاڵە، ئەویش ئاوها. ئەو تۆنەشی لە شمشاڵەوە دێتە دەر، تۆنێکی خەمبارە. پاشان نووسەر چوارینەکەی نالیی شێواندووە و کردوویەتی بە پێنج، ئەمەش بەوەی، کە لە چوارینەی یەکەم بەشێکی هەڵبژاردووە و کۆپلەی دووهەمیشی تێکەڵکردووە. کۆتایی ئەم چوارینەیە بە هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ، تەواو دەبێت. بە دانمارکیی دەبێت بە:

Stedet er fuldt af skrig uden dig

هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ

نووسەر ئەم ڕستەیەی پەڕاندووە و نەینووسیووەتەوە
نووسەر بازدەداتە بەشی دووهەمی هۆنراوەکە و دەڵێ: چاوەکانم کوێرن و هیچی تر نابینم

Mine øjne er blinde, jeg ser intet længere
هۆنراوەکە دەڵێ، بینایم کوێرە هەڵنایێ بە ڕووی کەس

دەبوایە نووسەر بینووسیبا:

Mine øjne er blinde, kan ikke se nogen
هۆنراوەکە دەڵێ: موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ
نووسەر دەڵێ، هەر براژانگێکی چاوم دەرزییەکە لە زام بەبێ تۆ

Hver en øjenvippe er en nål af sorg, uden dig

دەبوایە نووسەر بینووسیبا:

Alle mine vipper er lige som søm, uden dig

جیاوازیی هەیە لەنێوانی بزمار و دەرزییدا. نالیی بزماری بەکارهێناوە نەک دەرزیی. نالیی لەم ڕستەیەدا باسی زامی نەکردووە، لێ مەبەست لە دێڕەکەدا ئەوەیە، کە ئەگەر مرۆڤ لەجیاتی برژانگ بزماری هەبێت، ئەوا لە هەر چاوترووکانێکدا ئازارێکی زۆر بە چاوەکانت دەگەیەنێت.

کۆی هۆنراوەکەی نالیی دەڵێ:

نەمردم من ئەگەر ئەم جارە بێ تۆ

نەچم شەرت بێ هەتا ئەم خوارە بێ تۆ

دەروونم خاڵییە وەک نەی دەناڵێ
هەوارێکی چ پڕ هاوارە بێ تۆ،

بینایم کوێرە هەڵنایێ بە ڕووی کەس
موژەم یەک یەک دەڵێی بزمارە بێ تۆ،

هەموو عەعزایی ناڵینم دەناڵێ
سەراپام میسلی مۆسیقارە بێ تۆ،

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

قەسەم بەو شەربەتی دیداری پاکەت
شەرابم عەینی ژەهری مارە بێ تۆ،

لە کن تۆ خار و خەس گوڵزارە بێ من
لە کن من خەرمەنی گوڵ خارە بێ تۆ،

لە کن من با ووجودی ناس و ئەجناس
کەسی تێدا نییە ئەم شارە بێ تۆ،

هەتا تۆم ئاشنا بووی ئاشنام بوون
ئەمێستا موو بە مووم ئەغیارە بێ تۆ،

هەموو ڕۆژێ لە تاو هیجرانی ئەمساڵ
تەمەننای مردنی پێرارە بێ تۆ،

لە حەسرەت سەروی قەددت چاوی نالیی
دوو جۆگە بەڵکوو دوو ڕووبارە بێ تۆ،

**(نالیی)**

نووسەر دەشێت بێ ئاگا بێت لەوەی، کە نالیی لەم هۆنراوەیەدا، قسە لەسەر چوونی دەکات بۆ حەج، دەنا یان ئەوەتا بەکاری نەدەهێنا، یان ئەوەتا نالییشی وەک ئیسلامێکی ڕادیکاڵ بە دانمارک دەناساند. نووسەر لە دەمی فرمێسکەوە بە دەریا دەڵێ، کە نالیی ئەم هۆنراوەیەی بۆ حەبیبە نووسیوە، پاشان دەڵێ، نالیی پێویست بووە لە کاتێکدا کوردستان بەجێبهێڵێت، لەبەرئەوەی شازادە بابان سەفەری کردبوو، وێڕای ئەوەی کە ئەو چاوەڕێی دەکرد، کە بابان کوردستان لە دەستی عوسمانلیی و ئێرانییەکان بپارێزێت. پاشان دەڵێ، ئەوە شازادە بابانیش بوو، کە لە ساڵی 1781دا زاموای دروستکرد. (نووسەر مەبەستی لە شاری سلێمانییە).

سلێمانیی، ئیبراهیم پاشای بابان دروستیکردووە و شارەکەشی بە ناوی سڵێمان پاشای باوکیەوە ناوناوە. شارەکە لە ساڵی 1784 دا دروستکراوە نەک 1781. شارەکە ناوی سلێمانییە نەک زاموا. شارەکە ناونراوە سلێمانیی نەک زاموا. شازادەیەک نەبوو ناوی بابان بێت، بەڵکوو پاشایەک هەبووە بە ناوی ئیبراهیم پاشا. بابانیش وەک پاشناو بەکارهاتووە، کە قسە لەسەر هۆزی بەبەییەکان دەکات و بە تێپەڕبوونی کات بوون بە بابان. شازادەیەک نەبووە بە ناوی بابانەوە، هەتا نالیی چاوەڕێ بکات، کە شازادە بابان کوردستان بپارێزێت. بەڵکوو میری بابان هەبووە، کە ناوی عەبدوڵڵا پاشای بابان بوو. "ئاغا تەها" کە کاتی خۆی ئیبراهیم پاشای بابان، لە خۆرهەڵاتەوە بانگی کردن بۆ سلێمانیی و گەڕەکی دەرگەزێنیان دروست کرد. لە دوای ماوەیەك تێکدەچن لە گەڵ بنەماڵەی شێخاندا و ناکۆکیی دەکەوێتە بەینیانەوە. دوای ئەم کارە نامە بۆ نامق پاشای عوسمانلیی دەنووسن، کە بێنە ناوشاری سلێمانییەوە و ئەوان حکومڕانیی سلێمانیی بکەن. دوای ئەوە لە ساڵی 1851 دا " نامق پاشای تورك " کە والی ئەو سەردەمە بووە "عەبدوڵڵا پاشا"ی بابان بانگ ئەکات بۆ ئەستەنبوڵ بەدەست بەسەریی و " ئیسماعیل پاشای تورك" لەجێگەی دائەنێ. ئەم داگیرکارییە دڵی نالیی دەشکێنێت. بڕوانە کتێبی کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ، بڕوانە دەوڵەتەکەی شێخ مەحمودی قارەمان و ئیسماعیل ئاغای شکاکی محەممەد ڕەسول هاوار.

لەدوای ڕووخانی میرنشینی بابانەوە، نالیی سلێمانیی بەجێدەهێڵێت و دەڕوات بۆ شام. نالیی زۆر بیری سلێمانیی دەکات و بە نامەیەک بۆ سالمی شاعیر دەنووسێت:

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مروور
وەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

ئەی لوتفەکەت خەفی و هەوا خواهـ و هەمدەمە!
وەی سروەکەت بەشارەتی سەر گۆشەیی حزور!

سالمیش لە وەڵامی نالییدا دەنووسێت:

جانم فیدایی سروەکەت ئەی بادەکەی سەحەر
ئەی پەیکی موستەعید لە هەموو ڕاهی پڕ خەتەر
ئەی میروەحەی جەمالی مەهاسایی دڵبەران
وەی شانەزەن بە کاکۆڵی تورکانی سیمبەر،

دوای ئەوەی، کە فرمێسک هۆنراوەی نەمردم منی نالیی بۆ دەریا دەخوێنێتەوە، دەریا بە فرمێسک دەڵێ، کە ئەو ئەم شیعرە ناناسێت، نەمردم من ئەگەر ئەمجارە بێ تۆ، نەچم شەرتە هەتا ئەو خوارە بێ تۆ. فرمێسک دەڵێ، نالیی ئەم شیعرەی بۆ حەبیبە نووسیوە. دەریا دەیەوێت بزانێت، کە چارەنووسی نالیی و حەبیبە چیی بەسەر هاتووە. فرمێسک لە وەڵامدا دەڵێ، کەس نازانێت. پاشان دەڵێ، هەندێک باوەڕ دەکەن، کە لەگەڵ حەبیبە بەیەک گەیشتوون و بوونەتە ژن و مێرد. هەندێک دەڵێن، حەبیبە مردووە، پێش ئەوەی نالیی ناچاربکرێت، کە کوردستان بەجێبهێڵێت. (نالیی لە خەمی ڕووخانی میرنشینی باباندا کوردستان بەجێدێڵێت، نەک ناچار کرابێت). ئینجا دەڵێ، هەندێکیش پێیانوایە، کە حەبیبە تەنها فەنتازیایەک بووە و لە ڕاستییدا بوونی نەبووە.

دوو کەس لە مێژووی ئەدەبی کوردییدا، کە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە، خاوەنی دوو بۆچوونی جیاوازن لەسەر ئەم هۆنراوەیە. یەکێکیان عەلادینی سوجادییە، کە دەڵێ، حەبیبە دوو ساڵ ژنی نالیی بووە، لەدوای مەرگی حەبیبەش نالیی ئەم هۆنراوەیەی نووسیوە. کەسی دووهەم مەلا عەبدولکەریمی مودەریس بووە. ئەمیش لە دیوانی نالییدا دەڵێ، کە نالیی ئەم هۆنراوەیەی بۆ دووریی حەبیبە نووسیوە. پێوابوونەکان دەریدەخەن، کە بۆچوونەکەی عەلادینی سوجادیی ڕاست بێت. دواجار لەنێوانی عەلادینی سوجادیی و مەلا عەبدولکەریمی مودەریسدا بۆچوونی سێهەم بوونی نییە. واتا حەبیبە فەنتازیا نەبووە، بەڵکوو بوونی هەبووە. بڕوانە کتێبی مێژووی ئەدەبی کوردیی، نووسیینی عەلادینی سوجادیی.

لە کۆتایی ئەم کەپیتڵەدا، لینەی پەرستیار دێتە ژوورەوە بۆ لای دەریا و فرمێسک و دەڵێ، کە باوکی لەسەر خەتی تێلێفۆنە و داوای دەکات. دەریا دەچێتە دەرەوە بۆ وەڵامدانەوەی باوکی، لە هاتنەوەیدا، بە فرمێسک دەڵێ، باوکم داوا دەکات، کە کاتژمێر چوار لە ماڵەوە بم بۆ یارمەتییدانی دایکم لە چێشتلێناندا. باوکم نایەوێت پیشانی شوانەی بدەم، کە نازانم چێشت لێبنێم.

کاپیتڵ 40:

ئەم کاپیتڵە باس لە ڕێککەوتی 15.03.1991 دەکات، لە شاری سلێمانیی. گەوهەر سەرنجی دیوارەکان و بنارەکانی مزگەتی گەورە دەدات. لەدوای ئەو کارەساتە دڵتەزێنەی، کە بەسەر چرادا هات، گەوهەر هێشتا بۆنی مەرگ لە جەستەی دێت. نووسەر لێرەدا ناوی کاک ئەحمەدی شێخ دێنێت، کە بۆ یەکەمجار محەممەدی کوڕی هانیداوە، کە لەگەڵ ژنانی تردا بێن بۆ ئێرە بۆ سەردانی گۆڕی کاک ئەحمەدی شێخ. ئامانجی نووسەر لە ناوهێنانی کاک ئەحمەدی شێخ لێرەدا نادیارە، چونکە زیاتری لە بارەیەوە نەنووسیوە، لێ مەبەستێک تێیدایە بریتییە لە بانگەشەکردنی ئەو خەیاڵە بەتاڵەی، کە کورد دوای شێخ و مشایەخ دەکەون و دەپاڕێنەوە لێیان شووبکەن، سکیان پڕ بێت، داواکانیان جێبەجێبکرێت. لێرەوە نووسەر دەیەوێت کاک ئەحمەدی شێخ وەک بوونێکی پریمیتیڤ بە خوێنەری دانمارکیی بگەیەنێت، کە خەڵکانی پریمیتیڤ بەرد بە کێلەکەیەوە دەنووسێنن، هەتا بە ئاواتەکانیان بگەن. لێیەڵێ، نووسەر چونکە لە سلێمانییدا تەنها چوار ساڵ ژیاوە، شارەزای مێژووی شارەکە و تەنانەت مزگەوتی گەورەش نییە، لە دیدێکی زۆرلێکراوەوە دەڕوانێتە باسەکە.

لە مێژووی ئایینی کریستدا سێ کەسایەتیی گەورە هەتا ئێستا جێگای سەرنجی کریستەکانن و جێگای شانازیی و شکۆی ئایینەکەیانە، وەک سێ کەسایەتیی باڵا. لێ ئەم سێ کەسایەتییە لە دەرەوەی ئایینی کریستیشدا جێگایەکی گەورە و شکۆداریان لە دڵی خەڵکییدا بۆ خۆیان کردۆتەوە. من وەک تاکێکی کورد، یەکێکم لەو تاکانەی، کە هەواداری ئەم سێ کەسایەتییەم، کە ئەوانیش بریتیین لە ئاورێلیوس ئاوگوستینوس، کە بە گشتیی بە ئاوگوستین ناسراوە (Aurelius Augustinus)، لە نێوانی ساڵەکانی 430-354. کەسایەتیی دووهەم (تۆماس فۆن ئاکوین، Thomas von Aquin)، لەنێوانی ساڵەکانی 1274-1225. سێهەم (سورێن کیرکەگۆ، Søren Kierkegaard)ە، لەنێوانی ساڵەکانی 1855-1813.

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

لەناو کوردیشدا بە گشتیی و لە سلێمانییدا بەتایبەت بنەماڵەی کاک ئەحمەدی شێخ، هێندەی سیمبوڵێکن بۆ ڕۆشنبیریی و بۆ کوردایەتیی، سیمبوڵێک نین بۆ ئایینی ئیسلام. ئەم ڕاستییە لە بنەماڵەی شێخاندا هەتا ئێستا درێژەی هەیە. نووسەر بێئاگایە لەوەی، کە لە مێژووی کورددا کاک ئەحمەدی شێخ یەکەمیین کەسە، کە کچەکەی ناردووە بۆ قووتابخانە، لەدوای ئەویش مەلای گەورە لە شاری کۆیە. شێخ و مەلاکانی کورد، بەتایبەت لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا، خەڵکانی هۆشیار بوون و تێکۆشەری نەتەوەیی بوون، نەک ئایینیی. نووسەر بێئاگایە، کە لەسەر دەستی کاک ئەحمەدی شێخ سلێمانیی بوو بە شاری ڕەنگەکان و پێکەوە ژیان. لەسەر دەستی کاک ئەحمەدی شێخ مسوڵمان و جوو، کریست و ئێزدیی پێکەوە دەژیان. ئاخر بۆیە لە سلێمانیی گەڕەکەکان ڕەنگدانەوەی ئایینەکانی پێوە دیارە، وەک گەڕەکی جووەکان و گاوران.

لێرەدا بە پێویستی دەزانم، کە گەڕانەوەیەکی کورت بە مێژووی ئەم بنەماڵەیدا بکەین. لە سەردەمی سەرهەڵدانی شێخ مارفدا جوڵەیەك کەوتە خوێندن و تەقەلای خوێندەوارییەوە، بە تایبەت ئەو حوجرەیەی شێخ مارف، کە لە (نۆدێ)دا داینابوو، هەر لە وێشەوە " روض الزهر" کەوتە بەردەستی خوێنەر.

شێخ مارفیش خۆی هەر لە نۆدێ دا لەدایکبووە و لە قووتابخانەی ئایینیی "غەزائیە" خوێندوویەتی و ماوەیەکیش لە لای مامۆستا "محەممەد ئەمینی حەللاج" خوێندوویەتی لە گوندی هەزارمێرد بەرانبەر شاخی بەرانان. پیاوێکی بەسەلیقە و خوێندەوارێکی بەتوانای سەردەمی خۆی لێدەردەچێ، تا ئەگاتە ئەو ئاستەی لەناو کۆمەڵانی خەڵکی کورددا خۆشەویستییەکی زۆری پێئەبەخشرێ و تەنانەت لەلایەن میرایەتیی بابان و تورکی عوسمانلییشەوە گرنگییەکی فەرهەنگیی و سیاسیی پێ ئەدرێ. شێخ مارف لە ساڵی 1752 لەدایکبووە و لە ساڵی 1838 دا کۆچی دوایی کردووە و لە گردی سەیوان نێژراوە.
لە سەردەمی ئیبراهیم پاشای باباندا، شێخ مارفی نۆدێ گرنگییەکی تەواوی پێ ئەدرێ. شێخ مارف ژیانی لە نۆدێوە ئەگوێزێتەوە بۆ قەلاچوالان، لەوێ مزگەوت و حوجرەیەکی بۆ وانە وتنەوە بۆ ئەکەنەوە. تا هاتنی بیری دروستکردنی شارێکی نوێ لەلایەن ئیبراهیم پاشای بابانەوە، شێخ هەر لە قەلاچوالاندا دەژیی. ئیبراهیم پاشا دەمێك بوو بەدوای ئەوەدا وێڵ بوو، بنەو بارگەی خۆی گەورەتر بکات و بەرەو پێشتری بەرێت، قەلاچوالان لە ڕووی ئاسایشی میرنشینییەوە مەترسیی هەموو کات لەسەر بووە، پاشان زۆرجار بەر بوومەلەرزە کەوتووە. کاتێك ئیبراهیم پاشا دەست نیشانی دەشتەکانی کانیی ئاسکان و مەڵکەندیی دەکات، کە ئێستا دوو گەڕەکی گەورەن لە شاری سلێمانییدا، ناوچەکەی لەلا پەسەند ئەبێ ڕاستەوخۆ بڕیاری ئەوە ئەدات، کە لەم شوێنەدا شارێك دروست بکات. ئیتر ئەو هەموو ئەرك و قەرەباڵغییە لە سەر قەلاچوالان لابات، چدی تووشی لافاوی گەورە و زیانبەها نەبن، لەو تەنگەبەرییەی قەلاچوالانیش ڕزگاریان بێت و لە هێرشی ئێرانیەکانیش بە دوور بن. ئیبراهیم پاشا بۆ دروستکردنی ئەم شارە داوای پشتگیریی هەموو لایەکی کرد، کە بێنە ناو ئەم شارە تازەیە بژیین. لە زۆرینەی ناوچەکانی کوردستانەوە خەڵکیی هاتن بۆ پشتگیریی کردنی ئەم شارە. لە سنەوە چەندیین بەنای شارەزا هاتن بۆ دروستکردنی خانووبەرە. لە هەمەدانەوە بنەماڵەی " ئاغا تەها " هاتن گەڕەکی دەرگەزێنیان ئاوەدانکردەوە. لە سابڵاخ و بانەوە خەڵکیی هاتن، کە قەزازەکان سابڵاخیی بوون. لە ساڵی 1784 دا دەست بە دروستکردنی شارەکە ئەکەن. (تێبینیی نووسەری ڕۆمانی مردووشۆر، مێژووی دروستبوونی شاری سلێمانیی دەگەڕێنێتەوە بۆ ساڵی 1781) کاتێك خەریکی دروستکردنی " سەرا " ئەبن لە هەڵکەندنی بناغەکەیدا مۆرێك ئەدۆزنەوە، کە مۆری سلێمان پاشای بابان بووە، کاتێك مۆرەکە ئەدەنە دەست ئیبراهیم پاشا، ئیتر گەلێك دڵخۆش ئەبێ بەم ڕووداوە، هەر بەو خۆشییەوە بڕیار ئەدات شارەکە ناو بنێن سلێمانیی. کەچی نووسەری مردووشۆر بەردەوام سلێمانیی بە زاموا ناودەبات. مزگەوتێکی گەورەش بەناوی مزگەوتی گەورەوە دروست ئەکەن بۆ خواپەرستن و بۆ خوێندن. مەولانە خالیدی نەقشبەندییش ئەکەن بە " رئیس العلما " و خەڵکیان تێدا فێری خوێندەواریی کردووە. دوای ڕۆیشتنی مەولانەخالید بەدڵشکاویی بۆ شاری بغداد، شێخ مارفی نۆدێ ئەکەنە جێگاکەی ئیتر شێخ مارف هەتا سەردەمی هاتنی کاک ئەحمەدی شێخی کوڕی بەردەوام ئەبێ و دوای مەرگیشی کاك ئەحمەدی شێخ جێگەی باوکی ئەگرێتەوە. شێخ مارف هەموو هیوای ئەوە بووە کوڕێکی ببێت ناوی بنێ ئەحمەد، کە پێش لەدایکبوونی فەرهەنگی زمانی عەرەبیی و فارسیی بۆ دروستدەکات تا بتوانێ بە زمانی عەرەبیی و فارسیی بخوێنێ و بنوسێ فەرهەنگەکەش ناودەنێ ئەحمەدیی.

کاك ئەحمەد ساڵی 1793 لە سلێمانیی لەدایکبووە و لە ساڵی 1887دا هەر لە سلێمانیی کۆچی دوایی کردووە و لەمزگەوتەکەیدا نێژراوە. کاك ئەحمەد زانایەکی ئایینیی و خوێندەوارێکی پلە بەرز و نووسەرێکی بە توانای ئەو سەردەمە بووە. یەکێ لە خاڵە بەناوبانگەکانی کاك ئەحمەد ئەوەیە، کە هەمیشە هەوڵیداوە خەڵك بەکوردیی بخوێنێ و بنووسێ هەوڵ و تەقەلای ئەم مرۆڤە بەرزەی کورد وای کرد خوێندن لە مزگەوتەکانەوە بگوێزێتەوە بۆ قووتابخانە زانستییەکان. ئەمەش کاک ئەحمەد دەکاتە یەکەمین تاکی کورد، کە ڕیفۆڕمی چ لە خوێندن و چ لە ئایینی ئیسلامدا کردووە. کاك ئەحمەد مزگەوتی بۆ پەرستنی خودا دانابوو قووتابخانەش بۆ خوێندن. هەرچەندە ئەمە کارێکی وەها ئاسان نەبووە لەو کات و سەردەمەدا خوێندن لە مزگەوتەوە بگوێزیتەوە بۆ قووتابخانە. چونکە بە پلەی یەکەم دەوڵەتی عوسمانلیی دوای ئەوەی دەستەڵاتی میرایەتیی بابانیان کۆتایی پێهێنا لە ساڵی 1851 دا " نامق پاشای تورك "، کە والی ئەو سەردەمە بووە "عەبدوڵڵا پاشا"ی بابان بانگ ئەکات بۆ ئەستەنبوڵ بەدەست

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

بەسەریی و " ئیسماعیل پاشای تورك" لەجێگەی دائەنێ. هۆی سەرەکیی داگیرکردنی سلێمانیی لەلایەن تورکەوە ئەگەرێتەوە بۆ ناکۆکیی نێوان بنەماڵەی " ئاغا تەها" کە کاتی خۆی ئیبراهیم پاشای بابان لە هەمەدانەوە بانگی کردن بۆ سلێمانیی و گەڕەکی دەرگەزێنیان دروست کرد. لە دوای ماوەیەك تێکدەچن لە گەڵ بنەماڵەی شێخاندا و ناکۆکیی دەکەوێتە بەینیانەوە. دوای ئەم کارە نامە بۆ نامق پاشای عوسمانلیی دەنووسن، کە بێنە ناوشاری سلێمانییەوە و ئەوان حکومڕانیی سلێمانیی بکەن. ئیتر بەمشێوەیە تورکەکان ڕازیی نەدەبوون بە کردنەوەی قووتابخانە لە سلێمانییدا و بە کارێکی ناڕەوا و سەرپێچی کردنی ئایینی ئیسلامیان دەزانی و ناویان دەنا کفر. لەسەرێکی ترەوە زۆر لە خەڵکانی تری مسوڵمانی کورد بەکارێکی ناڕەوا و کفریان زانیوە منداڵانیان بچنە قووتابخانە فێری زانست ببن. جگە لە قورئان و وتەکانی پێغەمبەر و شیعری حافز و سەعدیی شیرازیی و کۆمەڵێ بەرهەمی هۆنراوەیی نەبێ هەموو زانیارییەکی تریان ڕەت کردۆتەوە و بەکافرستانیان زانیوە. بەڵام خۆشبەختانە کاك ئەحمەدی شێخ لە هەوڵەکەیدا سەرئەکەوێ و خەڵکانێکیش دەبێ کە پشت گیریی دەکەن. ئەوەی جێگەی سەرنجە، کە تورکە فاشستەکانی عوسمانلیی بە ڕەوای هەقیان زانیوە بۆ خۆیان لە ئیستانبول و ئەنقەرە و شارەکانی تریاندا قووتابخانە هەبێ بەڵام بۆ کورد قەدەغە بووە و بە کافرستانیان زانیوە.

من ئەم کورتە مێژووەم لێرەدا بۆیە باسکرد، هەتاوەکوو، هەوڵی دێواندنی ناوی کاک ئەحمەدی شێخ نەدرێت. نووسەری ڕۆمانی مردووشۆر، دەیتوانی سوود لە کۆمەڵێک سەرچاوەی نایابی مێژوویی وەربگرێت، کە لە ڕێگایەوە ڕاستیی لە ڕۆمانەکەیدا بنووسێتەوە، وەک دەوڵەتەکەی شێخ مەحمودی قارەمان بەشی یەکەم: نووسیینی محەمەد ڕەسول هاوار، یاداشتەکانی تۆفیق وەهبیی، کورد و کوردستانی ئەمین زەکی بەگ، عەللادینی سوجادیی. دواجار کاک ئەحمەدی شێخ سیمبوڵی ئەقڵ و ڕۆشنبیریی بووە، خەڵکیی بە چاوی ڕێز تەماشایان کردووە وەک مرۆڤێکی هۆشیار، هەمانکاتیش مرۆڤێکی ئایینیی بووە، وەک کیرکەگۆ. من خودی خۆم لە سەردەمێکدا سەردانی گۆڕی کاک ئەحمەدی شێخم کردووە، نەک لە ڕوویەکی ئایینییەوە، بەڵکوو وەک ڕێزێک، هەروەکوو چلۆن مرۆڤ سەردانی گۆڕی کیرکەگۆ دەکات، سەردانی گۆڕی نیچە دەکات. کچانی شاری سلێمانیی سووپاسکەری کاک ئەحمەدی شێخن، چونکە ئەو هەوڵیداوە، کە کچان بچنە قووتابخانە نەک بێنە مزگەوت بۆ فێربوونی خوێندنەوەی قورئان.

نووسەر لە مزگەوتی گەورەدا لە ڕێگای گەوهەر و ئاسکۆڵ و حەپسەوە، قسە لەسەر کارەساتەکەی چرا دەکات، کە ڕۆژێکی چەند سەختیان تێپەڕاندووە، لێ باسی کاک ئەحمەدی شێخیش زۆر دەکات، کە دواجار نیازەکەی لە ناوهێنانی کاک ئەحمەدی شێخدا ئاشکرا دەکات، کە ئەویش بریتییە لە بچووککردنەوەی کاک ئەحمەدی شێخ لە دوعا و نووشتەی ژناندا. کاتێک فرمێسک دەپرسێت، کاک ئەحمەدی شێخ کێیە؟ ئاسکۆڵ لە وەڵامدا دەڵێ، پیاوێکی پیرۆز بوو، لێ ئەو زۆر دەمێکە مردووە. ئێمە ئێستا سەردانی گۆڕەکەی دەکەین، لە ڕێگای ئەوەوە لە خودا نزیکدەبینەوە. گەوهەر بۆ پەسەندێتیی بە قسەکەی ئاسکۆڵ سەرێکی بەڵێ بۆ فرمێسک دەلەقێنێت.

ئاسکۆڵ لە فرمێسک دەپرسێت، بیرت دێت کە باسی موفەرکێکم بۆ کردیت؟ فرمێسک دەڵێ، بەڵێ. ئاسکۆڵ دەڵێ، ئەوەمان لە کاک ئەحمەدی شێخەوە وەرگرتبوو، کە یارمەتییمان بدات لە دوعاکردندا.
هەروەکوو چلۆن هەندێک مەلای کورد، کاک ئەحمەدی شێخیان بۆ مەرامێک بەکار دەهێنا، ئێستاش نووسەر کاک ئەحمەدی شێخ بۆ مەرامێکی تر بەکاردەهێنێت، کە ئەویش شکاندنی ناو و شکۆیەتی وەک پیاوێکی ئایینیی پریمیتیڤ، کە هاووڵاتییانی پریمیتیڤی وەک گەوهەر و حەپسە و ئاسکۆڵ، باوەڕیان وایە، کە کاک ئەحمەدی شێخ خاڵی بەستنەوەیانە بە خوداوە و بە دوعا و نووشتەی ئەو خوا لێیان دەبوورێت و داواکانیان جێبەجێدەکات. نووسەر نایەت باس لەوە بکات، کە کاک ئەحمەدی شێخ هانی هاووڵاتییانی داوە، کە کچ و کوڕەکانیان بنێرن بۆ قووتابخانە لەبری مزگەوت.

پاش ئەوەی دوعا بۆ ساواکەی چرا دەکەن، ئاسکۆڵ دەڵێ، دەبێت موفەرکێکیش بۆ فرمێسک بکەین، کە شێخ یارمەتیی بدات لە خودا نزیکبێتەوە و دوعاکانی پەسەند بکات. نووسەر لێرەدا لە دەمی فرمێسکەوە دەنووسێت، کە فرمێسک نێوچەوانی دەخورێنێت و دەڵێ، باوەڕناکەم. گەوهەر دەڵێ، بەڵێ، ئاسکۆڵ ڕاستدەکات، ئێمە هەمووومان پێویستە پەڕۆیەکی سەوزمان پێبێت.

نووسەر باس لە ڕیتوالێکی پریمیتیڤانەی ژنان دەکات و دەیبەستێتەوە بە کاک ئەحمەدی شێخەوە، بۆ شکاندنی شکۆی کاک ئەحمەد. نووسەر دەیتوانی ناوی هەر شێخێکی تر بهێنێت، یان ناوی نەهێنێت، لێ نەخێر، ئەم بە ویست کاک ئەحمەدی شێخ هەڵدەبژێرێت، بۆ ئەوەی وەک کەسایەتییەکی ئایینی پریمیتیڤ بە کۆمەڵگەی دانمارکی بناسێنێت. لەکاتێکدا هیچ دانمارکییەک ئامادە نییە، کەسایەتییەکی ئایینی خۆی، کە دیاربوون لە کۆمەڵدا و لە مێژوودا، وەک تاکێکی پریمیتیڤ بناسێنێت.

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

فرمێسک منداڵێکی پێنج ساڵانەیە، لێ نووسەر لە زۆر شوێندا ڕۆڵی کچێکی هەرزەی پێدەدات، زۆرجاریش تێکەڵی بابەت خەڵکانی گەورەی دەکات، هەروەکوو لێرەدا لەناو مزگەوتی گەورەدا، ئاسکۆڵ دەینێرێت بەدوای شنۆی پووریدا، بۆ قسە هێنان و بردن. پاشان فرمێسک دێتەوە و بە ئاسکۆڵ و گەوهەر دەڵێت، کە پوورە شنۆ دەڵێت، کە لێی تووڕەبوون، چونکە ئەو پیاوی دەستناکەوێت. هیچ لۆگیکی تێدا نییە، کە کچێکی نۆزدە ساڵ ویستی بێت، ئەمجۆرە قسانە بۆ منداڵێکی پێنج ساڵان بکات. شنۆ دەمووچاوی بریندار بووە و دەڵێ، خۆم کەوتووم بەسەر گۆڕەکەی کاک ئەحمەدی شێخدا، کاتێک ویستوویەتی بەردێک بە گۆڕەکەی کاک ئەحمەدەوە بنووسێنێت، هەتا مێردێکی دەستبکەوێت. ئیدی خزاوە بە گۆڕەکەدا و بریندار بووە. گەوهەر بە شنۆ دەڵێ، کە ئێمە لێرە بەرد بە گۆڕەوە نانووسێنین، تۆ دەبێت بچیت بۆ پیرمەسوور هەتا ئەو کارە بکەیت.

لێرەدا نووسەر کولتوورێک دەکاتە موڵکی کورد، کە هەموو ڕۆشنبیرێکی کورد دەزانێت، ئەم کولتوورە هی عەرەبە و لێرە لە ڕێگای داگیرکاریی و زۆرداریییەوە سەپاندوویانە بەسەر کورددا. لە داگیرکردنی کوردستاندا لەلایەن سووپای ئیسلامەوە، عەرەبێکی زۆر لە کوردستاندا نیشتەجێکراون و بە زۆر ژنانی کوردیان لە خۆیان مارە کردووە، هەتا ئایین و کولتووری ئیسلام بڵاوبکەنەوە. کاتێکیش ئەم خەڵکانە مردوون، گۆڕەکانیان پیرۆز کراوە و ژنانی کوردیان فێرکردووە، کە بچن سەردانی گۆڕیان بکەن و بەرد بنوسێنن بە گۆڕەکانیانەوە، دوعا و نووشتە لەسەر گۆڕەکانیان بکەن، هەتا بە ویست و ئامانجەکانیان بگەن، هەتا خودا داواکانیان وەربگرێت. پیر مەنصور یەکێکە لەوانە. کولتووری نووشتە و دوعا و موفەرک، کولتوورێکی عەرەبییە و لە ڕێگای زۆرداریییەوە سەپێندراوە، هەروەکوو چلۆن هەتا ئێستا داگیرکارانی کورد لە ڕێگای زۆرداریییەوە کولتووری خۆیان بەسەر کورددا دەسەپێنن. ئاکتوێلترین نموونە، دەوڵەتی ئێستای ئێراقە، کە چلۆن مامەڵە لەگەڵ کوردستاندا دەکات.

نووسەر ڕوویەکی ناشیرینی دایک دەدات بە ژنی کورد، کە چلۆن کچی خۆی دەشکێنێتەوە و لە کەسایەتیی دەدات، لێ نووسەر چونکە بێئاگایە لە کولتووری ڕاستەقینەی کورد، بێئاگاشە لەو پەندە کوردییەی دەڵێ، تەنانەت خودی ژیژک منداڵی خۆی پێ نیانترین منداڵە.

نووسەر بە مەشەوە ناوەستێت، لە ڕێگای شنۆوە کولتوورێکی پریمیتیڤی کۆیەکی بچووکی کۆمەڵگە دەکاتە دیاردەیەکی باو و پەرەسەندووی ناو کۆمەڵگەی کوردیی. شنۆ عەباکەی لادەبات، بۆ ئەوەی گەوهەر و ئاسکۆڵ ببینن، کە دایکی قوزە کەمیارێکی بە شنۆوە هەڵواسیوە، هەتا لە ڕێگایەوە سەرنجی پیاوان ڕابکێشێت و شوو بکات. دیارە لە هەموو کۆمەڵگەیەکی جیهاندا دیاردەی پریمیتیڤی کۆیەکی بچکۆلانە هەیە، کە لە ڕێگایەوە کاسپیی دەکەن. ئەم دیاردانە لە ئەوروپا و ئەمێریکاشدا هەتا ئێستا ئاکتوێلە. دواجار نووسەر باس لە مێژوویەک دەکات، کە تەنها هەشت ڕۆژ بەسەر ڕزگارکردنی شاری سلێمانییدا تێپەڕیوە، من لەم مێژووەدا لە سلێمانیی بووم، خەڵکیی لەم کاتەدا هێندەی سەرقاڵی ڕاپەڕیین بووە، کەس کاتی ئەوەی نەبووە بچێتە مزگەوتی گەورە، خەڵکیی هێندەی لە خۆشیی دەرکردنی بەعسدا بووە لە شارەکە، کەس بیری لە مزگەوت نەکردۆتەوە. خەڵکیی هێندەی تامەزرۆی ئەوە بوون، کە بچن پێشمەرگە ببینن، کەس کاتی بۆ مزگەوت نەبووە.

کاپیتڵ 41:

ئەم کاپیتڵە بە ژەنینی مەشکە دەستپێدەکات، بۆ دروستکردنی دۆ. گەوهەر لەگەڵ فرمێسکدا مەشکەیەکیان بە سێپایەکەوە هەڵواسیوە و خەریکی ژەنینین. ڕووداوەکان باس لە ڕێککەوتی 18.03.1991 دەکات. ناوەخنی ئەم کاپیتڵە دەتوانرێت ناوبنرێت، ڕەشکردنەوەی لاپەڕە، چونکە هیچ شتێکی وەهای تێدا نییە، کە جێگای قسە لەسەر کردن بێت. ئەوە نەبێت، کە نووسەر لەم مێژووەدا لە دەمی دەروێشەوە قسە لەسەر ئەوە دەکات، کە ڕژێمی بەعس سێ خۆپیشاندەریان ڕەمیکردووە. لە هەژدەی سێدا ئاسەواری بەعس لە سلێمانییدا نەمابوو. لە هەژدەی سێدا، چاوەڕوانی ڕزگارکردنی کەرکووک بووین. من خۆم لەم مێژووەدا پێشمەرگە بووم، لەگەڵ شەهید حەمەعەلی بەرخانەقادا لە سنوری کەرکووک بووم. نووسەر بێئاگایە لە مێژووی ڕاپەڕیین. ئەمەش بەهۆی ئەوەی، کە نووسەر تەنها چوار ساڵ لە باشووری کوردستاندا ژیاوە، چوار ساڵی سەرەتای تەمەنی. لێ بۆ نووسینی ڕۆمانەکەشی گرنگیی بەوە نەداوە، کە بەدوای سەرچاوەی ڕاستدا بگەڕێت. ڕۆمانەکە بەدەرلەوەی، کە نووسەر ناوی دەنێت، ڕۆمانێکی بیۆگرافیی، لێ هەمانکات قسە لەسەر چەند مێژوویەکی گرنگی کورد لە باشووردا دەکات، کە هیچیان ڕاست نین.

کاپیتڵ 42:

لەم کاپیتڵەدا گەوهەر و ئاسکۆڵ و فرمێسک لە بازاڕن. گەوهەر کۆڵەپشتێکی بە پشتەوەیە، کە شەراب و دۆ و نانی تێدایە. لە بازاڕدا گەوهەر کچێکی چڵکنی بچکۆلانە دەبینێت، کە دانیشتووە و گوڵەبەڕۆژە دەفرۆشێت. گەوهەر دەپرسێت، کە ئاخۆ ئەم گوڵەبەڕۆژەیە بۆ دایکی دەفرۆشێت، کچەکە دەڵێ، بەڵێ. گەوهەر دەپرسێت، کە دایکت لە کوێیە؟ کچەکە تەماشای ئاسمان دەکات، وەک هێمایەک بۆ مردنی دایکی. گەوهەر پارچە نانێک و مەتارەیە دۆی دەداتێ و شەش زەرف گوڵەبەڕۆژەشی لێدەکڕێت.

لەناو ئەم هەرای بازاڕەدا دەنگی حەپسە دەگاتە گوێی گەوهەر و ئاسکۆڵ. حەپسە دێتە لایان و بە سەرسووڕمانێکی گەورەوە دەڵێ، قووزەکەمتیارەکە ئیشی خۆی کرد و شنۆ درا بە شوو. حەپسە دەڵێ، هەر چەند ڕۆژێک دوای ئەوەی شنۆ سەردانی کاک ئەحمەدی شێخی کرد، شووی کرد. گەوهەر دەڵێ، بەهرەی دایکی، ئەم پیاوەی دەمێکە بۆ دۆزیوەتەوە و قوزەکەمتیار و ناردنی شنۆ بۆ مزگەوت تەنها چاوبەستن بووە و هیچی تر.
لەناو هەرای بازاڕدا پیاوێکی ڕێواس فرۆش هاوار دەکات و دەڵێ، وەرنەوە بۆ ڕێسواسی هەڵستاو، کە پێرفێکت پڕ بە دەمە. نووسەر دەیەوێت گاڵتەوگەپی فرۆشیارانی بازاڕ، وەک دیوێکی سێکسیزمی سادیستانە بە خوێنەری دانمارکی بگەیەنێت. نووسەر وێنەیەکی ناشیرینی ناو بازاڕی سلێمانیی دەکێشێت. پاش ئەوەی گەوهەر گلەیی و گازندەیەکی زۆر لە چۆنێتیی قسەکردنی پیاوانی کاڵافرۆش دەکات، پیاوێک دێت و پێیاندەڵێ، کە بۆچی بەبێ پیاو هاتوونەتە بازاڕ؟ لە هیچ مێژوویەکدا نادۆزیتەوە، پیاوێک لە کوردستاندا هاتبێت بە ژنێک بڵێت، بۆچی بەبێ پیاو هاتوویت بۆ بازاڕ؟ بیرکردنەوەی نووسەر بیرکردنەوەیەکی دانمارکییە نەک کوردیی. چونکە کورد هەرگیز ناڵێت، ئەگەر مانگا لەو گەرمایەدا دەرنەکەوێت، ئەوا گا هەرگیز لێی نزیکنابێتەوە. ئێمەی کورد خاوەنی دەربڕینێکی وەها نین. ئەمە نامۆیە بە بیرکردنەوەی ئێمە. نووسەر هەتا بێت، وێنەی ناشیرینی کۆمەڵگەی کوردیی دەکێشێت، بەوەی کە پیاوان لەناو جەرگەی بازاڕدا سووکایەتیی بە چەند ژنێکی بە تەمەن دەکەن، کە یەکێکیان مردووشۆرە. سلێمانیی نە شارێکی گەورە و گران بووە لە هەشتاکاندا، نە گووندێکی بچکۆلانەش بووە، هەربۆیە جێگای باوەڕ نییە، کە لە بازاڕدا کەسێک بناسرێتەوە، کە چ کارەیە، نەخواستە بەوشێوەیەی، کە نووسەر وێنای دەکێشێت، کە تەنانەت ژنانیش لە بازاڕدا وەک مردووشۆر ناسیوویانەتەوە و سووکایەتییان پێکردووە. بەمەشەوە نەوەستاوە، بەڵکوو پیاوان و ژنان لەناو بازاڕدا گەوهەر دەدەنە بەر سێو تێگرتن. سێوێک قورسە و کاتێک دەیدەیت بە کەسێکدا ئازاری هەیە. لە هیچ مێژوویەکی سلێمانییدا، لە هیچ شوێنێکدا هیچ کەسێک سێوباران تەماتەباران، بەردباران نەکراوە، نەخوازە ژنێکی بەتەمەن. بە ڕێککەوت ئاسۆی کوڕی گەوهەر دێت و گەوهەری دایکی لە دەستی پیاوانی سادیستی ناوبازاڕ ڕزگار دەکات.

کاپیتڵ 43:

ئەم کاپیتڵە ڕووداوەکانی فرمێسک لە نەخۆشخانەی ساکاییی لە شاری ئارهوس لە دانمارک دەنووسێتەوە. ڕێککەوتی ڕووداوەکان 20.08.2016ەیە. ئەم کاپیتڵە بە قسەکردن لەسەر ڕەفتەبەستن لەنێوانی فرمێسک و دەریادا دەستپێدەکات. نووسەر دەیەوێت لە ڕێگای دەریاوە، کولتووری کوردیی، وەک کولتوورێکی توندڕەوی داعشیانە، ئەلقاعیدەییانە، ئەنسارئیسلامانە، ئیخوانانە، کۆمەڵی ئیسلامییانە بە دانمارک بناسێنێت. من ناتوانم دەست بکەم بە گیرفانمدا و سەرژمێرییەک بدەمە خوێنەر، چونکە ئەوە کاری وەزارەتی کۆمەڵایەتییە، کە پشکنینێکی ئەم ڕاستییە بکات، کە ئاخۆ لە سەدا چەندی هاووڵاتییانی کورد مسوڵمانی پابەندن بە شەرعەوە، لە سەدا چەند بە تەنها لەسەر لاپەڕە مسوڵمانن، لە سەدا چەند جوون، لە سەدا چەند کریستن، لە سەدا چەند زەردەشتیین، لە سەدا چەند ئێزیدیین. نووسەر لە ڕێگای دەریاوە هەوڵی بە ئیسلامیزەکردنی کۆمەڵگەی کوردیی دەدات و بەشێوەیەکی دڵڕەق و پریمیتیڤ بە خوێنەری دانمارکییان دەناسێنێت. خوێنەری دانمارکییش پێویستییەکی زۆریان بەمجۆرە پێناسانە هەیە، بۆ هاووڵاتییانی باکگراوند ئیسلام. سیاسییەکان پێویستیانە، چونکە کەرەستەیەکی باشی بانگەشەی هەڵبژاردن و سیاسەتکردنە.

دەریا و فرمێسک وەک هەمیشە لەلای یەک دانیشتوون و قسە لەسەر ئیسلام و کولتووری کوردیی دەکەن. جیاوایی ئەم کاپیتڵە لەگەڵ ئەوانی تردا، لەوەدایە، کە لەم کاپیتڵەدا لە دەرەوە لە باخی نەخۆشخانەکەدا لەسەر کورسییەکی درێژ لەتەنیشت یەکەوە دانیشتوون. لە ڕۆمانەکەی نووسەردا، دەریا تەنها فیگورێکە، کە نووسەر بەکاری دەهێنێت، تەنانەت غەدرێکی وەهای لێدەکات، کە وەک خوێندکارێکی مێدیسین هیچ ڕۆڵێکی نییە لە زانستەکەیدا، لە نەخۆشخانەکەدا، بەدەر لەوەی، کە ئەو لەوێیە هەتا پێداویستییەکانی نووسەر جێبەجێبکات. فرمێسک تەماشای دەریا دەکات، کە لە تەنیشتیەوە دانیشتووە و خۆر دەیدات لە دەمووچاوی. دەریا لەچکێکی ئەستووری لە سەریەوە ئاڵاندووە و تەنها خڕیی دەمووچاوی بەدەرەوەیە. فرمێسک دەڵێ، ناتەوێت لەچکەکەت دابکەنیت، هەتا هەندێک هەوا بدات لە پرچت. لێرە بەس من و تۆی لێین. دەریا دەڵێ، من حەزم لە زۆر شتە، من لە تەمەنی هەشتساڵیەوە لەچکم لەسەرە و لەو کاتەوە بەبێ لەچک لە دەرەوە نەبووم. لێرەدا فرمێسک هانی دەریا دەدات، کە لەچکەکەی

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

دابکەنێت و هەوا لێیبدات. دەریا تەماشای پێکانی فرمێسک دەکات، کە پەنجە بچکۆلانەکانی لە ساندالەکانیەوە دەرهاتوون. دەریا دەڵێ، پەنجەکانی پێت بچووک و جوانن. فرمێسک دەڵێ، من ژنێکی بچکۆلانەم، باوەڕناکەم، ئەگەر پەنجەکانی پێم گەورەبوونایە، لێمبهاتایە. خەندەیەک دەکات و دەڵێ، بەڵام پێمخۆش بوو، کە کەمێک باڵام بڵندتر بوایە.
پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئاخۆ ئەم ژنە بچکۆلانەیە کێیە؟

دەریا بە فرمێسک دەڵێ، کە تۆ جوانترین ژنیت، کە من لێرە لە نەخۆشخانە بینیبێتم. فرمێسک سووپاسی دەکات و ئینجا هەواڵی شوانەی دەستگیرانی دەریا دەپرسێت. دەریا دەڵێ، من نایناسم و نازانم لەپشت ئەوەوە چی تر هەیە. فرمێسک دەپرسێت، کە ئاخۆ شوان هیچ شتێکی لێکردووە؟ دەریا دەڵێ، نەخێر. بەڵام باوکم نایەوێت، کە جارێکی تر من تۆ ببینم، چونکە تۆ جیابوویتەتەوە و هێشتا بە ئیسلام تەلاق نەدراویت. فرمێسک لەشی ڕەق دەبێت و بە تووڕەییەوە هەڵدەستێتە سەرپێ و دەڵێ، ئیسلام، یاساکانی ئیسلام لێرە لە ئەورووپا هیچ نرخێکیان نییە. بەهیوام کە ئەم یاسایانە لە ناوەڕاستی خۆرهەڵاتدا بمێنێتەوە، پاشان دەڵێ، نەخێر، چونکە لەوێش نا، چونکە هەمووی لە سەری ژندا دەشکێتەوە.

دەریا دەڵێ، من نەمزانی، کە تۆ شووت کردووە، پاشان تۆ گووتت کە مێردەکەت و باوکت مردوون. فرمێسک تووڕە دەبێت و دەڵێ، من باوەڕم پێکردیت دەریا. دەریا دەڵێ، بەڵام تۆ درۆت لەگەڵدا کردم. فرمێسک لەبەردەمی کورسییە درێژەکەدا دێت و دەچێت و دەڵێ، من وامگووت هەتا هەردووکمان بپارێزم. دەریا دەگریی و دەڵێ، بەڵام تۆ خۆت باوکمت خستە سەر ئەم هێڵە لە سلێمانیی. پاشان ئەو تێناگات، کە بۆچی کەس نایەت سەردانی تۆ بکات. فرمێسک بە تووڕەییەوە دەڵێ، ئێمە هەرگیز نابێت جارێکی تر یەکتر ببینین، باوکت لەمەدا ڕاستەکات. دەریا بە خەمبارییەوە دەڵێ، دەمەوێت بخوێنمەوە و بزانم، کە تۆ چیت نووسیوە. فرمێسک دەڵێ، لە بیری بکە. دەریا دەڵێ، من ڕێگام پێنادرێت، کە خوێندنەکەم تەواو بکەم، جیابوونەوەش هەر ئاوها ئاسان نییە.

فرمێسک دەڵێ، نەخێر، مەگەر پیاوەکەت سێجار پێتبڵێت تەڵاق، ئەمە یاسای ئیسلامە. تەنها پیاویش بۆی هەیە وشەی تەڵاق بەکاربهێنیت. لێ ئەگەر لە ئەورووپا بیت، ئەوا ئاسان جیادەبیتەوە. لێرە کەس لەگەڵ پیاوەکەت و خێزانەکەت قسە ناکات، کە تۆ هیچ نیت بێجگە لە ژنێکی پیس، کەس زەمت ناکات. پیاوان ڕقیان لێتدەبێتەوە و دەیانەوێت بتگەڕێننەوە لای مێردەکەت، یاخوود بتکووژن. دەریا دەڵێ، ڕابوەستە، تۆ بۆت نییە بەوشێوەیە قسە بکەیت، ئەڵلا لێتخۆش بێت. فرمێسک ئایفۆنەکەی دەردێنێت و فەیسبووک و ئینستەگرامەکەی پیشانی دەریا دەدات و دەڵێ، ها ببینە هەزارەها نامەی هەڕەشەی کووشتن.

نووسەر لێرەشدا هیچ گرنگیی بە ڕۆڵی کەڕاکتەرەکان لە ڕیالیتێتدا نەداوە، چونکە ئامانجی ئەو بەکارهێنانی کەڕاکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکەیە لە خزمەتی ویستێکی ویستراودا، کە لە ڕێگای فرمێسکەوە پراکتیزەی دەکات.

لەناکاودا دەریا هەڵدەستێتە سەر پێ و مۆبایلەکە دەداتەوە بە فرمێسک و دەڵێ، فرمێسک، بڕۆ لێرە باوکم بۆی نییە بت بینێت. دەریا تەواو دەشڵەژێت و دەترسێت و ڕادەکات، کە خۆی بشارێتەوە، دەگەڕێت بۆ دەوەنێک کە لە پشتیەوە خۆی بشارێتەوە، چونکە دەرگای نەخۆشخانە دوورە لێرەوە. دەریا لە دوورەوە باوکی دەبینێت، کە بە ئاوتۆمۆبیل دێت.

فرمێسک گوێی لە دەنگی لە لێخوڕینی ئاوتۆمۆبیلەکە دەبێت، کە بەهێواشیی لێدەخوڕێت، گوێی لە دەنگی داخستنی دوو دەرگای ئاوتۆمۆبیلەکە دەبێت، لێ لە ترساندا ناوێرێت تەماشایان بکات.

باوکی دەریا دەگاتە سەر دەریا و هەواڵی فرمێسک دەپرسێت، کە فرمێسک لە کوێیە؟ باوکی دەڵێ، ئێمە دەزانین، کە ئەو لە هۆدەکەی خۆی نییە، بەڵام شتەکانی هێشتا لەوێیە. پاشان باوکی دەریا تووڕە دەبێت، چونکە دەریا جوان سەر و پرچی بە لەچکەکەی نەشاردۆتەوە و دەڵێ، بیرت لەوە کردۆتەوە، کە خەڵکیی چیمان پێدەڵێن، کە بەمشێوەیە بتبینن؟ فرمێسک گوێی لێیە، کە دەنگی پیاوێک بە تووڕەیی دەڵێ، کچەکەمت لەکوێ شاردۆتەوە؟ فرمێسک بە بیستنی ئەم دەنگە هێڵنجی دێت و زۆر لە خۆی دەکات هەتا نەڕشێتەوە. پیاوەکە دەڵێ، من کاتم نەبووە سەردانی بکەم، لێ کاتێک باوکت تێلیفۆنی بۆ کردم، هەستم بە خەتا کرد و بەڵێنم بە باوکت دا، کە بێم بۆ سەردانی کچەکەم. باوکی دەریا دووبارە پرسیار لە دەریا دەکاتەوە و دەڵێ، کچەکەی ئەنوەر لە کوێیە؟ دەریا دەڵێ، دوور دوور ڕۆیشتووە، سەفەری بۆ شوێنێکی دوور کردووە. ئینجا بە دەنگێکی نزم دەڵێ، من نازانم فرمێسک لە کوێیە. باوکی دەریا دەڵێ، بەڵام کارمەندان دەڵێن، کە ئێوە پێکەوە ڕۆیشتوون. دەریا دەڵێ، نازانم لەکوێیە. ئەنوەری باوکی فرمێسک بە دەریا دەڵێ، کە من زۆری بەدوادا گەڕاوم، ئەو شەرەفی خێزانەکەمانی بردووە. فرمێسک گوێی لە دەنگیانە. باوکی دەریا بە دەریا دەڵێ، کە فرمێسک تۆی ژەهراویی کردووە بە بێ باوەڕییەکەی. پاشان باوکی دەریا زۆر لە دەریا دەکات، کە سواری ئاوتۆمۆبیلەکە بێت، دەریا نایەوێت سەربکەوێت، دیسان باوکی زۆری لێدەکات، پاشان دەریا دەڵێ، شتەکانم، پێویستە بچم

# مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

شتەکانم بهێنم. باوکی بە تووڕەییەوە دەڵێ، گووتم سەربکەوە. پاشان سەردەکەون و لێدەخوڕن. فرمێسک خۆی دەدات بە زەوییدا هەتا نەیبینن، بە تێپەڕبوونیان، بە خێرایی دەچێتەوە نەخۆشخانەکە بۆ هۆدەکەی و دەکەوێتە کۆکردنەوەی شتەکانی. لینە دێتە ژوورەوە و دەڵێ، چی ڕوویداوە، ئەو پیاوانە کێ بوون، باوکی دەریا و ئەوی تر؟ فرمێسک دەڵێ، من دەبێت بڕۆم، هەر ئێستا. لینە دەڵێ، بەڵام تۆ خوێنت لێدەڕوات، تەقەڵەکانت کراونەتەوە. تۆ پێویستە ڕابکشێیت لە جێگادا و دکتۆر پشکنینت بکات. فرمێسک دەڵێ، دەتوانیت تەکسییەکم بۆ داوا بکەیت؟ لینە دەڵێ، پۆلیس بە ڕێگاوەیە. فرمێسک دەڵێ، پۆلیس؟ لینە دەڵێ، بەڵێ، چونکە ئەو پیاوانە تەواو نەبوون. فرمێسک هەست بە گەرمییەک لەبەینی قاچەکانیدا دەکات، هەستدەکات، کە خوێنی ڕەحمی بەربووە. فرمێسک دەڵێ، من کەسێکی پەیوەندییدارم هەیە لە پۆلیس و ئەلارمێکی پۆلیسیشم هەیە. لینە دەڵێ، بەڵێ بینیم، ئەمە دەروونییەن قورسە، کە بەردەوام بە ئەلارمێکی وەهاوە بڕۆیت. من ژمارەی کەسێتییتم داوە بە پۆلیس، ئەگەر ڕێگا بدەیت، ئەوا دەتگوێزینەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی نهێنیی لە دەرەوەی دانمارکدا. فرمێسک ڕازیی دەبێت، بەم پێشنیارە و پاشان دەڵێ، بەڵام دەبێت سەرەتا لاپەڕەیەک و زەرفێکی نامەم بۆ پەیدا بکە.

لێرەدا ئەم کاپیتڵە کۆتایی دێت. پەرستیارێک یان کارمەندێکی تەندروستیی کۆمپێتێنتی ئەوەی نییە، کە نەخۆشێک بگوێزێتەوە بۆ وڵاتێکر تر، کە بە نهێنییش بیهێڵێتەوە. ئەمە کاری پۆلیسە نەک کارمەندی تەندروستیی. پاشان کارێکی وەها پارەی تێدەچێت، کێ ئەم خەرجییە دەگرێتە ئەستۆی خۆی؟ هەموو ئەمانە پێویستە لە ڕێی یاساییەوە کاری تێدا بکرێت. کارمەندێکی تەندروستیی هەرئاوها ئاسان ناتوانێت، کە نەک هەر بڕیارێکی وەها بدات، بەڵکوو قسەشی لەسەر بکات.

کاپیتڵ 44:

ڕۆژی ئاینده لە نەخۆشخانەی سکاییی، لینە نامەیەک دەداتە دەریا و دەڵێ، ئەمە لە فرمێسکەوەیە بۆ تۆ. فرمێسک گوێزراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تر. تۆ دەبێت سووپاسی فرمێسک بکەیت، کە دەرنەکراویت، چونکە ئێمە بیرمانکردەوە، کە دەرت بکەین.

نووسەر لێرەدا دیسان هەمان هەڵە دەکاتەوە، هەڵەکانیشی لەوەوە سەرچاوە دەگرن، کە کەراکتەرەکانی ناو ڕۆمانەکە بۆ ویستێکی ویستراو بەکاردەهێنێت. دەنا دەریا خوێندکاری مێدیسینە، ئەو پەیوەندییە شێواو و ناتەواو و ناکۆمپێتێنتەی نێوان دەریا و فرمێسک بەهیچ شێوەیەک نە لە خوێندندا، نە لە کارکردندا بوونی نییە. چونکە پەیوەندیی نێوان نەخۆش و کارمەند پەیوەندییەکی پیشەیی و سنورداره و کارمەند بۆی نییە سنور ببەزێنێت، نەخۆش بۆی نییە سنور ببەزێنێت. پاشان دەریا خوێندکاری مێدیسینە و هیچ پەرستیارێک لەسەرو ئەوەوە ڕاناوەستێت، تەنها پزیشکی پەیوەندار و گەورە پزیشک نەبێت، شێفی پزیشکان نەبێت. واتا لینە لە توانایدا نییە بڕیار لەسەر دەرکردنی دەریا بدات. دواجاریش بۆی نییە زانیاریی نەخۆش بگوێزێتەوە، بۆی نییە بە دەریا بڵێت، کە فرمێسک گوێزراوەتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی تر.

دەریا دەستدەکات بە گریان، لینەی پەرستیار باوەشی پێدا دەکات و دڵنەوایی دەداتەوە. پاشان بە دەستەکانی فرمێسکەکانی وشکدەکاتەوە و مۆمێک دەبات بۆ هۆدەکەی فرمێسک، کە بەتاڵە، فرمێسک گوڵەکانی هێشتا لە هۆدەکەیدا بەجێماوە، مۆمەکە پێدەکات و تەماشای کڵپەی مۆمەکە دەکات. ئیمڕۆ بیست و یەکی ئاوگوستە، ڕۆژی لەدایکبوونی فرمێسکە. لێ هەمانکات، ڕۆژی لەدایکبوونی نووسەرەکەشە.

فرمێسک لە نامەکەیدا، بۆ دەریای ڕوون دەکاتەوە، کە ژنان پێویستیان بە مافی دەنگی خۆیانە. فرمێسک دەڵێ، دەمەوێت تێبکۆشم بۆ ئەم مافە. فرمێسک دەڵێ، ئەگەر بێتو ئێمە بمانەوێت ئازاد بین، ئەوا دەبێت دەممان بکەینەوە و تێبکۆشین دژ بە چەوساندنەوە. ئەو مرۆڤانە کێن، کە مافیانە خەڵکیی بچەوسێننەوە، وردیان بکەن و بیانکووژن؟ ئەم مافە لەکوێوە دەهێنن؟ لە خواوە لە ئەڵڵاوە، کە دەیانەوێت بیڵێن. (تێبینیی، ئەمە یەکەمجارە، کە نووسەر ناوی خودا دەهێنێت. کە وا نزیکەی ڕۆمانەکە تەواو دەبێت، دەنا هەتا ئەم کاپیتڵەش تەنها ناوی ئەڵڵای بەکارهێناوە). کە تۆ هەر لە سەرەتای لەدایکبوونتەوە مۆرکرایت، کە ژنیت. کە تۆ لە لەدایکبوونەوە مۆرکرایت بە خەتا و شەرم، تەنها لەبەرئەوەی، کە ژنیت. کە تۆ لە ژیاندا وەها سەیربکرێت، کە تۆ هەرگیز باش نیت، چونکە وەک کوڕ لەدایک نەبوویت، ئەوا تۆ تەنها سێ ڕێگات لە پێشە:

1 . دەتوانیت هەوڵبدەیت بەرگە بگریت و دەنگی خۆت بکووژیت، بەرگەی توندوتیژیی و چەوساندنەوە بگریت و بێدەنگیی لە بوونت هەڵبژێریت.

2 . تۆ دەتوانیت بمریت بە دەستی خۆت یان بە دەستی مێردەکەت.

3 . یاخوود تۆ دەتوانیت ئازادیی بەدەستبهێنیت، وێڕائەوەی کە گران لەسەرت دەکەوێت، لەوانەیە ژیانتی لەسەر دابنێیت.

دواجار فرمێسک داوا لە دەریا دەکات، کە لەگەڵیدا تێبکۆشێت، چونکە ئەمە ژیانی ئەوانە، ئەمە یاریی ئەوانە.

ئەم کاپیتڵە بانگەشەی نووسەرە لە دەمی فرمێسکەوە بۆ جاڕی تێکۆشانێک لەپێناوی ئازادیی ژناندا، کە نووسەر خۆی دەیەوێت سەرۆکایەتیی بکات. سەرۆکایەتییەک، کە نووسەر دەیەوێت بە هەر نرخێک بێت پێیبگات.

کاپیتڵ 44:

ئەم کاپیتڵە تایبەتە بە ڕۆژی لەدایکبوونی فرمێسک. شوێن ماڵی گەورهەر و دەروێشە، لە ڕێککەوتی (21.08.1991)دا. نووسەر لەم کاپیتڵەدا پیشانی دەدات، کە چلۆن محەممەدی برای فرمێسک لە چێشتراڕدا دەست بۆ فرمێسک دەبات، لە ڕێگای فێڵکردنێکەوە، کە فرمێسک بەرزدەکاتەوە بۆ ئەوەی پەرداخێک بۆ گەوهەری دایکی دەربهێنێت. محەممەد دەستی توند لێگیر دەکات و سەردەکاتە ژێر تەندوورەکەیەوە. فرمێسک تووڕە دەبێت و دەیەوێت خۆی لەدەستی محەممەد دەرباز بکات، لێ ناتوانێت. فرمێسک پەرداخەکەی لەدەست دەکەوێتە خوارەوە و دەشکێت، گەوهەر دێتە ژوورەوە و بە تووڕەییەوە دەڵێ، ئەوە چیدەکەن. محەممەد دەڵێ، تۆ داوای پەرداخت کردبوو، منیش بەرزمکردەوە، چونکە دەستی نەدەگەیشتێ. پاشان شکاندنی پەرداخێک بە واتای کۆتایی دونیا نایەت. گەوهەر دەڵێ، ڕاستدەکەیت، ئەوە تەنها پەرداخێکە شکاوە. گەوهەر دەچێتە دەرەوە سەتڵێک بهێنێت بۆ ئەوەی پەرداخە شکاوەکەی تێبکات، هەتا ئەو دێتەوە، محەممەد هەڕەشەی بێدەنگیی لە فرمێسک دەکات. کە یاریی خۆشاردنەوەکەیان تەنها لەنێوانی خۆیاندا دەمێنێتەوە. فرمێسک دەڵێ، دەمەوێت بچمە لای باوکم. محەممەد دەڵێ، تۆ باوکت نابینیتەوە، ئەگەر بێدەنگ نەبیت. فرمێسک لە ترساند میز دەکات بە خۆیدا و فرمێسک لە چاوەکانیەوە دێنە خوارەوە.

کاردانەوەی فرمێسک، کاردانەوەیەکی دەروونیی سەختە، کە وەک منداڵێک تووشی ترسێکی گەورە دەبێت و میز دەکات بە خۆیدا. نووسەر ڕووداوێکی لە بەشێکدا دروستکردووە، کە قسە لەسەر لێکەوتە دەروونییەکان دەکات، کاتێک منداڵ دووچاری ترس و تۆقاندن دەبێتەوە. هەربۆیە فرمێسک لێرەدا میز دەکات بە خۆیدا. لێ نووسەر لە کۆتایی ئەم ڕۆمانەدا دیاگنۆزەی هەوکردنی بۆرییەکانی میز دەدات بە فرمێسک، کە لە زانستی مێدیسیندا پێیدەڵێن سیستیتیس (Cystitis). ئەم سیمپتۆمە هەتا دوا چرکەساتی کۆتایی ڕۆمانەکەش دەڕوات، کە کاتێک محەممەد فرمێسک دەهێنێتەوە ماڵەوە، تێکدەچێت و میز دەکات بە خۆیدا. کاتێک منداڵ تووشی ئەمجۆرە توندوتیژییانە دەبێت، کۆمەڵێک مەترسیی گەورەی نەخۆشیی دەروونیی لەبەردەمدایە.

1 . تووشبوونی بە بۆردەڵاین

2 . تووشبوونی بە پۆست تراوما شترێس

3 . تووشبوونی بە  شێواندنی کەسایەتیی موڵتیپلە

4 . لە هەبوونی "من"ێکی لاوازدا، مەترسیی گەورەی تووشبوونی بە شیزۆفرێنیی هەیە.

لێ فرمێسک تووشی هەوکردنی بۆرییەکانی میز نەبووە، بەڵکوو تووشی نەخۆشییەکی دەروونیی هاتووە، کە یەکێک لەم چوار نەخۆشییە سەرەوە ژیانی دەبێت لە ئایندەدا. لە هەبوونی هەر یەکێک لە مانەش، بیرکردنەوە لە خۆکووشتن یەکێک دەبێت لە سیمپتۆمەکانی، لە نیشانەکانی نەخۆشییەکەی.

نووسەر لێرەدا بابەتی سێکسوالی خێزانیی، بە لاتینیی (Incestus) دێنێتە بەر باس. زیادەڕەوییە، ئەگەر مرۆڤ بڵێت، کۆمەڵگەیەک لە جیهاندا بوونی نییە، کە سێکسوالی خێزانیی تێدا نەبێت. لە هەندێک شوێن و خێزاندا، بگرە پەیوەندییە سێکسوالییەکان لێگێتیمە و لە ئازادییدایە. مرۆڤ چەند ڕەتی ئەم دیاردەیە بکاتەوە، لێ هێشتا ناتوانێت لە خۆی دابڕێت، چونکە بەشێکە لە سروشتی مرۆڤ. لە میسری کۆندا هەتا هاتنی ئەلێکساندەری مەکەدۆنییش سێکسوالیی خێزانیی پراکتیزە دەکرا و ئەلێکساندەرش قەدەغەی نەکرد. لە یۆنانی کۆندا، مۆدێل بووە، کە پیاوانی خاوەن ژن، لە پاڵ ژنەکانیانەوە پەیوەندیی سێکسوالیان لەگەڵ کوڕێکی گەنجیشدا هەبووە. لەناو ئیسلامدا ئامۆزا و ئامۆزا، پورزا و خاڵۆزا، ئەمانە هەمووی بەشێوەیەکی ڕێگاپێدراو لەژێر

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

سیستێمی خێزاندا شوو بەیەک دەکەن و خاوەنی سێکسن. هەندێک لەمانە خاوەنی پەیوەندیی سۆزداریی شاردراوە و سێکسن، بەبێئەوەی شوو بەیەک بکەن. دواجار هەموو ئەمانە شوودەکەن بە یەکتریی و خێزان دروستدەکەن، ئەمەش سێسکوالی خێزانیی ڕێگاپێدراوە، لێگێتیمە.

دەستدرێژییکردنە سەر منداڵ لە هەموو کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە، زێدەڕۆییە، ئەگەر من لێرەدا بڵێم، کە لە کۆمەڵگەی کوردییدا بوونی نییە. پرسیاری من لێرەدا ئەوەیە، کە بۆچیی نووسەر پێویستی بەوە بووە، کە چارەنووسێکی وەها بە فرمێسک بدات؟ لەکاتێکدا نووسەر لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکانیدا دەڵێ، ڕووداوەکانی ڕۆمانەکەم ڕیالن، ڕاستیین. پارادۆکس لێرەدا ئەوەیە، کە نووسەر فەنتازیایەک تێکەڵ بە بیۆگرافییەک بکات و وەک ڕاستیی بیگەیەنێت بە خوێنەر، ئەمەش لەپێناوی ویستێکی ویستراودا.

کاپیتڵ 45:

حەوتی سێپتێمبەری ساڵی 1991ە، نووسەر باس لە دیاردەیەک دەکات، کە بەهیچ شێوەیەک نە پێش ڕاپەڕیین و نە دوای ڕاپەڕیین بوونی نەبووە. ئەویش نەفرەتکردنی منداڵە بەهۆی دەرکەوتنیەوە بەشێوەیەکی تر، هەروەکوو فرمێسک کە پشتی سەری سپیی بووە. نووسەر لە دەمی محەممەدەوە دەڵێ، کە خەڵکیی لە دەرەوە ناشیرین لەسەر فرمێسک قسە دەکەن. ئارگوومێنتی نووسەریش بریتییە لە سپییبوونی پشتی سەری.

مۆبکردن لە هەموو کۆمەڵگەیەکدا بوونی هەیە، لێ نەفرەتکردنی منداڵ بەوشێوەیە لە کۆمەڵگەی کوردییدا، لە هیچ مێژوویەکدا بوونی نەبووە. ڕووبار و محەممەد لە ماڵی گەوهەر و دەروێشن. دەروێش میوانی هەیە و لە هۆدەیەک بە جیا دانیشتوون. گەوهەریش لەگەڵ ڕووباردا لە حەوشە دانیشتووە. ڕووبار بە گەوهەری دایکی دەڵێ، بەهرەی خەسووی و کەمالی ئامۆزای ئەنوەر زۆر لە ئەنوەر دەکەن، کە فرمێسک بهێنێتەوە ماڵەوە و لە ئێستاشەوە ئامادەیانکردووە بۆ بەشوودان. نیوەی تەمەنم لە سلێمانییدا بردۆتەسەر، لەم نیوە تەمەنەمدا نەمبیست و نەمبینی، کە کچێک لە منداڵییەوە بۆ کەسێک ئامادەکرابێت و بە زۆر درابێتە بە شوو. لانیکەم لەو دەڤەرەی من تێیدا دەژیام، کچان یان بە خۆشەویستیی شوویان کردووە، یان بە ڕێککەوت کوڕێک هاتۆتە داوایان، کە ئەمەش کولتوورە لە کۆمەڵگەی کوردییدا. لێ لەگەڵ ئەوەشدا خەڵکی خراپ هەبووە. هیچ کۆمەڵگەیەک بێ خراپەکار نییە، بەبێ گوێپێدانە ئەوەی، کە تەماشای ئەوە بکەین لە چ سەردەمێکدا دەژیین. بەشێکی گەورەی کێشەکانیش، کەڕاکتەری تاکە نەک خودی ئایین و دابونەریت. چونکە ئەوە کەڕاکتەرە ئایین بۆگەن دەکات نەک بە پێچەوانەوە، ئەوە کەڕاکتەرە دابونەریت بۆگەن دەکات نەک بە پێچەوانەوە. ئەوە کەڕاکتەرە سیاسەت بۆگەن دەکات نەک بەپێچەوانەوە.

محەممەد لە ماڵی باوکی فرمێسکی خوشکی فێری خوێندنەوەی قورئان دەکات، لێ لەبەر دەنگەدەنگ لێیان تێکدەچێت. گەوهەر دەڵێ، بچنە ژێرزەمیین. محەممەد سەرەتا دەڵێ، کە پیسە و تۆزاوییە، ناکرێت وشە پیرۆزەکانی ئەڵڵا لەوێ بەکاربهێنێت. گەوهەر دڵنیای دەکاتەوە، کە خاوێنە. دەروێش لەپڕ دێتە دەرەوە بۆ چا هێنان بۆ میوانەکانی، لێ لەگەڵ محەممەدی کوڕیدا دەکەونە گفتوگۆ لەسەر مافەکانی ژن و شەرەفی ژن و پیاو. نووسەر هەتا ئەم چرکەساتە، کە کۆتایی ڕۆمانەکەیە، کەسایەتییەکی قووتکردۆتەوە وەک سووپەر پاڵەوانێک، کە بەرگریی لە مافەکانی ژن دەکات. نووسەر لە ڕۆمانەکەدا هەرچی تاوانی خراپەکارییە دەیخاتە ئەستۆی پیاو. لەکاتێکدا دەکرا نووسەر ئەم پاڵەوانێتییە بدات بە گەوهەری ژنی دەروێش بۆ نموونە یان بە هەر ژنێکی تر. بەڵام نووسەر لەم ڕێگایەوە پیشانی دەدات، کە دیسان ئازادیی ژن وەها لە دەستی پیاودا، کە دواجار ئەوە پیاوە ژن ڕزگار دەکات. نووسەر دەیتوانی کارێکی تریش بکات و ئەم پاڵەوانێتییە بداتە هەردوو ڕەگەز، ئەمەش وەك ڕۆڵێکی ڕۆشنبیرییانە، کە یەکسانیی ژن و پیاو فەراهەم بکات. زۆر دوور ناڕۆین، لێ لە حەپسەخانی نەقیبەوە بیگرە هەتاوەکوو ئێستا، چەند ژنی کارامەی کورد، هاوشانی پیاو نەک لە پێناوی یەکسانیی ژن و پیاودا تێکۆشاون، بەڵکوو لەپێناوی ئازادیی ڕاستەقینە و بەختەوەرییدا؟

لە کۆتایی ئەم کاپیتڵەدا محەممەد بەشێوەیەک لە دەروێشی باوکی تووڕەدەبێت، کە بە دایکی بڵێت، ئەگەر من نەبم، ئەوا لە دەرەوەدا ساڵێک ناژیی. نووسەر ئەم قسەیە لە دەمی محەممەدەوە لە سێپتێمبەری 1991دا دەکات. لێ لەم مێژووەدا خەڵکیی زۆر ئازادانە ڕەخنەیان لە ئیسلام گرتووە، شوراکان لە سلێمانییدا بەبێ پشوو لە ڕەخنەگرتندا بوون، حیزبی شیوعیی، مەلابەختیار بەبێ پشوو لە ڕەخنەگرتندا بوو، شێرکۆ بێکەس بە هۆنراوەکانی.

ئیسلامییەکان تازە پەیدا ببوون، لێ دەستەڵاتیان نەبوو، کاریگەرێتییەکی تۆقێنەریان نەبوو بەسەر کۆمەڵگەدا، خۆشبەختانە ئێستاش نیانە، ئەم پرۆسەی زیادبوونی باڵاپۆشینەش بەرهەمی دیموکراتییە، واتا کچان خۆیان بە ویستی خۆیان ئەم کارە دەکەن و هیچ

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

کەس زۆریان لێ ناکات، ئەوەتا لە هەڵەبجەدا لە ڕێککەوتی12.02.2021 دا هەزار و سێ سەد و پەنجاوحەوت کچ ئازادانە و بە ویستی خۆیان بڕیاریاندا باڵاپۆش بن. هەبوون و نەبوونی باوەڕی ئایینی پرۆسەیەکی نۆیرۆلۆگییە، لە میلیی چرکەدا ڕوودەدات و دەچەسپێت، یان ئەوەتا ڕوونادات.

لەم مێژووەدا، کە نووسەر لە ڕێگای محەممەدەوە هەڕەشە لە دەرویش دەکات، حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی و شوراکان گەورەترین کاریگەرێتییان لەسەر هاووڵاتییان هەبوو، بەتایبەت لە سلێمانییدا. ئەوەی ڕێگای بۆ ئیسلامییەکان خۆشکرد، کە کاریگەرێتییان لەسەر کۆمەڵگا هەبێت، شەڕی ناوخۆ بوو، کە وەك کەلێنێکی گەورە کەوتە دەست ڕەوتە ئیسلامییەکان، کە پشتگیرییەکی گەورە لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە دەکران، بەتایبەت ئێران و سعودییە. لە ماوەی چواردە ساڵی ڕابووردیشدا ئیخوانەکانی تورکیا.

کاپیتڵ 47:

ڕووداوەکانی ئەم کاپیتڵە لە ئۆکتۆبەری ساڵی 1991دایە. سەرەتای کاپیتڵەکە بە هەواڵی نەخۆشکەوتنی فرمێسک دەستپێدەکات. نووسەر نەخۆشیی هەوکردنی بۆرییەکانی میزکردنی داوە بە فرمێسک. سیمپتۆمەکانی فرمێسک بریتییە لە "تا" و ئازار لەکاتی میزکردندا. محەممەد کە تازە بە خۆی و قورئانێکەوە، کە لە پەڕۆیەکی سەوزیەوە پێچاوە، دێتە حەوشەکەوە. بە گەوهەری دایکی دەڵێ، ئاخۆ هەوڵتانداوە کە میزی حوشتری بدەنێ؟ میزی حوشتر یارمەتی پێغەمبەری داوە لە سەردەمی خۆیدا. گەوهەری دایکی دەڵێ، لێرە میزی حوشتر نییە.

نووسەر لێرەدا سووکایەتییەکی گەورە بە ئەقڵی کۆمەڵگەی کوردیی دەکات و وەک کۆیەکی پریمیتیڤ بە خوێنەری دانمارکییان دەناسێنێت، کە خەڵکانی سەردەمی شەڕی ئوحد و بەدرن. لە هیچ مێژوویەکی کورددا، کورد هێندە پریمیتیڤ نەبووە، کە میزی حوشتر نەک بخواتەوە، بەڵکوو وەک مێدیسینیش بەکاریبهێنێت. هیچ میزێک بوونی نییە بەبێ هەبوونی بەکتریای زیانبەخش، بەبێ کۆلی بەکتریا، بەبێ میکرۆئۆرگانیزم. ئینجا نەخواستە بیدەیت بە کەسێک، کە تووشی هەوکردنی بۆرییەکانی میزکردن بووە. ناهەقی نووسەر ناگرم، ئەو تەنها چوار ساڵی تەمەنی لە کوردستاندا ژیاوە، هەگبەی زانیارییەکانیشی پڕن لە زانیاریی ناڕاست یاخوود نووسەر بە ویست و بە ئاگایی بەوشێوە پرۆڤۆکاتیڤە مامەڵەی کۆمەڵگەی کوردیی دەکات.

گەوهەر دەچێت بۆ بازاڕ و فرمێسک بە نەخۆشیی لەلای محەممەدی کوڕی بەجێدەهێڵێت، هەرچەندە فرمێسک داوا دەکات، کە دایکی لەگەڵ خۆیدا ببات، بەڵام گەوهەر دەڵێ، کە کاری زۆرە و ناتوانێت بیبات. پاشان ئەو نەخۆشە و باشترە لەگەڵ محەممەد لە ماڵ بمێنێتەوە.

پاش ڕۆیشتنی گەوهەر، محەممەد دەستدەکات بە دەستنوێژگرتن و داوا لە فرمێسک دەکات، کە بچێت بەرماڵێکی بۆ بهێنێت. محەممەد باسی خەوبینی خۆی بە فرمێسکەوە دەکات و دەڵی، ئەگەر ئەمە ویستی ئەڵڵا بێت، ئەوا لێگەڕێ با ڕووبدات. پاشان دەڵێ، هەمان خەو پێغەمبەر بە عایشەیەوە بینیوە. دواجار دەستی فرمێسک دەگرێت و بەدوای خۆیدا ڕایدەکێشێتە ژێرزەمینەوە. کاپیتڵەکە لێرەدا تەواو دەبێت وەک نیشانەی دەستدرێژیی سێکیی لەلایەن محەممەدەوە بۆسەر فرمێسک. لێرەدا وەک خوێنەر پێویستە نەک بیر لە باروودۆخی فرمێسک لەگەڵ محەممەددا بکەینەوە، بەڵکوو پێویستە بیر لە باروودۆخی عایشەش لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلامدا بکەینەوە. کە محەممەدی برای فرمێسک لێرەدا، پیشانمان دەدات، کە لاسایی محەممەدی پێغەمبەری ئیسلام دەکاتەوە.

کاپیتڵ 48:

لەم کەپیتڵەدا گەوهەر دێتەوە ماڵەوە، فرمێسک ڕەنگی سپیی هەڵگەڕاوە. پاشان لە محەممەد دەپرسێت، کە ئاخۆ ئازاری هەبووە، ئەو کاتەی، کە ئەو ڕۆیشتووە؟ محەممەد دەڵێ، بەڵێ، چەند جارێکیش ڕشایەوە، ویستم بیبەم بۆ دکتۆر، لێ چاوەڕێمکرد هەتا تۆ دێیتەوە. گەوهەر دەڵێ، هەڵبستە با ئێستا بیبەین. محەممەد دەڵێ، تۆ ماندوویت و بەم گەشە ناخۆشە ئێستا هاتوویتەوە، من خۆم دەیبەم و ئەمەش ئەرکە لەسەرم، کە یارمەتییت بدەم دایە. تۆ دەرگای بەشتیت بۆ من. گەوهەر دڵخۆش دەبێت بەم قسانە و پەسەندی دەکات، کە محەممەد فرمێسک بەرێت بۆ دکتۆر.

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

محەممەد بە ئاوتۆمۆبیلەکەی فرمێسک دەبات، لە شوێنێکی چۆڵدا لە پشتیماڵێکی بەتاڵەوە ئاوتۆمۆبیلەکەی ڕادەگرێت، فرمێسک لە ترساندا خۆی گرمۆڵە دەکات و ئەژنۆکانی لە باوەش دەگرێت، محەممەد پێیدەڵێ، ها فرمێسک ئاخۆ من و تۆ ئێستا ڕێککەوتنێکی نهێنییمان هەیە، نهێنییەک لە ژێرزەمیندا، کە یاریی دەکەین؟

محەممەد توندوتیژییەکی بێ وێنە بەرانبەر بە فرمێسک بەکاردەهێنێت و هەڕەشەی سەربڕیینی لێدەکات، ئەگەر بێتو بۆ دایک و باوکی بگێڕێتەوە، کە محەممەد چی بەرانبەر کردووە. فرمێسک لە ترساندا میز بە خۆیدا دەکات و بەڵێن دەدات، کە لەلای هیچ کەس نەیگێڕێتەوە. پاشان دەڵێ، ئێستاش دەچینەوە ماڵەوە و دەڵێیت لەلای دکتۆر بووین، ئەوی تر خۆم قسەی لەسەر دەکەم. لێرەدا فرمێسک دیسان میز دەکات بە خۆیدا وەک نیشانەیەکی دەروونیی، وەک نیشاندانی ترس.

خەمباریی ئەم کاپیتڵە خەمبارە لەوەدایە، کە وەک ڕۆمانێکی بیۆگرافیی نووسەر نووسراوە. کە لە میدیای دانمارکییدا وەک ڕۆمانێکی بیۆگرافیی نووسەر قسەی لەسەر دەکرێت.

کاپیتڵ 49:

کۆتایی ئەم کاپیتڵە ڕۆمانە بیۆگرافییە، گومانێکی گەورە لەسەر کۆی ناوەڕۆکی ڕۆمانەکە دروستدەکات، لانی کەم لەلای من. کۆتایی ڕۆمانە لە دووی ئۆکتۆبەری ساڵی 1991دایە. لەم مێژووەدا کورد خاوەنی بەرەی کوردستانیی بوو، کە قۆناغی پێش یەکەمیین هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بوو. لەم مێژووەدا جاش بوونی نەبووە. لەم مێژووەدا هەرچی جاشی کوردستان هەبوو، هەموو لێبوردنی گشتییان بۆ دەرچوو و چوونە ڕیزەکانی پێشمەرگەوە.

گەش و هەوایەکی زۆر ئایینیی و پیاوسالارانە لە ماڵی گەوهەردایە، دەروێش بە تۆفیقی باوکی بەهرە دەڵێ، کە لەم ماڵەدا ژن و پیاو یەک مافیان هەیە پێکەوە. تۆفیق هەرچی ژنە لە هۆدەکە دەیکاتە دەرەوە، هەتا دەروێش گوڵلەکانی لەشی ئەنوەر دەربهێنێت. ئەنوەر لەبری ئەوەی بنێردرێت بۆ نەخۆشخانە لە ماڵەوە گوولله لە لەشی دەردێنن، ئینجا دەیبەن بۆ نەخۆشخانە.

لە کۆتایی ئەم ڕۆمانەدا ئەنوەری باوکی فرمێسک برینداره و بە برینداریی لەبەردەرگای ماڵی دەروێش و گەوهەر فڕێیدەدەن. لە هۆدەیەک دانراوە و ژنان دەوریان داوە و دەروێشیش خەریکی گولله دەرهێنانە لە لەشییدا. تۆفیقی باوکی بەهرە دەڵێ، بە دڵنیایی پێشمەرگە ئەم کارەیان کردووە. ئینجا ڕوودەکاتە ئەنوەر و دەڵێ، دیسان دەرمانت بۆ پێشمەرگە بردووە؟ ئەنوەر سەرێکی بە بەڵێ بۆ دەجوڵێنێت، ئینجا دەڵێ، ڕەشید گیرا. پاشان دەڵێ، بەدڵنیایی جاشەکان هەواڵیان گەیاندووە بە ڕژێم، ئەو ناپاکانە. دەبێت هەموویان بکووژم. لێرەدا نووسەر هەوڵی ناشیریینکردن و شکاندنی پێشمەرگە دەدات، بەتایبەت لەم مێژووەدا. کە داعشئاسایانە کەسێک برینداربکەن و لەبەر دەرگای ماڵیاندا فڕێبیدەن.

نووسەر بێئاگایە لە مێژووی ڕاپەڕیین و دوای ڕاپەڕیین. پێشمەرگە لە شاردا بووە نەک لە شاخ هەتا خەڵکیی بە دزییەوە مێدیسینیان بۆ بەرێت. دەستەڵات لە دەستی بەرەی کوردستانییدا بوو نەک لە دەستی ڕژێمی بەعسدا.

کۆتایی

18.02.2021

# مردوو شۆڕ، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

# "لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

## دوا وتە:

نووسەر لە زۆرینەی چاوپێکەوتنەکانیدا باس لەوە دەکات، کە چەندیینجار ویستوویەتی خۆی بکووژێت، لێ دواجار ئەم ڕۆمانە ژیانی ڕزگارکردووە. لە کانگای دڵەوە ناخۆشحاڵم، کە نووسەر خاوەنی ئەم بیرکردنەوەیە بووبێت. ناخۆشحاڵم بەوەی، کە ژیانی بەوشێوەیە بەڕێوە چووبێت. بە هیوای ئەوەشم، کە ئەم شیکارییەم نەبێتە هۆکاری بریندارکردنی ئەو. من تەنها بە ئەرکێکی خۆم هەڵستاوم، هەروەکوو چلۆن ئەویش ئەرکی خۆی بەجێگەیاندووە. دەبوایە من ئەم کارەم لەکاتی بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەدا بکردایە، لێ بەداخەوە، ئەو کات نە ئینتەرێسەم هەبوو، نە کاتیش بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانەکە. ئێستاش ئەم شیکارییە بەرهەمی ڕێککەوتێکە نەک پلانێک. دەشێت ئەم ڕۆمانە ئێکسیستێنسی ئەوی گۆڕی بێت و دووری خستبێتەوە لە بیرکردنەوە لە خۆکووشتن. لێ مرۆڤ دەبێت خاوەنی ئەو ویژدانە بێت، کە لەسەر نرخی خەڵکیی، باشەیەک بەرهەم نەهێنێت، کە تەنها لە خزمەتی خۆیدا بێت. چونکە دواجار تەنها باشەیەک باشە، کە لە خزمەتی کۆی گشتیی مرۆڤایەتییدا بێت. بابەت تەنها ئەوە نییە، کە مێژوو بەکاربهێنین، بەڵکوو تێگەیشتنە لە خودی مێژووش.

کردەکانی ناو مێژوویەک واتای مێژوو بۆ خۆیان دەبەنەوە، ئەم بردنەوەیەش پێ لەسەر نرخی کردەکان لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر دەگۆڕێت. لێرەدا بەکارهێنان و خراپەی مێژوو لە کولتوورێکەوە بۆ کولتوورێکی تر چ دەبێتە مایەی نانەوەی کێشە و چ دەبێتە هۆی لێکەوتنەوەی باشەی بەردەوام.
ژیان لەلای نیچە خاوەنی مێژوو نییە، بەمشێوەیە چ ئاژەڵ و چ منداڵێک وەک یەک بەبێ مێژوو دەژیین. بیرەوەریی بۆ نیچە بریتییە لە هەنگاوی بە مێژووکردن لە ژیانی ئیندیڤیدوویڵدا. لێ ئاژەڵ بەپێچەوانەوە، ئاژەڵ لە ئێستادا دەژیی، ئاژەڵ چ بەختەوەرتر و چ بەبێ مێژووش دەژیی، لەمڕووەوە نیچە دەڵێ: " جارێکیان مرۆڤ پرسیاری لە ئاژەڵ کرد: بۆچیی قسەم لەسەر بەختی خۆت بۆناکەیت و تەنها تەماشام دەکەیت؟ ئاژەڵەکە دەیەوێت وەڵامبداتەوە و بڵێ: ئەمە لەوەوە دێت، کە من هەمیشە یەکسەر بیرمدەچێتەوە، کە دەمویست چیی بڵێم، لێ من ئەو وەڵامەشم بیرچۆوە و بێدەنگ بووم." لەم ڕووەوە تەماشای کتێبی "بەکارهێنان و خراپەی مێژوو بۆ ژیان"ی نیچە بکە.
Nietzsche, Vom Nutzen und Nachteile der Historie für das Leben

مێژوو نابێت ببێتە ئامانجی خود، بەڵکوو دەبێت لە خزمەتی ژیاندا بێت. مێژوو ناکرێت بکرێتە چەق، بەڵکوو پێویستە گەنجان خودی خۆیان ئەزموونی ژیان کۆبکەنەوە، لە ژیانێکی هاوچەرخدا فێربوونیان دەستپێبکەن. لە چاوی نیچەوە، مێژوو چ پێویستییەکە بۆ مرۆڤ چ مەترسییەکیشە بۆ مرۆڤ. هەموو مامەڵەیەک کاتێک مامەڵەیەکی باشە، ئەگەر بێتو لە خزمەتی کۆی مرۆڤایەتییدا بێت. لەمڕووەوە کانت دەڵێ: بەوشێوەیە مامەڵە بکە، کە تۆ مرۆڤایەتیی هەروەک لە خۆتدا، وەک لە کەسێکی ناو کەسانی تردا، هەموو کاتێک بەیەکەوە وەک ئامانج، هەرگیز تەنها وەک هۆکار پێویستت نەبێت. Kant Werke: Grundlegung zur Metaphysik der Sitten, Werke 6, S. 60.f

*"Handle so, dass du die Menschheit, sowohl in deiner Person, als in der Person eines jeden anderen, jederzeit zugleich als Zweck, niemals bloß als Mittel brauchst."*. Kant Werke: Grundlegung zur Metaphysik der Sitten, Werke 6, S. 60.f.

ئامانجی سەرەکیی من ناساندنی ئەم ڕۆمانە بووە بە خوێنەری کورد، بە میدیای کوردیی، چونکە بەداخەوە، ناپرۆفیشیۆناڵانە، بەبێئەوەی ڕۆمانەکەیان خوێندبێتەوە قسەیان لەسەر کرد. خاوەنی خوێندنەوەی خۆیان نەبوون لەسەری، بەڵکوو ئەوان تەنها بەڵێ گۆیەک بوون لەگەڵ بۆچوونەکانی نووسەردا. بەشێک لە هاووڵاتییانی کورد، کە ڕۆمانەکەیان نەخوێندۆتەوە بەڵێ گۆن لەگەڵ بۆچوونەکانی نووسەردا.

پێویستە لێبوردە بین بەرانبەر بە خودی خۆمان، چونکە هەڵەکانی ڕابردوومان، فێرمان دەکات، کە لە ئایندەدا دووبارەی نەکەینەوە. مرۆڤی سەرکەوتوو، ئەو کەسە نییە، کە بە شتێک گەیشتووە، بەڵکوو سەرکەوتوو ئەو کەسەیە، کە تێدەگات، کە لە ژیاندا هیچ شتێک نییە، کە پێیبگەیت. مرۆڤی زانا ئەو کەسەیە، کە هەرگیز وەک دوێنێ ناژیی، هەربۆیە ئومێد ناخوازێت، کە شتێکی نوێ لە ژیانیدا ڕوودات.

مردوو شۆر، شێواندنی ڕاستیی و دزێوکردنی مرۆڤی کورد

"لەنێوانی ڕاستیی و ڕقدا"

18.02.2021